# ئاشنابوون بە لینین

سەرپەرشتیاری پرۆژە:

ئەنوەر حسێن «بازگر» - لوقمان ڕەئوف

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

# ئایدیا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە، گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات


خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن

a.bazgr@gmail.com

07701535029

جێگری سەرنوسەر: لوقمان رەئوف

lukmanraoof@yahoo.com

07701369792

تایپ و هەڵەچن:

باوان عومەر، دیلان دڵشاد

چاپ: چاپخانەی کارۆ

بەڕێوەبەری هونەری:

هەرێم عوسمان

## بیبلۆگرافیای ژیانی ڤلادیمێر لینین

ئا/لوقمان ڕەئوف

1870/4/22 لە شاری (سیمبرسک–ئۆلیانۆفسک) روسیا لەدایکبووە، پاش تەواوکردنی ئامادەیی چووە کۆلێژی ماف لە زانکۆی ڤازان، بەڵام بەهۆی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانی خوێندکاران فەسڵکرا.

1892 پاش لە سێدارەدانی براکەی بەهۆی هەوڵی تیرۆرکردنی قەیسەری سێیەمەوە، لینین گەڕایەوە بۆ شاری ڤازان و چووە ریزی کۆمەڵێکی مارکسیەوە

1893 چووە بۆ پایتەختی سانت بەترسبۆرگ و دەستی بە نووسینی کتێب کرد لەبارەی مارکسیی و مێژووی بزوتنەوەی جوتیاران و کرێکاران لە روسیا

1895 چەند جارێک گیراوە بەهۆی چالاکی سیاسیەوەو دوورخراوەتەوە بۆ سیبریا بۆ ماوەی ساڵێک.

1898 کرایە سەرۆکی حزبی کرێکاری سۆسیالیستی دیموکراسی روسی

1898 نادیجدا کروبسکایای سۆسیالیستی هێنا؟

1899 کتێبی گەشەی سەرمایەداری لە روسیا بڵاوکردەوە

1900 چووە ئەوروپاو هەوڵی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی سۆسیالیستی (ئسکرا)ی داو لەگەڵ کتێبی باری کاری شۆڕشگێڕی بڵاوکردەوە

1900 چوو بۆ سویسرا تاوەکو ساڵی 1905

1903 سەرۆکایەتی حزبی بەلشەفیکی گرتەدەست

1905 لە سویسراوە گەڕایەوە روسیاو بەشداریکرد لە یاخیبوون دژی حکومەت

1906 دیاریکرا بۆ سەرکردایەتی حزبی کرێکاری سۆسیالیستی

کۆمەڵایەتی

1907 چووە فینلەندا بەهۆی نائارامی بارودۆخەکەوە

1908 چووەوە بۆ سویسراو پاشان بۆ پاریس

1908 چوەوە بۆ سویسرا و پاشان بۆ پاریس

1916 پاش دووکەرتبوونی حزبی کرێکاری سۆسیالیستی دیموکراسی روسی، لینین سەرۆکایەتی حزبی بەلشەفیکی گرتە ئەستۆ.

1917 دوای شکستی حوکمی قەیسەری روسی و سەرکەوتنی شۆڕش، حکومەتی کاتی پێکهێنراو رێگە بە لینین و چەند هاوەڵێکی درا بگەڕێنەوە روسیا

ئۆکتۆبەری 1917 سەرۆکایەتی شۆڕشی حزبی بەلشەفیکی کردو دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت و شەڕی ئەهلی دەستپێکرد

یۆلیۆی 1917 بەهۆی شکستی شۆڕشەوە ناچار بوو گەڕایەوە فینلەندا

1914–1918 لەگەڵ جەنگی جیهانیدا لینین هاتەوە بۆ گۆڕینی شەڕی جیهانی بۆ شەڕی هەلی دژی حکومەتی سەرمایەدار لە وڵاتە ئەوروپییەکان

1918/8/30 هەوڵی تیرۆرکردنی درا لەلایەن (فانیا کابلان)ەوە کە سەر بە حزبێکی نەیاری لینین بوو، سێ گولەی لێدرا بەر شانی و سیەکانی کەوت، بەڵام نەمرد

1920 بەردراوە بەهۆی خەمی بەڕێوەبردنەوە، هەندێک جار جەڵتەی دڵ لێیداو توانای قسەکردنی نەما، بۆیە لە سیاسەت دوورکەوتەوە

1921 هەوڵی هەندێک چاکسازی ناوخۆیی داو هانی کرێکارەکانی دا لە کشتوکاڵ و پیشەسازیدا

1922 نیوەی جەستەی لە کار کەوت

1923 جەڵتەی سێیەم لێیدەداتەوە

21/ کانونی دووەم/1924 گیانی لە دەستدا

## لایەنە شاراوەکانی ژیانی لینین

پرۆفیسۆر: قسطنطین متفیف

لە عەرەبییەوە: هێمن خورشید

هەر لە منالیمانەوە، ئێمەی هاووڵاتیانی یەکێتی سۆڤیتی (جاران) راهێنرابووین لەسەر لێکۆڵینەوە و خوێندنی ژیانی لینین و مێژوویی خێزان و هاورێی و ناسیاوەکانی، چۆن ئەم کابرایە چاوی لەسەر یەک نەناوە و شەوانە تا بەیانی بەبێداری ماوەتەوە و هەربیری لە چۆنیتی رزگارکردنی رووس و هەموو مرۆڤایەتی کردووەتەوە لەدەست زەبرو زەنگی رژێمی قەیسەری و نەفرەتی سەرمایەداری! قۆناغی دووەم لە دیراسەکردنی ژیانی لینین و بایۆگرافیای ئەو لەدوای چوونە زانکۆی دەستپێدەکات، لە وێدا لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی قووڵتر و فراوانتر ئەنجامدەدرێت، ئەم قۆناغە چوار ساڵ دەخایەنێت . بابەتی لینین لە هەموو زانکۆکاندا بەشێوەیەکی نەویستەکی (اجباری) دەخوێنرێت، ئەویش لەرێگای بابەتەکانی وەک : مێژوویی حیزبی شیوعی رووسی، ئابووری سیاسی، شیوعیەتی زانستی و مێژوویی فەلسەفە پسپۆری خوێندکارلەهەر بوارێکدا بێت، دەبێت تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوو ئەنجامبدات لەو بابەتانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا . دوای بەدەستهێنانی بەکالۆریۆس (بڕوانامەی تەواوکردنی زانکۆ)، قۆناغی سێیەم دەست پێدەکات کە ئەویش سێ ساڵ دەخایەنێت، لەم قۆناغەدا خوێندکار دەبێت لێکۆڵینەوە لەم بوارانەدا بەئەنجام بگەیەنێت : مێژووی حیزبی شیوعی رووسی، مێژووی فەلسەفە، هەروەها کارەکانی لینین کەئەویش سێ ساڵا دەخایەنێت، دوای تەوابوونی ئەم قۆناغەش خوێندکار دیسانەوە دەبێت تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوو ئەنجام بـدات. دوای ئەمانە قۆناغی کۆتایی دەستپێدەکات، لێرەدا لەسەر مرۆڤی سۆڤیاتی پێویستە بەردەوام بێت لەسەر لێکۆڵینەوەی بایۆگۆافیای لینین و کارەکانی: لەناو کێڵگەکاندا، لەکارەگەکاندا، لەنەخۆشخانەکاندا، لەدەزگا زانستییەکاندا، هەروەها لەیەکە عەسکەرییەکاندا، ئەمەش دەبێت بەدرێژی و بەوردەکارییەوە ئەنجام بدرێت ! ئەمە قەدەری مرۆڤی سوڤێتی بوو کە دەربازبوونی لە دەستی مەحاڵبوو. لێکۆڵینەوەیەکی لەم شێوە دەبێت بە جۆرێک بێت کە بچوکترین و ووردترین شت لەژیانی لینین

بەرنەشنەر بداث و شنێکی شاراوە نەهێڵێنەوە، بەڵام لەراستیدا وانییە ؛ چونکە مرۆڤی سوڤێتی تەنها لەیەک رێگەوە دەیتوانی لەژیانی لینین ئاگادار بێت، ئەویش ئەو رێگەیە بوو کە مەکتەبی سیاسی لیژنەی ناوەندی حیزبی شیوعی رێگەی پێدەدا، دیراسەکردن لەو بارەیەوە لە چوار چێوەیەکی تەسکدا رێگەپێدارو بوو، کەسی سوڤێتی تەنها دەیتوانی لایەنە باشەکان و رووە گەشەکانی ژیانی لینین دیراسە بکات، وەک دامەزرێنەرێکی گەورەی حیزبی شیوعی و یەکێتی شورەوەی، لە جوغزێکی تەسکی رێگە پێدراودا، باسەرەتا لە نووسینەکانی (لینین)ەوە دەستپێبکەین کە ژمارەیان دەگاتە پەنجاو پێنج (55) بەرگ، پێنج (5) جار بە زمانی رووسی بەچاپ گەیەنراون،پلانێکیش هەبوو بۆ ئەوەی چاپی شەشەم لە حەفتا (70) بەرگدا بەئەنجام بگەیەنرێت. لەپاڵ ئەو نووسینانەی (لینین)دا نزیکەی چوار هەزار بەڵگەنامە هەیە کە بەدەستی لینین نوسراون، بەڵام لەژێرچاودێرییەکی ورد دا شاراونەتەوە، هەروەها سێ(3) هەزار بەڵگەنامەی تریش هەیە، کە ئیمزای (لینین)ی پێوەیە! ئەوانەش هەر شاردراونەتەوە، سەرەڕای ئەو نووسینە زۆرانەی لینین، هێشتا ئێمە بەتەواوی ئەو پیاوەمان نەناسیوە، بەڵکو لەراستی ئەو تێنەگەیشتوین، لینین لە (1870/4/22) لەشاری سمبرک Simbir (کەدەکەوێتە سەر رووباری فوڵگا ) لەدایکبووە، ناوی تەواوی ئەو (ڤلادیمیر ئیلیچ ئیلیانۆف)ە، ناوی سێیەمی واتە (ئیلیانۆف) لەرەگی ووشەی « تورکالیمک Turkickalmyk»ەوە وەرگیراوە کە لەزمانی رووسیدا بەمانای « گیانی مردوو « دێت، هەندێ لە پسپۆرە ئەکادیمییەکان وای بۆ دەچن کە پاشەڕۆژی کابرا و چارەنووسی ئەو جەخت لەسەر ناوەکەی دەکەنەوە دەکرێت بڵێین ناوەکەی رەنگدانەوەی ئاکارە رۆحی و جەستەییەکانی ئەون، ئەگەر بێینە سەرباسی دڵسۆزی و وەفا، ئەوا هیچ کام لەم دوو سیفەتە لەو پیاوەدا بەدی ناکرێت لەراستیدا ئەو زۆر دڵڕەق بووە، زۆر توندو وشکە تەبیعەت بووە، زۆر گوێی بەچارەنووسی خەڵکی نەداوە، هەربۆیە بەراستی گیانێکی مردوو بووە، خاڵی لەهەر هەستێکی مرۆڤانە. لەرووی بونیادی جەستەیی و نەخشەی دەم و چاوەوە ئەو دەچێتەوە سەر شێوەی تەتار یان کالمیک لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسکی لاگوناکانیدا .چاوەکانی لەشێوەی دوودرزی باریکدا دەرکەوتن، بەم جۆرە دەردەکەوێت کە ئەو هیچ ئاکارێکی هاوبەشی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

لەگەڵا رەچەڵەکی (رووسی – سلافی ) دا نییە، زۆرێک لەم خەڵکانە لەرەچەڵەکی (کالمیک جافاس) لەکەناری رووباری (فوڵگا) دەبینرێن، لێرەوە دەکرێت ئەو راستییە ئاشکرا بکەین کە لینین لەرووی خوێنەوە (یەک رەگ ) نەبووە (واتە: رەچەڵەکی ئەو تەنها رووســی نییە ) . ئەو لێکۆڵەرەوانەی کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی ژیانی لینین دەدەن، زۆر گرنگییان داوە بەناوە خوازراوەکەی، واتە (لینین) لەو کەسانەی کە محازەرەیان لەبارەی لینینەوە پێشکەشکردووە زانراوە کە ئەوانیش نەیانزانیوە ناوی لینین لەلایەن خۆیەوە دانراوە وەکو خۆشەویستیەک بۆ رووباری (لینا)ی رووسی کە رووبارێکی ئێجگار گەورەیە و هاوجووتی رووبارێکی سیبیری ترە بەناوی (ینیسی) ؛ چونکە لینین بەشێکی زۆری ژیانی لەسیبریا و بەنەفی کراوە بەسەربردووە، ئەمەش لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەداو بەتازەیی روویداوە . لەبارەی (لینین)ەوە وا زانراوە کە لە منداڵیدا تەمبەڵ بووە، بۆیە خێزانەکەی ناویان لێنابوو (LEN) واتە : تەمبەڵ . دوای ئەوەی (ڤلادیمیر ئیلیانوف) گەورەبوو وچووە ریزی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی رووسییەوە، ناوێکی حەرەکی بۆ خۆی هەڵبژارد، ئەویش (لینین) بوو کە بەمانای (تەمبەڵی کردنی) یان (تەمبەڵی) دێـت، ئەم ناوە رەنگدانەوەی سروشتی ئەو بوو لەبەرامبەر کاردا، ئەو دوای دەرچوونی لە زانکۆ (واتە: دوای تەواوکردنی زانکۆ) هیچ کارێکی نەکردووە، جگە لەدوو ساڵ نەبێـت کە وەک پارێزەرێک بەرامبەر بە مووچەیەکی کەم کاریی کردووە، گرفتێکی تر رەچەڵەکی راستەقینەی ( لینین ) ە، گەڕانەوەی لینین بۆ سویسرا لەرێگای ئەڵمانیاوە لەساڵی (1917) بیروهۆشی لێکۆڵەرەوان و گرنگی پێدەرانی ئەو بووارەی بە خۆیوە خەریککرد، چونکە ئەوکاتە ئەڵمانیا لەگەڵ رووسیادا کە جەنگدا بوو . لەو سەروبەندەدا جگە لە رۆژنامەکانی سەر بەبەرەی بەلشەفی، هەموو رۆژنامە رووسیەکانی تر رەخنەیان لە لینین گرت و بەسیخوڕی ئەڵمانی و خیانەتکاری راستەقینە ناویان برد، بەرەی بەلشفیک، لینیین – یان زۆر بە گەورەپیشان دەداو بە رووسی راستەقینەو خاوەن رەچەڵەکی پاک و نەوەی بنەماڵەیەکی بێگەرد ناویان دەبرد، ئەمە لەبارەی باوکی لینین، واتە(ئیلیا) ەوە، بەڵام بەلشەفێکان زۆر بەوردی و بەشێوەیەکی سەیر رەچەڵەکی راستەقینەی دایکی لینین __ یان شاردووتەوە، بەلشەفێکان ئەم بە رووسی کردنەوەی (لینین)

یان بۆیە ئەنجامداوە تاوا لە خەڵکی رووسیا تێبگەیەنن کە شۆڕشی رووسی تەنها مێشکێکی رووسی دەتوانێن هەڵیگیرسێنێت، هەر بۆیە دەبوو چەند شتێک بشاردنەوە و چەند شتێکیش بەدەربخەن، پێویست بوو لەبیرو هۆشی جەماوەردا، (لینین)وەک کەسێکی رووسی وێنا بکەن.

## لینین و خوێنی تێکەڵ !

من لە پڕ پێچو پەناترین شتەوە دەستپێدەکەم، دایکی لینین، ناوی ئەو « ماریا ئەلیکساندروفنا بلانک» ە، ئەو کچی چوارەمە لە خێزانی « ئەلیکساندەر دیمتریفیج بلانک «باوکی جوولەکە و دایکیشی سویدییە. «ئەلیکساندەر بلانک « لە منداڵیدا ئایینی ئەرسەدۆکسی رووسی هەڵبژاردووە، لەمەشەوە ناوێکی تازەی بەسەردا بڕاوە ئەویش ناوی (دیمتری)یە کە لە بنەمادا ناوێکی رووسییە. ناوی ئەو پێش ئەوەی بچێتە ناو ئایینی ئەرسەدۆکسییەوە « ئیسرل (ئیسرائیل ) موشیفچ « بووە،بەڵام ناوی سێیەمی ئەو واتە (بلانک) دوای هەڵبژاردنی ئایینی تازەش هەروەکوخۆی ماوەتەوە . بلانک « باپیری لینین لەڕووی دایکەوە - واتە باوکی دایکی - لەشاری (زیتومەر) ی سەر بە وڵاتی ئوکرانیا لە دایکبووە، باوکی بلانک کە ناوی (موشیە ئیتزکوفیتج بلانک ) بووە، ئافرەتێکی سویدی مارەکردووە بەناوی (ئانا کارلوفنا ئوستند) ئەم پیاوە - واتە: باوکی بلانک - بازرگانێکی جولەکە بووەو لەشاری (ستاروکونستینینو )ی سەر بە هەرێمی (فولین)ی ئوکرانیا نیشتەجێ بووە، لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئەوەیە، ئایا بۆ جوولەکەیەک دەلوێت لەیەک کاتدا هەم پزیشکی پۆلیسی بێت و هەم خاوەنداری کێڵگەش بێت لە کۆکۆشینکۆ ؟ لێکۆڵەرەوان بەپشتبەستن بەهەندێ لێکۆڵینەوەی پڕ لە گومان کەلە ئەرشیفی (ئەنجومەنی پیرۆز -المجلس القدس ) لە (پترۆگارد) پارێزراوە لەو باوەڕەدان کە چوونە ناو ئایینی ئەرسەدۆکسی رووسییەوە بۆ کەسێکی جوولەکەلەو کاتەدا گرتنی لاچوونی زۆر لەمپەری دەدا لەبەردەم پاشەرۆژی کار کردنی ئەو کەسەدا (بلانک) کاتێک خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات دەچێتە (سانت پترسبۆرگ ) پایتەختی دەوڵەتی رووسیای قەیسەری، لەوێدا خۆی و ( بیل) ی براشی کە ئەویش ئایینی ئەرسەدۆکسی رووسی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو پەیوەندی دەکەن بە ئەکادیمیای

پزیشکییەوە لەساڵی(1820)وە لەساڵی (1824) خوێندنی زانکۆ تەواو دەکەن . (ئەلیکساندەر بلانک ) کچێکی بەناوی (ئانا گریگوریفسنا گروسکویف) لەشاری (پترسبۆرگ) مارە کردووە، (ئانا) کچێکی ئەڵمانیو لەخێزانێکی دەوڵەمەند بووە و لەهەمان شاردا نیشتەجێبوون، دوای تەواوکردنی زانکۆ « 0ا بلانک» نێردراوە بۆ هەرێمی (سمۆلنسک) کە دەکەوێتە رۆژئاوای رووسیاوە، دوای ئەوە گوێزراوەتەوە بۆ شاری(بیرم) و دوای ئەوەش بۆ شاری (ئەزلاتاوست ) کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی رووسیاوە، لەوێدا ئەو وەک لێکۆڵەرەوەی پزیشکی لە نەخۆشخانەیەکی سەر بەکۆمەڵگەی (ویبورنی) دامەزراوە لەساڵی (1847) « ا . بلانک « لە کارەکەی دەستی کێشاوەتەوە و لەهەرێمی «کازان» نیشتەجیبووە، نازناوی (خاوەن شەرەفی رووسی – البناله الروسیه ) ی پێبەخشراوە،پاشان بلانک کرا بەراوێژکاری دەوڵەت و کێڵگەیەکی لە دێی (کۆکۆشینکۆ) کڕی و تێیدا نیشتەجیبوون لەگەڵ هەموو ئەندامانی خێزانەکەیاندا کە بریتی بوون لە ژنەکەی و پێنج کچەکەی ( ئانا، لویف، سوفیا، کاترینا لەگەڵ ماریا «دایکی لینین» ) « ابلانک» زەوی جوتیارانی ناوچەکەی قوستبووەوەو هەموویانی بە مۆڵکی تایبەتی خۆی دەزانی، باوکی لینین (ئیلیا نیکولافیچ ئیلیانوف) لە خێزانێکی بچوکی بۆرژوازی هاتبووە دونیاوە، باوکی (ئیلیا)ناوی (فاسیلی ئیلیانوف) بوو، کاری بەرگدرووی دەکرد و لەشاری (ئیستراخان ) کە دەکەوێتە نزیک سەرچاوەی «فوڵگا» ەوە دادەنیشت، دوای تەمەنی پەنجا (50) ساڵی ئەم بەرگدوورە کچێکی گاوری (مەسیحی) کالمیکی خواست بەناوی (ئەلیکسیفنا سمیرنوفا) کە بەتەمەن بیست (20) ساڵ لەو منالتربوو، لینین دەرکەوتنی ئێسکی گۆناکانی لەوەو بۆماوەتەوە، ئەم ژنە سێ کوڕو دوو کچی بۆ پیاوەکەی خستووەتەوە کە یەکێکیان (ئیلیا)ی باوکی لینین–ە، ئیلیا دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی پەیوەندی دەکات بە زانکۆی (کازان) ەوە، لەوێ بە خوێندنی بیرکاری و فیزیاوە خەریک دەبێت .دوای تەواوکردنی خوێندن لەشاری (بینزا) دەست بە وانە ووتنەوە دەکات، هەر لەو شارە (ماریا ) دەناسێت و پاشانیش دەیخوازێت، لەم ژن و مێردە (لینین) دەکەوێـتەوە، لەساڵی (1869) باوک و دایکی لینین ماڵیان دەگوازنەوە بۆ شاری (سمبرسک ) کە دەکەوێتە سەر رووباری فوڵگا هەر لەم شارەداو لە (1870/4/22) لینین دێـتە

دونیاوە . لینین دوو براو چوار خوشکی دەبێت، براکانی (ئەلیکسەندە رودیمێری) و خوشکەکانی (ئانا، ماریا، ئەلگا ) ئەمەی دوایی لەساڵی (1868 ) دەمرێت، پاشان یەکێکی تر بەهەمان ناو (واتە : ئەلگا) کەلەساڵی (1871) لەدایک دەبێت . لەشاری سمبرسک ماڵی لینین خانوویەکی تازە دەکڕن، «لینین» یش پەیوەندی دەکات بە قوتابخانەیەکی ئامادەییەوە کە بەڕێوەبەرەکەی ناوی (فیودۆر کیرنسکی) دەبێت، ئەم (فیودۆرە) باوکی (ئەلیکسەندەر کیرنسکی) بوو کە پاشان بوو بە سەرۆک وەزیران لە حکومەتە کاتییەکەی رووسیا کە بەسەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتوبەری ساڵی (1917) هەرەسی هێنا، لەساڵی (1887) «ئەلیکسەندەر»ی برا گەورەی لینین بەهۆی تێوەگلانی لە هەوڵی تیرۆرکردنی قەیسەر ئەلیکسەندەری سێیەم بڕیاری ئیعدام کردنی بەسەرا درا، دایکی لینین کە بەم هەواڵەی زانی، یەکسەر بەرەو «سانت - پترسبۆرگ» ی پایتەخت کەوتەڕێ، لەوێ یاداشتێکی پڕ لە داخوازی و داوای لێبوردنی بۆ قەیسەر بەرز کردەوە بەو ئومێدەی لە کوڕەکەی خۆش بێت، لەبەشێک لەو یادداشتەدا هاتووە :» گەورەم ! جەنابی قەیسەر، لێت دەپاڕێمەوە کە ژیانی کوڕەکەم پێ بدەیتەوە، تەنها ئەمجارە کوڕەکەم بۆ بگێڕەوە، پەیمانت پێدەدەم کە ئیتر کاری وانەکات، هەموو هەوڵێکی لەگەڵدا دەدەم تا بیهێنمەوە هۆشی خۆی، هەرکات بیری هەڵەی بەسەردا هات یان شێتی گرتی بەئاگای بێنمەوەو هەستی مرۆڤدۆستی تێدا زیندوو بکەمەوە، لێت دەپاڕێمەوە ئەی قەیسەری گەورە، تکایە بەزەییەک !»

بەڵام براکەی لینین لەگەڵ چوار لە هاوڕێکانیدا ئەوەیان رەتکردەوە داوای لێبووردن بکەن، هەربۆیە لە (1887/5/8) لەسێدارەدران ) لینین بە هەواڵی لە سێدارەدانی براکەی کە زۆری خۆشدەویست بەتەواوی راچڵەکا، ئەم رووداوە لینینی گەیاند بەودەرەنجامەی گرتنەبەری توندڕەوی لەکاری شۆڕشدا وەک ئەوەی براکەی کردی رێگە چارەی راستەقینە نییە، پێویست ناکات کادری سیاسی بەردەوام مەترسی لەناوچوونی لەسەر بێت هەر لەبەر ئەوەی بەردەوام لەگەڵ قەیسەردا رکابەری چەکدارانە دەکات، بەڵکو دەکرێت کادیری سیاسی هەر لە دوورەو بەشاراوەیی سەرکردایەتی شەڕەکە بکات، ئەم دەرەنجامە لەدواییدا بوو بە بنەمایەکی پاراکتیکی لای لینین، بەوردی کاری لەسەردەکرد. لەساڵی 1887دا

لینین لە زانکۆی « کازان» وەرگیرا، بەڵام بەهۆی جموجوڵی شۆڕشگێڕانەیەوە دەرکراو بەدوور خراوەیی ڕەوانەی کێڵگەکەی کرا لە «کۆکۆشینکۆ»، هەرلەدوای ماوەیەکی کەم توانی پەیوەندی بکات بە زانکۆ (سانت -پترسبورگ)ەوەو بڕوانامەی پارێزەری بە دەست هێنا .

### خوێنی ئەڵمانی-سویدی

باپیری یەکەمی لینین لە دایکەوە (باوکی باپیری) کەناوی (موشیە ئیسکوفیچ بلانک) بوو. کچێکی سویدی خواستووە، ڕەچەڵەکی خێزانی ئەم کچە دەگەڕێنەوە بۆ شارێکی سویدی سەر بە (ئەپسالا Upsala)، ناوی ئەم کچەش «ئانا کارلوفنا ئوستند» ە، باوکی « ئانا» کەناوی « کارل ئوستند» بوو گەوهەر فرۆشێکی ناسراوبوو لە ئەوروپادا، بەتایبەت لای خێزانە دەوەڵەمەندەکان، لەسەرووی هەموویانەوە گۆستافی چوارەم ئەدۆڵف . کەس وکارە سویدییەکانی لینن بەکاری دەلاکی ودروومانو چەندەها کاری ئازادی ترەوە خەریکبوون . باپیری لینین»لەدایکەوە» کەناوی « ئەلیکسەندەر بلانک» بوو، کچێکی ئەڵمانی بەناوی « گرسکویف «ی مارەکرد کە خەڵکی باکوری ئەڵمانیا بوو . لەم بنەماڵەیە چەندەها کەسایەتی گرنگ هەڵکەوتوون لەوانە: چەندین فەرمانبەر لە کۆمپانیای (Shade) ی ئەڵمانی، هەروەها کەسایەتی لاهوتی بەناوبانگ (هفرHefer)، مامۆستای خێزانی (فریدرکی سێیەمی ) پاشای ئەڵمانیا (1770–1840)، هەروەها کۆرسیۆس E. Kurcius و مۆدێل V. Model، ئەم دووانەی دوایی دوو ژەنەراڵی سوپای نازی ئەڵمانی بوون کە هێرشی کردە یەکێتی سوڤیات لەساڵی(1941)، ئەوەی جێگەی تێڕامان بێت ئەوەیە لینین لە خزمە نزیکەکانی (مۆدێل ) ە، ئاشکراشە کە لینین لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتوبەری (1917) هەستا بە قەتڵ وعام کردنی ملیۆنەها کەس لە گەلی رووسی، لە کاتێکدا (مۆدێل) ی خزمەتی بەشدار بوو لە خاپورکردنی یەکێی سۆڤێت و لەناوبردنی ملیۆنەها کەسی ئەو وڵاتە، ئەویش لە جەنگی جیهانی دووەمدا .دوو کەسی پیاوکوژ،لەیەک خوێن و یەک ڕەچەڵەک، لەوەدا بەتەواوی یەکدەگرنەوە، کە هەردووکیان رقی گەلی رووسی دڵیانی پڕکردبوو .



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

### هەڵوێستی لینین لە رووسیا و میللەتی رووس

دوای لە سێدارەدانی برا گەورەکەی لینین، هەموو خزم و کەس و کارەکانی لێی تەکینەوەو بەکەمترین شت ئامادەنەبوون دەستی یارمەتی بۆ خێزانەکەی درێژ بکەن لەو گرفتەی کەتێیکەوتبوون، بەتایبەتی خزمە رووسیەکانی، ئەمە گرفتێکی ئێنجگار قورس و چاوەڕوان نەکرابوو بۆ لینین و خێزانەکەی، هەر ئەم هەڵوێستەی خزمە رووسیەکانیشی بوو بە بۆچوونی من کە لەدەروونی لینیندا هەستێکی دوژمنکارانەی بەرامبەر هەموو گەلی رووس دروستکرد، لینین لە هیچ یەک لە کارەکانیدا دوور تا نزیک باسی لەو خزمانەی نەکردووە، بەهیچ شێوەیەکیش حەزی بەناسینیان نەکردووە تێکەڵیان نەبووە، لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتوبەری (1917) و گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن لینینەوە، وەکو زانراوە کەسو کارەکانی چەند جارێک هەوڵی ئەوەیانداوە پەیوەندی پێوەبکەن و لێی نزیک بکەونەوە،بەڵام بێسوود و هیچ وەڵامێکیان لەلایەن (لینین)ەوە نەدراوەتەوە . وا دەردەکەوێت لینین زۆری رق لە رووسیەکان بوو بێت، ڕەنگە تووڕەییەکی بەرامبەر بەرووسیاش لە دڵدا دروست بووبێت ؛ چونکە رووسیا براکەی لێسەندوە، رووسیاش جێگەی رووسە، بۆیە سەیر نییە خەش و قینیان لێهەڵبگرێت، رەنگە ئەو هەمو کوشت و بڕینەی لینین کردی دەربڕی ئەو دووژمنایەتییە شاراوی ئەو بێت، ئەم هەڵوێستەی لینین لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتوبەری (1917) ش هەر بە گۆڕی مایەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە هەڵوێستی ئەوە بەرامبەر بە رووسیەکان کە بەردەوام بە گێل و دەبەنگ وەسفی دەکردن و دەیگوت ناتوانن هیچ کارێکی زیرەکانە ئەنجام بدەن . لەلایەکی ترەوە لینین زۆر سەرسام بوو بە جولەکە ئەمەش بە ئاشکرا دیاربوو ئەو هەموو دەوربەری خۆی بە وان تەنیبوو، هەموو کات کارەکانی ئەوانی بەرز دەنرخاند و پلەو پایەی حیزبی زۆر هەستیاری پێدەبەخشین، ئەمەش لە نامەکانی هەردوو خوشکەکەی لینینەوە بە دەرکەون لە دوای مردنی لینین لەساڵی (1924)دا لیژنەی ناوەندی داوای لە (ئانا) ی خوشکی کرد تا بایۆگرافیای لینین بنووسێتەوە، ئەویش بەم کارە هەستاو لە ئەنجامدا لەساڵی (1933) بوو بە کتێبێک هەر لە هەمان ساڵدا (ئانا) نامەیەکی بۆ (جۆزێف ستالین) نارد، کە و ئەو کات سکرتێری گشتی لیژنەی ناوەندی حیزبی شیوعی

بوو، لەنامەکەدا هاتووە ؛ « رەنگە لای جەنابت روون بێت، لەو لێکۆلینەوانەی کەلەسەر رەچەڵەکی باپیری لینین ئەنجامدراون دەردەکەویت، کە ئەو لە خێزانیکی هەژاری جوولەکە بووە، هەروەک لە بەڵگەنامەکانەوە دە ردەکەوێت ئەو کوڕی چینی وردە بۆرزواژ بووە لە شاری (زیتومر موشیکا بلانک) ئە راستییە دەتوانیت خزمەتێکی زۆر بکات بە کێشەی رکابەریکردن یان دژایەتیکردنی (سامییەت)دا، راستی گەڕانەوەی رەچەڵەکی لینین بۆ سەر جوولەکە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەسەر توانای لەبن نەهاتووی رەچەڵەکی سامی، بەڕاستی لینین زۆر رێزی لە جولەکە دەگرت و کارەکانیانی بەرزە نرخاند « نووسەری رووسی (د.فولکونوف) لەم بارەیەوە تێبینی کردووە کە ئەوەی خوشکەکەی لینین سەلماندوویەتی، دەتوانێت ئەو کارانەی لینین پێی هەڵساون لێکبداتەوە، ئەو هەمیشە ئەوەی بیری داروەدەسنەکەی دەخستەوە، کە خەڵکانی غەیری رووس لە شوێنە گرنگەکاندا دابمەزرێنن بە تایبەت جولەکە شوێنە سادەکان بدەنە دەستی رووسە گێلەکانەوە. ستالین پاش ئەوەی ئەم نامەیەی خوێندنەوە، بۆ خوشکەکەی لینینی نووسی «ئەوەی پەیوەندی بەزانیاری ناو ئەم نامەیەوە هەیە پێویستە لێی بێدەنگ بێت « بەڵام خوشکە گەورەکەی لینین لەسەر بۆ چوونەکانی خۆی سووربوو، دوای ساڵێک بۆ ستالینی نووسی « لە پەیمانگای لینین، هەروەها لە پەیمانگای ئەقڵیشدا هەر لە کۆنیشەوە گەورەیی توانای ئەقڵی ئەم نەتەوەیە واتە ( جولەکە) تێبینی کراوە، هەروەها تێبینی ئەو سودانەش کراوە کە لەئەنجامی تێکەڵبوونی خوێنی ئەوان لەگەڵ غەیری خۆیاندا بەدەست دێت، ئەمەش لە رێگەی ژن و ژنخوازییەوە بەمەبەستی چاکترکردنی وەچە (تحسین النسل) . خودی لینین شۆڕشگێڕێتی جولەکە و پابەندبوونیانی بە خەباتەوە نرخاندووە بەبەراوردکردنیان لەگەڵ رووسیدا کە بە ڕاڕایی و ناجێگیری لە هەڵوێستدا ناسراون، هەر خۆیشی ئەوەی روون کردووتەوە کە بەهێزترین رێکخستن لەناو رێکخراوە شۆڕشگێڕییەکاندا لە باشوور رۆژئاوا پەیوەندییان بەم هۆکارە هەیە، چونکە (50%)ی دانشتوانی ئەم ناوچانە بەڕەچەڵەک جوولەکەن «. مێژوونووسی رووسی (د. فولکوگۆنوف) لەو بڕوایەدایە نامەی خوشکەکەی لینین لە شێوەی پەیامێکدایە کە دژ بە رووس نووسراوە، ئەو ئەم کارەی لە جیاتی براکەی ئەنجامداوە، بەڵام ستالین ئەو کات

بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی بە جەماوەر نەدەدا تا لەرەچەڵەکی راستی لینینی کە دەگەڕێتەوە سەر جولەکە ئاگاداربن، ئەم کارەی ستالین (شاردنەوەی رەچەڵەکی لینین لە جەماوەر) زۆر بەتوندی و بۆماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو .

**کاروبارە داراییە نهێنییەکان**

لینین وەکو پارێزەرێک ئیشی نەکردووە تەنها بۆ ماوەیەکی کەم نەبێت، بەڵام ئەو هەموو زانیارییەکانی لەبارەی یاساوە بەکاردەهێنا بۆ بەڕێوەبردنی کێشمە کێشی حیزبییانەی نێوان خۆی و رکابەرەکانی، هەروەها بۆ گەیشتن بەسەرکردایەتی حیزب و دەست بەسەراگرتنی، لەلایەکی ترەوە لینین و حیزبەکەی توانییان ببن بە خاوەنی سامانێکی ئێجگار زۆریش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئوکتۆبەری (1917)، ئەم سامانە لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە بەدەست دەهات، کەمترین داهات لەو ئابوونەوانەوە دەهات کە حیزب لە ئەندامانی وەردەگرت، سەرچاوەیەکی تری ئەم سامانە لە دزین و بڕینی بانک و دەزگا دارایی و کۆمپانیا جۆربەجۆرە ناوخۆییەکانی رووسیاوە بەدەستدەهات . باندە چەکدارەکانی حیزب بەسەر پەرشتی ستالین (جوگاشفیلی) و تیرپێتروسیان (کامۆ) کاریان ببووە تۆقاندن و بڵاوکردنەوەی ترس و بیم لەناو بانکەکانو دەزگا داراییەکانو کۆمپانیاکاندا، دوایش ئەو پارە دزراوانەی کە خاوەنەکانیان کوژرابوون دەنێردرا بۆ دەرەوەی رووسیا و لەبانکەکانی بلۆک دەکران . گەورەترین دزی ئەنجامدرا بێت ئەو دزییەیە کە ستالین و تیروپێتروسیان ئەنجامیاندا لە مەیدانی (ئێریڤان) لە ( تبلیسی) پایتەختی جۆرجیا لە رۆژی (1907/6/26)، لەم دزییەدا باندە چەکدارەکەی حیزب توانی (340) هەزار (رۆبڵا) بدزێت و دوایش پارەکە نێردرا بۆ بانکەکانی دەرەوەی وڵات لەو شوێنەی لینینی تێدا نیشتەجێبوو، سەرچاوەی سێیەمی داهاتی حیزب، ئەو سەروەت و پارانە بوو کە لە دەوڵەمەندەکانی رووسەوە پێشکەشدەکرا لە نموونەی (سافاموروزف) و (نیکولای ئیشمت)، هەروەها ئەوەی کەلە زانا و شاعیران و نووسەرانەوە پێشکەشدەکرا بە تایبەتی (مەکسیم گۆرگی). سەرچاوەی چوارەمی ئەم سامانە ئەو هاوکارییە داراییە زۆرانە بوو کە حکومەتی ئەڵمانیا دەیکردن لە پێش جەنگی جیهانی یەکەم و لەگەرمەی جەنگ و دوای جەنگیشدا دەسەڵاتدارانی ئەڵمانی هەموو توانایەکیان

خستبووەگەڕ بۆ سەرنگومکردنی حکومەتی رووسی بە سوود وەرگرتن لە هاوکاری و یارەمەتی بەرەی بەلشەفی ئاشکراشبوو کە حکومەتی ئەڵمانی لە هەوڵی فراوانکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری خوێدابوو، مەبەستێکی تریشی ئەوە بوو بتوانێت کەلێن بخاتە نێوان هاوپەیمانێـی سێ قوڵی (فەرەنسا، ئینگلیز، ئەمریکا) بۆ دژایەتی ئەو دروستبوو بوو، هەر لەم بارەیەوە (د . فۆلکۆگۆنوف) دەپرسێت : «چۆن بۆ لینین و سەرکردایەتی پارەتەکەی لووا بڕوا بە خۆیان بێنن کە مافیان لە دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی رووسیدا هەیە؟ چۆن بوو ئەو کەسانەی بچوکترین پەیوەندییان بە چینی کرێکارەوە نەبوو، کارێکی خوێناوی ترسناکیان لە رووسیادا دەست پێکرد بەناوی چینی کرێکارەوە ؟»

**بلیمەتی لینین**

توانای لینین لە پێشبینی و زانینی رووداوەکانی داهاتوودا گەورەکرابوو موناقەشەکردنی ببوو بە عەیب، واپێشاندرابوو ئەو دەتوانێت هەواڵی لە رووداوەکانی پاشەرۆژبدات و دەزانێـت چی روودەدات، کەسیش لەم بوارەدا شان لە شانی نادات، بەڵام لێکۆڵینەوەو شیکارکارییە وردەکان پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنن.بینیمان دوای تێپەڕبوونی (75) ساڵا بەسەر شۆڕشی (1917) دا چۆن یەکەم دەوڵەتی شۆسیالیستی توانای خۆڕاگرتنی نەماو لە ساڵی (1991) دا هەرەسی هێنا، هەمان چارەنووس رووبەڕووی شۆڕشی شۆسیالیستی جیهانی بووەوە، ئەمە یەکێک لەپێشهاتە درۆینەکان. با نموونەیەکی تر بهێنینەوە (79) ساڵا بەر لە ئێستا دوو مانگ پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی بورجوازی لە رووسیا لە شوباتی (1917)، کاتێک هێشتا لینین لە سویسرا بوو، لە موحازەرەیەکیدا لە جنێف بە بۆنەی یادی دوانزەهەمین ساڵڕۆژی شۆڕشی یەکەمی لەساڵی (1905) دا، ووتی : « ئێمەی بە تەمەنەکان، بڕواناکەم تەمەن رێگەمان بدات ئابمێنین و شەڕی جیاکەرەوەی هەق و ناهەق (المعرکە الفاصلە) ببینین لە شۆڕشی داهاتوودا » ؛ بەڵام کاتێک هەواڵی شۆڕشی شوباتی پێگەیشت راچڵەکا و هەموو شتەکانی لا تێکەڵ بوو .

## دەستی ئەڵمانیا لە شۆڕشی ئوکتۆبەری 1917دا

لینین و بەرەی بەلشەفی زۆر بەمەبەستەوە فاکتەری ئەڵمانییان لە شۆڕشی ئوکتۆبەری (1917)دا شاردەوە، چونکە ئەگەر ئەو کاتە ئەمە بزانرایە تەنها خەجاڵەتی نەبوو بۆ لینینی و پارتەکەی، بەڵکو ئەگەری مردنی پاشەرۆژی سیاسی لینیشی لە ئارادابوو، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو فێڵانەی کە لینین و بەلشەفێکان کردیان بۆ شاردنەوەی خیانەت و پیلانگێڕان دژ بە رووسیاوە گەلی رووسی، راستی ناکرێت لەناو بچێت، یان بشاردرێتەوە، ووتەیەکە رووسی لەم بارەیەوە هەیە، دەڵێت : « ناکرێت کونە پەپوو لە جانتایەکدا بشاردرێتەوە « ئەڵمانی و رووسییەکان زۆریان لەسەر ئەم بابەتە نووسیوە . حکومەتە کاتییەکەی کیرنسکی لە رووسیا لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی تاوانبارێتی (لینین)ەوە ئەنجامدا، لەو لێکۆلینەوەیەدا «لینین»ی وەک سیخورێکی ئەڵمانی و خیانەتکارێکی دژ بە رووسیا بە خەڵکی ناساند . لێکۆڵینەوە کە بیست ویەک (21) بەرگی لە جموجووڵە خیانکارێکانی لینینی لە خزمەت دەزگای ئیستیخباراتی ئەڵمانیدا لە خۆگرتبوو، بەڵام لەو کاتەدا دەسەڵاتدارانی رووسی نەیانتوانی بیگرن و بیدەن بەدادگا . پەیوەندی بەلشەفی بە ئەڵمانیاوە پەیوەندییەکی سیاسی و ئابووری بوو، هاوڕێکانی ئەڵمانیا، یارمەتی بەلشەفیکیاندا لە رووخاندنی دەسەڵاتی قەیسەریدا «ئەلیکسەندەر پارفس و یاکوف گانتسکی» (دوو بەلشەفی بەرەچەڵەک جولەکە) یارمەتی لینین و هاورێیازەکانیاندا تابتوانن بچنە ناو خاکی رووسیاوە لەگەرمی جەنگی جیهانی یەکەمدا . لە تەمووزی (1917) دا حکومەتی کاتی رووسی بڕیاری دەسنگیرکردنی لینینی دەرکرد، بەڵام هەرزووئەم هەواڵەی پێگەیشت و توانی خۆی بشارێتەوە.

## لینین و کیرنسکی

ئەم دوانە هەر لە منداڵییەوە یەکتریان دەناسی، کیرنسکی دوا سەرۆک وەزیری حکومەتە کاتییەکەی رووسیای قەیسەری بوو «لینین»یش رێکخەرو پلاندانەری شۆڕشی ئوکتۆبەری 1917، هەردووکیان خەڵکی یەک شاربوون کە ئەویش (سیمبرسک) بوو . باوکی کیرنسکی بەڕێوەبەری ئەو خوێندنگا ئامادەییە بوو کە لینین دەرسی تێدا خوێندبوو، کیرنسکی باوک یارمەتی لینینی دا لە دژی بڕیاری دوورخستنەوەی لینین



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

له خوێندن که لەلایەن حکومەتی قەیسەرییەوە دەرچوو بوو، دوای ئەوە لینین تۆانی خوێندنی ئامادەیی بەسەرکەوتوویی تەواو بکاث و باشترین دبلۆم بەدەسث بێنێث و مەدالیای ئاڵتونیشی پێبەخشرا دیسانەوە دەسەڵاث ئەمەی پێی قبوڵ نەکرا، لێرەدا کیرنسکی باوک جارێکیتر بەرگری له لینین کرد، بەمەش لینین مەدالیای ئاڵتونی بەدەستهێنا . هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لینین بەبێ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە له زانکۆی کازان دەربکیرێث، رەنگه ئەمه وایکرد بێث که لینین خۆی به قەرزار بزانێث و لەدەروونیدا مابێتەوە ؛ بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێـنه پێشەوە ؛ چی وای له «ئەلیکسەندەر کیرنسکی»کرد که سەرۆک وەزیرانی حکومەتی کاتی بوو رێگەی باوکی بگرێتە بەر له یارمەتیدان و نەرمی نواندن بەرامبەر به لینین ؟ ساڵی 1917 به هەموو رووداوە گرنگەکانییەوە هاث، کیرنسکی بڕیاری دەستگیرکردنی «لینین»ی دەرکرد کەله ئەڵمانیای گەورەترین دووژمنی روسیاوە دزەیکردبووە ناوخاکی رووسیاوە له کاتێکدا ئەڵمانیا له جەنگدابوو لەگەڵ رووسیادا، بەڵام لینین هەواڵی دەستگیرکردنەکەی هەر زوو پێگەیشث و خۆی شاردەوە، هەموو بەڵگەکان ئەوە دەرەخەن کیرنسکی هەرخۆی هەواڵی گرتنەکەی بەلینین داوە، بەمەش جارێکی تر چاکەی بنەماڵەکەی کیرنسکی بۆ لینین دووبارە دەبێـتەوە و دەبێـە قەرزێکی راستەقینە له ئەستۆی لینیندا، هەر دوای چەند هەفتەیەک لەمە، رووسیا رووداوێکی گەورە به خۆیەوە دەبینێث، ئەویش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئوکتۆبەری 1917 و هەرەسهێنانی حکومەتی کیرنسکییە، له گەرمەی ئەو کوشث و بڕە هەرایەدا که خوێنی ملیۆنەها رووسی تێدا رژا، کیرنسکی رزگاری دەبێث، ئەویش له رێگەی لەبەرکردنی جل و بەرگی ژنانەوە که کەس نایناسێتەوە ؛ پاشان بۆ ئۆتومبێلێکی ئەمریکی که ئاڵایەکی ئەمریکی بەسەرەوە دەبێث دەگوازرێتەوە بۆ بارەگانی سەفارەتی ئەمریکی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا، لێرەدا جارێکیتر بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن که لینین خۆی ئاسانکاری بۆ رزگارکردنی گیانی کیرنسکی کردەوە، هەروەک ئەوەی قەرزەکەیان بداتەوە .

**سەرچاوە**

گۆڤاری (العالم ) ژمارە (555، 8 شوباث/1977) (54،55،56)

*لێکۆڵەرەوەیەکی رووسییە .

## مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا

ڤلادیمیر لینین
بۆ فارسی: عەلی دەبیر
لە فارسییەوە: مەجید مارابی

### پێشەکی

ئەم بەرهەمەی لینین لە ژێر ناوی « کۆکراوەی کۆمەڵە باسێک سەبارەت بە مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا» لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 1916دا کۆکراوەتەوە، لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

لە هەلومەرجێکدا کە جەنگی جیهانی یەکەم لە نێوان دوو بلۆکی ئیمپریالیزمدا دەستی پێکردبوو، سۆسیال ئیمپریالیستەکانی ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم هاوشێوەی کائۆتسکی و هاوبۆچوونەکانی بەرگریان لە نیشتمانی ئیمپریالیزمی خۆیی دەکردو، لەو جەنگە پشتیوانیان دەکرد، لینین هاوکات لەگەڵ دژایەتیکردنی بۆچوونی راستڕەوانەی ئەو گروپە، پشتیوانی لە مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا کرد تا ئاستی جیابوونەوە و سیاسەتی پەیوەستبوونی زلهێزەکانی سەبارەت بە کێشەی نەتەوەیی رەتکردەوە، هاوکات دژی بۆچوونی ناسیۆنالیستی تەسکبیرانەی هەندێک لە سۆسیال دیموکراتەکانیش بوو،کە بەرژەوەندی نێودەوڵەتی کرێکارانیان فیدای پرسی نەتەوەیی دەکرد، لنین لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە پێویستە دۆخەکە بە گشتی و بە پێوانەی جیهانی هەڵسەنگێندرێت و بۆ ئەو مەبەستەش هاوکات لەگەڵ رەتکردنەوەی بۆچوونی «بەرگری لە نیشتمان» لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا ئەو بۆچوونەی چەپەکانیشی رەتدەکردەوە کە پێیان وابوو هەر جۆرە « بەرگری کردنێک لە نیشتمان» خیانەتە بە ئەنترناسیۆناڵی جیهانی و بۆ ئەو مەبەستەش سۆسیال دیموکراتەکانی پۆڵەندا وەکوو نمونەیەک دەهێنێتەوە و رووی رەخنەیان تێد دەکات.

### 1 – سۆسیالیزم و مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا

ئێمە جەختمان کردبوویەوە کە جێبەجێنەکردنی مافی نەتەوەکان

لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان لە رژێمی سۆسیالیسئیدا، خیانەئکردنە بە سۆسیالیزم. لە وەڵامدا دەڵێن: «مافی ئۆئۆنۆمی لە رژێمی سۆسیالیستیدا جێبەجێکردنی مەحاڵە.» ئەوە ناکۆکیەکی بنەڕەئییە لە بۆچوونەکاندا. ریشەکەی لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟

نەیارانی ئێمە دەڵێن « دەزانین کە سۆسیالیزم دەبێئە هۆی لەناوچوونی هەر جۆرە ستەمێکی نەئەوەیی، چونکە ئەواوی بەرژەوەندیە چینایەئیەکان کە بۆئە هۆی دروستبوونی ئەو ستەمە لەناو دەچێت»ئەم بەڵگە هێنانەوەیە لە سەر دۆخی ئابوری کە زۆر لەمێژە روونکراوەتەوەو حاشا هەڵنەگرە، سەبارەت بە ستەمی نەئەوایەئی، لێرەدا بۆچی دێئە ئاراوە؟ لە کائێکدا باس لە سەر یەکێک لە شێوەکانی ستەمی سیاسیە، واتا راگرتنی زۆرەملییانەی نەئەوەیەک لە سنورەکانی دەسەڵائی نەئەوەیەکی ئردا؟ زۆر سادەیە ئەوە هەوڵێکە بۆ خۆدزینەوە لە مەسەلە سیاسیەکان! ئەو پاساوانەی کە بە دوایدادێت، ئێمە لە سەر ئەو باوەڕە سورتر دەکات: «ئەمە هۆیەک نییە بۆ ئەوەی پێمانوابێت لە کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستیدا نەئەوەیەک خاوەنی ئایبەئمەندی یەکەیەکی ئابوری و سیاسی دەبێت. بە دڵنیاییەوە نەئەوە خاوەنی ئایبەئمەندیەکی فەرهەنگی و زمانییە، چونکە دابەشکردن بە گوێرەی زەوی و زاری گروپێکی فەرهەنگی سۆسیالیستی ئەگەر بوونی هەبێت ئەنها بە گوێرەی پێویستیە ئابوریەکان مسۆگر دەبێت. بە دڵنیایەوە چارەسەری گرفتی ئەم دابەشکردنە نەک لە رێگای ئاک بە ئاکی نەئەوە جیاکراوەکانەوە، کە خاوەنی دەسەڵائی بڕیاردانی رەهان ( ئەو جۆرەی کە « مافی نەئەوەکان لە دیاریکردنی چارەنوسدا» دەخوازێت) بەڵکو لە رێگەی سەرجەم هاونیشتمانانەوە کە بڕیاری بە کۆمەڵی لەسەر دەدەن چارەسەر دەبێت»...

ئەوە دوایین هۆکارە کە لە جیائی ئۆئۆنۆمی، بڕیاری بە کۆمەڵ بەکار دەهێنێت بەو جۆرەی کە بە گوێرەی حەز و خواستی هاوڕێ پۆڵەندیەکانە و سێ جار لە ئیۆریەکانیاندا دوپائی دەکەنەوە! بەڵام زۆر دووپائکردنەوە، ئەو بەڵگەهێنانەوە ئۆکئۆبەریستی و دواکەوئوانەیە، ناکائە بەڵگەیەکی سۆسیال دیموکرائی،چونکە ئەواوی دواکەوئوەکان و بۆرژواکان بۆ ئەو نەئەوانەی کە بە ناچاری لە چوارچێوەی دەوڵەئێکی دیاریکراودا جێگیر کراون مافی (بڕیاردانی بە

کۆمەڵ) سەبارەت بە چارەنوسی خۆیان لە ناو ئەنجومەنێکی هاوبەشدا دەدەن. ڤیلهێلمی دووەمیش مافی ئەوە بە خەڵکی بەلجیکا دەدات لە ناو ئەنجومەنێکی هاوبەشدا بۆ سەرتاسەری ئەڵمانیا سەبارەت بە چارەنوسی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا « بڕیاری بەکۆمەڵ» بدەن.

خاڵی جێناکۆک لێرەدایە. تەنها خاڵێک کە بە دیاریکراوی دەکەوێتە بەرباس و مشتومڕەوە، واتا مافی جیابوونەوەی ئازادانە، کە نەیارانی ئێمە هەوڵدەدەن خۆی لێ قوتار بکەن. جێی پێکەنینە ئەگەرچی تا ئەم رادەیەش خەمناک نەبوو!

لە یەکەمین ئێزماندا هاتووە کە لە بـواری سیاسیدا ئـازادی نەتەوە ژێردەستەکان بەر لە هەر شتێک پێویستی بە گۆڕانکارییەکی دوو قات هەیە: 1 – یەکسانی رەهای مافی نێوان نەتەوەکان. باسێک لە سەر ئەو مەسەلەیە لە ئارادا نییە و پەیوەندی بە مەسەلە ناوخۆیەکانی دەسەڵاتەوە هەیە. 2 – ئازادی جیابوونەوەی سیاسی. ئەم مەسەلەیەش پەیوەندی بە دیاریکردنی سنورە دەوڵەتیەکانەوە هەیە. ئەوە تەنها خاڵی سەرەکییە کە لە لایەن نەیارانی ئێمەوە بێدەنگی لێکراوە. ئەمە جۆرێک لە «ئێکۆنۆمیسمی ئیمپریالیستیە» هاوشێوەی «ئێکۆنۆمیسم»ی کۆنی ساڵانی 1894 – 1902یە کەپێی وابوو: «سەرمایەداری زاڵ بووە، بەوپێیەش تاوتوێکردنی پرسی سیاسی ئیتر مانایەکی نییە!» وەها تیۆریەکی دژە سیاسەت لە بنەڕەتدا دژە مارکسیستیە.

مارکس لە بەرهەمێکیدا بەناوی رەخنە لە بەرنامەی گۆتە دەڵێت: «لە نێوان کۆمەڵگەی سەرمایەداری و کۆمەڵگەی کومۆنیستیدا قۆناغی گواستنەوەی شۆڕشگێڕانەی یەکەم بەرەو دووەم هەیە، هاوتەریب لەگەڵ ئەم قۆناغە، قۆناغێکی تێپەڕینی سیاسیش هەیە کە تێیدا دەوڵەت شتێک نییە، جگە لە دیکتاتۆری شۆڕشگێرانەی پرۆلتاریا «.

تا ئێستا ئەو راستیە جێگای باس نەبوو بۆ سۆسیالیستەکان، بەڵام قبوڵکردنی بە مانای ناساندنی دەوڵەتە تا ئەو ساتەی کە سۆسیالیستی سەرکەوتوو بەرەو کومۆنیزمی ئەنتیگراڵ گەشەی کردوە. هەمووومان ئاگاداری ئەو تێزەی ئەنگلسین سەبارەت بە لەناوچوونی دەوڵەت. ئێمە بە ئەنقەست لە تێزی یەکەمدا تەئکیدمان کردوەتەوە کە دیموکراسی شێوەیەکی حکومەتە، کە ئەگەر دەوڵەت

لەناوچوو ئەویش بەرەو خامۆشی دەچێت. تا کاتێک کە نەیارانی ئێمە لە بری مارکسیزم تیۆری نوێی « بێ - دەوڵەتیان» دانەنابێت - بەڵگەهێنانەوەکانیان تەنا یەک پارچە هەڵەیە و هیچی تر.

ئەوان لەباتی قسەکردن لەسەر دەوڵەت (لە ئەنجامی دەستنیشانکردنی سنورەکانیدا) باس لە (گروپی فەرهەنگی سۆسیالیستی) دەکەن، بەمەش بە ئەنقەست واتایەکی تەمومژاوی بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی مەسەلەکانی تایبەت بە دەوڵەت بسڕنەوە! ئەنجامی ئەو کارەش فرەبێژیەکی گاڵتە جاڕانەیە: چونکە ئەگەر دەوڵەتێک نەبێت ناکرێت باس لە سنورەکانیشی بکرێت. لەم حاڵەتەشدا، تێکڕای بەرنامە سیاسی و دیموکراتیەکە بێکەڵک دەبێت. کاتێک کە دەوڵەت «لەناوبچێت» ئیتر کۆمارێکیش بوونی نییە. ئەنگڵس لە تێزێکیدا ئاماژە بەوە دەکات کە سنورەکانی « نەتەوەگەورەکان ئەوروپا کە توانای مانەوەیان هەیە» لە پرۆسەیەکی مێژوویدا شکڵیان گرتووە، کە لە ڕێڕەوی خۆیاندا کۆمەڵە نەتەوەیەکی بچووک کە توانای مانەوەیان نەبووە «بە گوێرەی زمان و تایبەتمەندیەکانیان» لە ناوخۆیاندا تواندوەتەوە.

ئەنگڵس ئەو سنورانە بە سروشتی وەسفدەکات. لە ئەوروپاشدا لە سەردەمی سەرمایەداری پێشکەوتوودا - لە نێوان ساڵانی 1848 - 1871، وەها بووە. لە ئێستادا سەرمایەداری ئیمپریالیستی کۆنەپەرست زیاتر لە جاران ئەو سنورانە تێک دەدات کە بە شێوەیەکی دیموکراتیک دەستنیشان کرابوون.

هەموو راستیەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە سەرمایەداری بۆ بەدیلی خۆی سۆسیالیزم، ئەو سنورانەی کە کەمتر دیموکراتین و کۆمەڵە ناوچەیەکی پەیوەست بوو لە ئەوروپا و ناوچەکانی تری جیهان، بە میرات دەبات.

یانی چی؟ ئایا سۆسیالیزمی سەرکەوتوو کە دیموکراسی هەمەلایەنەی بەرپا کردوە دژی دەستنیشان کردنی سنورەکانی دەوڵەتە بە شێوەیەکی دیموکراتیک؟ ئامادە نابێت «خواستەکانی» دانیشتوانی ئەو ناوچەیە جێبەجێ بکات؟ ئەوەندە بەسە ئەو پرسیارانە گەڵاڵە بکرێت بۆ ئەوەی بە ڕۆشنی ببینین چۆن هاوکارانی پۆڵەندی ئێمە لە مارکسیزمەوە بەرەو « ئیکۆنۆمیزمی ئیمپریالیستی» هەنگاویان ناوە.



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

«ئیکۆنۆمیستە» کۆنەکان مارکسیزمیان کردوەتە کاریکاتۆرێک و ئەوە فێری کرێکارانی دەکەن کە (تەنها) «ئابوری» بۆ مارکسینەکان گرنگی هەیە. «ئیکۆنۆمیست»ە نوێیەکانیش یان پێیانوایە دەوڵەتی دیموکراتیکی سۆسیالیزمی سەرکەوتوو دەتوانێت بە بێ هەبوونی سنورەکان درێژە بەمانەوەی بدات ( لە جۆری « کۆمەڵێک لە هەست و سۆزەکان» بە بێ هەبوونی مادە) یان ئەوەی کە سنورەکان «تەنها» بە گوێرەی پێداویستیەکانی بەرهەمهێنان دەستنیشان دەکرێن.

لە راستیدا ئەو سنورانە لە رێگای دیموکراتییەوە دەستنیشان دەکرێن واتا بە هاوتەریبکردنی ئیرادە و «حەزەکان» ی دانیشتوان. سەرمایەداری بە توندوتیژی وەڵامی ئەو حەزانە دەداتــەوە و لە ئەنجامدا گرفتی نوێ بۆ نزیکایەتی نێوان نەتەوەکان دێنە ئاراوە. سۆسیالیزم لە رێگەی رێکخستنی بەرهەمهێنانەوە کە بەدەر بێت لە ستەمی چینایەتی، بە دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی بۆ سەرجەم تاکەکانی وڵات دۆخەکە بۆ تێکەڵبوونی ئازادانەی «خواستە»کانی خەڵک دەستەبەر دەکات و لە ئەنجامدا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر نزیکایەتی و تێکەڵبوونی نەتەوەکان ئاسان و خێرا دەکات.

بۆ ئەوەی ماندویەتی خوێنەران لە هەڵە و نەزانکاریەکانی « ئیکۆنۆمیزم» چارەسەربێت، لێکدانەوەیەک کە لە لایەن نوسەرێکی سۆسیالیستی بیانییەوە لە سەر بابەتی جێی باس ئەنجام دراوە وەبیر دەهێنمەوە، مەبەستم ئەتۆباورە کە ئەویش « گاڵتەجاڕی» تایبەت بە خۆیی هەیە: « ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی فەرهەنگی»، بەڵام لە سەر کۆمەڵێک پرسی بنەڕەتی لێکدانەوەی دروستی هەیە. بۆ نموونە لە کتێبەکەیدا «پرسی نەتەوەیی و سۆسیال دیموکراسی»دا لە بەشی 29 «باوئر» شاردنەوەی سیاسەتی ئیمپریالیستی لە ژێر دەمامکی ئایدۆلۆژیای نیشتمانیدا بە شێوەیەکی دروست و رێک و پێک لەقاودەدات.

لە بەشی 30: « سۆسیالیزم و بنەمای نەتەوە»دا دەڵێت: «کۆمەڵگەی سۆسیالیستی هەرگیز ناتوانێت بە پشت بەستن بە هێزی دەسەڵات نەتەوەکان ناچار بە پەیوەستبوون بە خۆی بکات.

کۆمەڵانی خەڵک بهێننە پێش چاوی خۆتان کە سەرجەم تایبەتمەندیەکانی فەرهەنگێکی نەتەوەییان هەیەو لە کاروباری تایبەت بە یاسادانان و ئیدارەی کاروباردا

بەشدار بێت و چەکداریش بێت. ئایا دەکرێت سیستمێکی کۆمەڵایەتی دەرەکی، بە پشتبەستن بە هێز، وەها نەتەوەیەک لە بەرامبەر خۆیدا بەچۆکدا بێنێت؟ هەر دەسەڵاتێکی دەوڵەت بە هێزی چەک پشت قایمە. سوپای جەماوەری ئێستا، بە هاوکاری میکانیزمێکی ستەمکار تا ئێستا وەکو کەرەستەیەک لە دەستی کەسێک، خانەوادەیەک، یان چینێکی دیاری کراودا ماوەتەوە رێک وەکو هێزی شوالیەکان و بەکرێگیراوانی سەردەمانی کۆن، بەڵام لە بەرامبەردا، سوپای کۆمەڵگەی دیموکراتی سیستمی سۆسیالیستی شتێک نییە جگە لە خەڵکی چەکدار، چونکە لە کەسانێک بەئاستی فەرهەنگی و شارستانی بەرزەوە کە بە خواستی خۆیان لە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکاندا کاردەکەن و لە سەرجەم چالاکییە حکومیەکاندا بەشدارن پێکهاتووە. لە وەها دۆخێکدا هەر جۆرە ئەگەرێکی زاڵبوونی نیشتمانی لە لایەن دەسەڵاتی دەرەکیەوە لەناو دەچێت.» بە تەواوەتی دروستە. لە سیستمی سەرمایەداریدا تێکشکاندنی دیواری ستەمی نەتەوایەتی (بە تەواوەتی دیاردەی ستەمی سیاسی) مەحاڵە. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە پێویستە چینەکان بسڕدرێنەوە واتا سۆسیالیزم دامەزرێت، بەڵام سۆسیالیزم لە هەمانکاتدا کە پشت قایمە بە ئابوری تەنها بەو هۆکارە کورتناکرێتەوە. بۆ لەناوبردنی ستەمکاری نەتەوەیی دامەزراوەیەک پێویستە و ئەوەش بەرهەمهێنانی سۆسیالیستیە،بەڵام بە گوێرەی ئەو دامەزراوەیە هێشتا پێویستە رێکخراوێکی حکومی دیموکراتیک، سوپایەکی دیموکراتیک و هتد ... دامەزرێت.

پرۆلتاریا بە گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری بە سۆسیالیزم، هەڵوەشاندنەوەی تەواوەتی ستەمی نەتەوەیی دەستەبەر دەکات، بەڵام کردنی ئەو ئیمکانە بە راستی «تەنها» و «تەنها»! لە رێگەی دامەزراندنی تەواوەتی دیموکراسی لە هەموو بوارەکاندا، لەوانە دیاریکردنی سنورەکان بە گوێرەی خواست و حەزەکانی دانیشتوانەکەی و قبوڵکردنی ئازادی جیابوونەوە بۆ ئەوان دەستەبەر دەبێت. بە تێپەڕین لەوە، سەرەی سڕینەوەی رەهای بچووکترین کێشەی نەتەوەیی، بچوکترین بێ متمانەیی نیشتمانی لە کردەوەدا رواڵەتی راستی لە خۆ دەگرێت و نزیکبوونەوەی خێرا و تێکەڵبوونی نەتەوەکان کە دەبێتە هۆی لەناوچوونی دەوڵەت، بە کردەوە دەردێت. ئەمەیە تیۆری مارکسیزم کە هاوکارانی پۆڵەندی ئێمە بە هەڵە لێی دورکەوتونەتەوە.

**2 – ئایا لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا دیموکراسی «جێگیر»دەبێت؟**

لێکدانەوەی کۆنە سۆسیال دیموکراتەکانی پۆڵەندا لە دژی مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنوسدا بە تەواوەتی لە سەر ئەو بەڵگەمەندیە بونیاتنراوە، کە ئەو پرسە لە سیستمێکی سەرمایەداریدا جێگیربوونی مەحاڵە. لە ساڵی 1903دا لە کۆمسیۆنی بەرنامەی دووەمین کۆنگرەی حزبی کرێکاری سۆسیال دیموکراتی روسیادا ئێمە ئایسکراییەکان(ئەوانەی لە رۆژنامەی ئایسکرادا کاریان دەکرد) گاڵتەمان بەو لێکدانەوەیە دەکرد و دەمانوت وەکو بابەتی « ئیکۆنۆمیستەکان» (بەو هەموو بەدناویەوە) مارکسیزم دەکاتە کاریکاتۆرێک. ئێمە بە تایبەت لە بیردۆزیەکانماندا تەئکیدیمان لە سەر هەڵە بوونیان دەکردەوە، بەڵام هاورێ پۆڵەندیەکان هەر لە سەر ئەو خاڵە کە بنەما تیۆریەکانی باسەکەی پێکدەهێنا نەیان ویست (یان نەیانتوانی ؟ )وەڵام هیچ کام لە لێکدانەوەکانمان بدەنەوە.

بۆ ئەوەی کە نەبوونی ئیمکانی ئابوری ئۆتۆنۆمی بسەلمێنرێت پێویست بوو شیکردنەوەی ئابوری بۆ بکرێت. هەر بەو جۆرەی کە ئێمە بۆ سەلماندنی مەحاڵبوونی گەماردانی کەرستە ماشێنییەکان یان کەوتنەگەڕی کۆپنی کار و هی تر... وەها شیکاریەکمان ئەنجامداوە. هیچ کەس لە بیری هێنانە ئارای وەها شیکاریەکدا نییە. هیچ کەس ئامادە نییە پشتڕاستی بکاتەوە کە «بە تایبەتی» تەنها لە وڵاتێکدا لە سەرتاسەری جیهانیش بووە لە سەردەمی توندڕەویەکانی ئیمپریالیزمدا رووی راستی بەو حوکمە زاتییە ببەخشن کە دامەزرانی مەحاڵە و ئەو کارەش بەبێ جەنگ یان شۆڕش ئەنجام دابێت.

بە گشتی، دیموکراسی سیاسی تەنها یەکێک لە شێوازە مومکینەکانە( ئەگەرچی لە بواری تیۆریەوە بۆ سەرمایەداری «رووت» وەکو دیاردەیەکی سروشتیە بەرچاودەکەوێت) بۆ سەرخانی سەرمایەدارییی. سەرمایەداری و ئیمپریالیزم بەو جۆرەی کە راستیەکان دەریدەخات لە هەموو شێوازە سیاسیەکاندا بەرەو کامڵ بوون دەچێت و سەرجەم شێوازەکان دەخاتە ژێر هەیمەنەی خۆیەوە. لەو رووەوە لە باری تیۆریەوە بە تەواوەتی هەڵەیە ئەگەر بمانەوێت بانگەشەی ئەوە بکەین کە بەدیهێنانی یەکێک لە شێوازەکان و یەکێک لە داخوازییە دیموکراسیەکان «ناموکین»ە.

وەڵام نەدانەوەی هاوکارانی پۆڵەندی بەو لێکدانەوانە ئێمە ناچار دەکات باس کردن لە سەر ئەو بابەتە بەداخراو لەقەڵەم بدەین. بە واتایەک بۆ ئەوەی مەسەلەکەمان سەلماندبێت، هەوڵماندا تا ئەو جێگەیەی بۆمان دەکرێت بە روونی باس بکەین و رایبگەیەنین کە رەتکردنەوەی «ئیمکان»ی دامەزرانی سەر لە نوێی پۆڵەندا لە ئێستادا، بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارە ستراتیژەکان و هۆکارەکانی تری تایبەتمەند بە جەنگی ئێستا، «گاڵتە جاڕانە دەبێت. بەڵام وەڵامێکمان نەبیست!

هاوڕێ پۆڵەندیەکان – زۆر بە سانایی – تێزێکی بەتەواوەتی هەڵەیان دیسانەوە گەڵاڵە کرد و وتیان: «لە کاروبارێکدا کە پەیوەندی بە پەیوەستبوونی ناوچە دەرەکیەکانەوە هەیە، شێوەکانی دیموکراسی سیاسی رەتکراوە دەبن: ئەوە زەبروزەنگی ئاشکرایە کە بڕیار دەدات... سەرمایە هەرگیز رێگە نادات کە خەڵک سەبارەت بە پرسی تایبەت بە سنورە دەوڵەتیەکانی خۆیان بڕیاری کۆتایی بدەن». گوایا «سەرمایە» دەتوانێت «رێگا بدات» کارمەندەکانی کە خزمەتکارانی ئیمپریالیزمن بە رێگای «خەڵکەوە» هەڵبژێردرێن! یان گوایا بە گشتی پێشبینی کراوە بە بێ «زەبر و زەنگی ئاشکرا» مەسەلە پڕ بایەخەکانی تایبەتە بە مەسەلە سەرەکییە دیموکراتیەکانی وەکو: کۆماری لە بری پاشایەتی، میلیس لە بری سوپای رێک و پێک بڕیاری کۆتایی بدات! لە بواری زهنییەوە، هاوڕێ پۆڵەندیەکان بە نیازن مارکسیزم «قوڵبکەنەوە»، بەڵام بە راستی زۆر نەزانانە ئەو هەنگاوەیان هەڵگرتووە.لە بورای عەینییەوە، رەستەکانی ئەوان سەبارەت بە بە بەدینەهاتوو بوونی ئۆتۆنۆمی نیشانەیەکە لە هەلپەرەستیە، چونکە بە شێوەی زمنی ئەم پرسە بە بێ زنجیرەیەک شۆڕش «بەدینەهاتوو» لەبەرچاوگیراوە بەو جۆرەی کە لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا تێکڕای دیموکراسی و بە گشتی تەواوی داخوازییەکانی بەدینەهاتوو دەبن.

هاوڕێیانی پۆڵەندیمان تەنها جارێک و بە تەواوەتی لە کۆتایی بەندی 2، لە بەشی یەک لە کاتی هێنانە ئارای مەسەلەی ئالزاس بابەتی « ئیکۆنۆمیزمی ئیمپریالیستی» وەڵا ناوە بۆ ئەوەی لە بری گەڕانەوە بۆ «هۆکاری ئابوری» بە گشتی بە مەسەلەکانی تایبەت بە یەکێک لە شێوازەکانی دیموکراسی بە روونی وەڵام بدەنەوە و ئەو جۆرە مامەڵە کردنەش لەگەڵ مەسەلەکە هەڵەدەرچووە! ئەوان

دەنووسن کە «مافخوازی نادیموکراتی» دەبێت ئەگەر ئالزاسەکان بە تەنیایی بە بێ ڕاوێژکردن لەگەڵ فەرەنسیەکان پەیوەستبوونی ئالزاس بە فەرەنسا بەسەریاندا « بسەپێنن»، لە کاتێکدا بەشێک لە ئالزاس سەرنجی بەرەو ئەڵمانییەکان ڕاکێشراوە و ئەوەش هەڕەشەیەکی جەنگییە!!! ئەو سەرلێشێواویە بە ڕاستی پێکەنیناوییە: حوکمی زاتی ( بە شێوەی سروشتی و بەو جۆرەی کە لە وتەزاکانماندا تەئکیدمان لە سە رکردوەتەوە) ئازادی «جیابوونەوە» لە دەوڵەتێکی ستەمکار بە مەفروز دەزانێت. دەربڕینی ئەو بابەتە کە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتێکی دیاری کراو پێویستی بە ڕەزامەندی دەوڵەتەکەی تر هەیە تا ئەو ڕادەیە لە لەسیاسەتدا «ناباوە» کە لە بواری ئابوریدا بڵێین سەرمایەدار وەرگرتنی سود و کرێکار وەرگرتنی حەقدەستەکەی «قبوڵ دەکات»! هێنانە ئارای وەها پرسێک گاڵتەجاڕانەیە.

بۆ ئەوەی کە کەسێکی سیاسی و مارکسیست بین، لە کاتی باسکردندا سەبارەت بە ئالزاس پێویستە ڕووی ڕاستەقینەی چەواشەکارانی سۆسیالیزمی ئەڵمانی کە بۆ ئازادی جیابوونەوەی ئالزاس خەبات ناکەن و ڕووی ڕاستەقینەی چەواشەکارانی سۆسیالیزمی فەرەنسا کە لەگەڵ بـۆرژوزای فەرەنسا لە سەر پەیوەستبوونی ناچارانەی تەواوەتی ئالزاس سازش دەکەن بخەینەڕوو، دەبێت ڕووی هەر دوولا بخەینە ڕوو، چونکە خزمەت بە ئیمپریالیزمی وڵاتەکەی خۆیان دەکەن لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی جیاواز، تەنانەت بچوک، ترساون: دەبێت دەریبخەین کە چۆن سۆسیالیستەکان لە ڕێگەی ناساندنی مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا بەبێ ئـەوەی کە خەوشێک بخەنە خواست و ئیرادەی ئالزاسەکانەوە ئەو مەسەلەیە لە ماوەی چەند هەفتەدا چارەسەر دەکەن، ئەگەر لە بری ئەو کارە، سەبارەت بە ئەگەری ترسناکانەی «سەپاندن»ی ئالزاسیەکانی فەرەنسا بە سەر ئەو وڵاتەدا واسواسی بکەین، شاکارمان کردوە.

### 3 – پەیوەستبوون چییە؟

ئێمە ئەم پرسیارەمان بە ڕۆشنترین شێوە لە تێزەکانماندا گەڵاڵە کردوە، بەڵام هـاوڕێ پۆڵەندیەکان وەڵامێکیان پێنەداوەتەوەتەوە: ئـەوان خۆیان لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بـواردوە و بە دڵنیایەوە ڕایانگەیاندوە کە: 1 –



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

دژی پەیوەستبوونن 2 – روونیان کردۆتەوە کە بۆچی دژن. بەدڵنیایەوە ئەم مەسەلانە زۆر پڕبایەخن، بەڵام لە ئاستێکی تردان. ئەگەرچی، بە رادەیەکی کەمیش، دڵنیگەرانی قوڵایی بنەماکانمان لە بواری تیۆریەوە بین دەمانەوێت فۆرمۆڵکردنێکی وردی بۆ بدۆزینەوە ناتوانین لە ژێر باری ئەو مەسەلەیە دەربازبین کە (پەیوەستبوون واتای چییە)،چونکە ئەو چەمکە لە پڕوباگەندە و بانگەشەی سیاسیدا، گونجێنراوە. خۆلادان لێی لەو باسەدا کە لە نێوان هاوکاراندا لە ئارادایە تەنها دەتوانێت وەکو نەبوونی مەیل بە هەڵوێست وەرگرتن لە قەڵەم بدرێت.

ئەم پرسیارە بۆچی دەهێنینە ئـاراوە؟ شیکرندنەوەکەیمان لە کاتی گەڵاڵە کردنی مەسەلەکەدا دەربڕیوە. هۆکارەکەی ئەوەیە کە «ناڕەزایی لە دژی پەیوەستبوون هاوتای ناساندنی مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندایە» چەمکی پەیوەستبوون بە شێوەی باو پێویستی بە: 1 – چەمکی زەبروزەنگ(پەیوەستبوونی لە رێگەی زەبروزەنگەوە). 2 – چەمکی ستەمکاری دەرەکـی( پەیوەستبوونی (بێگانە) و هتد...) هەندێکجاریش: 3 – چەمکی دەستدرێژیکردنە سەر دۆخی زاڵ (ستاتو کۆ) دەبێت. ئەمەش هەر ئەو شتەیە کە لە تێزەکانماندا هێناومانەتە ئاراوە بە بێ ئەوەی کە رەخنەی لێکەوتبێتەوە.

پرسیارێک دێتە ئاراوە : ئایا سۆسیال دیموکراتەکان دەتوانن بە گشتی دژی زەبروزەنگ بن؟ بە دڵنیایەوە نەخێر، کەواتە بەو هۆیەوە ئێمە دژی پەیوەستبوون نین، کە کردەیەکی توندوتیژانەیە بەڵکو هۆکارێکی دیکەیە. هەروەها، سۆسیال دیموکرتەکان ناتوانن لایەنگری دۆخی ئێستا (ستاتو کو) بن. هەر چەندەش هەوڵ بدەیت ناتوانیت لەم لێکدانەوەیە هەڵبێیت: پەیوەستبوون واتا دەستدرێژی کردنە سەر مافی ئۆتۆنۆمی نەتەوەیەک و دەستنیشانکردنی سنورەکانی دەوڵەتێک بە پێچەوانەی ویست و ئیرادەی خەڵک.

دژی پەیوەستبوون، واتا لایەنگریکردن لە مافی حوکمی زاتی. « دژی راگرتنی زۆرەملێیانەی هەر نەتەوەیەک لە چوارچێوەی سنورەکانی دەوڵەتێکی دیاری کراودا» بوون ( ئێمە بە ئەنقەست ئەو رستە بەندیەمان کە تاڕادەیەک گۆڕانی بەسەردا هاتووە دەربارەی هەمان ئایدیا کە لە پەرەگرافی 4ی تێزەکانماندا (کۆمەڵە بەرهەمەکانی لینین، ل 147) بەکارهێناوە و هاوڕێ پۆڵەندیەکان لەم

بارەیەوە وەڵامی روونیان بە ئێمە داوەتەوە و دەریان بڕیوە کە ئەوان «دژی راگرتنی زۆرەملی نەتەوە ستەملێکراوەکانن لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا کە ئەوانی ناچار بە پەیوەستبوون کردوە» ئەوەش هەر هەمان لایەنگیرییە لە مافی میلەتان لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا.

ئێمە نامانەوێت یاری بە وشەکان بکەین. ئەگەر پارتێک هەبێت ئامادە بێت لە بەرنامەکانیدا (یان لە پرۆژە بڕیارێکدا کە بۆ هەموان پێوست بە جێبەجێ کردن بێت، شێوازەکەی گرنگ نییە) رایگەیەنێت کە دژی راگرتنی زۆرە ملی نەتەوە بندەستەکانە لە چوارچێوەی دەوڵەتی خۆیاندا، لەو کاتەدا ئێمە رێکەوتنی تەواوەتی و بنەڕەتی خۆمان لەگەڵ ئەو پارتە رادەگەیەنین.

لەو وەها حاڵەتێکدا خۆ سەرقاڵکردن بە مەسەلەی حوکمی زاتیەوە کارێکی گاڵتەجاڕانە دەبێت. ئەگەر چی لە پارتەکەی ئێمەدا کەسانێک هەبن بیانەوێت بە وەها گیانێکەوە گۆڕانکاری لە فۆرمۆڵبەندی و داڕشتنی بەرنامەکەی ئێمەدا بکەن، لەو حاڵەتەدا ئێمە جیاوازی بۆچوونەکانمان لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەمان بە جیاوازی بنەڕەتی نازانین!

تەنها شتێک کە گرنگی هەیە شەفافیەتی سیاسی و بەرزبوونی ئاستی تیۆریە لە دروشمەکانماندا.

بە درێژایی باسە وێژەییەکان سەبارەت بەو مەسەلەیە - کە هیچ کەس نکۆڵی گرنگیەکەی بەتایبەت لە ئێستادا کە سەردەمی جەنگە ناکات.

ناڕەزایی لە دژی ئازارێکی دیاریکراو ناچاری بە مانای قبوڵکردنی بەڵگەهێنانەوەیەکی پۆزەتیڤ کە رەتکەرەوەی ئەو ئازارەیە نابێت. روون و ئاشکرایە کە ئەو بەڵگەهێنانەوەیە هیچ بنەمایەکی نییە. لانیکەم لەو جیهەتەدا لە هیچ کام لە چاپەمەنییەکاندا نەهێنراوەتەوە. ئەگەرچی پارتێکی سیاسی رایگەیەنێت کە « دژی پاراستنی زۆرەملیانەی نەتەوەیەکی ستەملێکراوە لە چوارچێوەی سنورە حکومیەکاندا کە بە خۆیی پەیوەست کردوە» ئەو پارتە بەم جۆرە بەڵێندار دەبێت کە دوای بەدەستهێنانی دەسەڵات لە راگرتنی زۆرەملیانەی خۆی بە دوور بگرێت.

هیچ گومانێک لـەوەدا نییە کە ئەگەر سبەینێ، هیندنبۆرگ نیمچە سەرکەوتنێک بە سەر روسیادا بە دەست بێنێت بە جۆرێک کە پێکهێنانی

دەوڵەتێکی نوێی پۆڵەندای لێبکەوێتەوە – لە روانگەی یاسای ئابوری سەرمایەداری و ئیمپریالیزمەوە ئەو پرسە بە تەواوەتی « بەدیهیاتوودەبێت – ئەگەر چی بەدوایدا – دووسبەی – شۆڕشی سۆسیالیستی لە پترۆگراد، بەرلین و وارشۆ بە سەرکەوتن بگەن لە وەها حاڵەتێکدا دەوڵەتی سۆسیالیستی پۆڵەندا وەکو دەوڵەتە سۆسیالیستیەکانی روسیا و ئەڵمانیا لە «پاراستنی زۆرە ملی»دا بۆ نمونە ئۆکرانییەکان «لە چوارچێوەی سنورەکانی دەوڵەتی پۆڵەندا» پاشگەز دەبێتەوە. ئەگەرچی ئەندامانی دەستەی نووسەرانی گازێتا رۆبۆتنیکزا ئەندامی ئەو دەوڵەتە بن، ئەوان بێ گومان تێزەکانی خۆیانیان کردۆتە قوربانی و لە رێگای «تیۆری» «مافی ئۆتۆنۆمی تەنها بۆ کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی شیاوی بەدیهێنانە»ش بە هەڵوەشاوە لە قەڵەم دەدەن.

ئەگەر بڕیار بوایە جۆرێکی تر بیر بکەینەوە و لە بەرنامەی کاری خۆماندا لە بری باسێکی دۆستانە لەگەڵ سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندیەکان خەباتێکی توندمان لە دژی ئەوان وەکو کەسانێکی شۆڤینی دەستپێدەکرد.

ئێوە بیهێننە بەرچاو کە من خەریکی تێپەڕینم بە ناو کۆڵانەکانی شارێکی ئەوروپادا «ناڕەزاییە» کی گشتی بەرز بکەمەوە کە دواتر لە بڵاوکراوەکاندا دەنگبداتەوە سەبارەت بەوەی کە بۆچی ناهێڵن مرۆڤێک وەکو کۆیلەیەک بکڕم. گومانی تێدا نییە کە بەدروستی من وەکو خاوەن کۆیلە، وەکو لایەنگرێکی بنەما یان سیستم – هەر جۆرێک کە پەسەندی دەکەن – بە کۆیلە داری هەڵیدەسەنگێنن.

حەزی من بەرامبەر کۆیلەداری ئەگەرچی شێوازی نیگەتیڤانەی ناڕەزاییەکیشی لەخۆ گرتبێت، لە بری شێوازی پۆزەتیڤ «من لایەنگری کۆیلەداریم» هیچ کەسێک هەڵناخەڵەتێنێت. « ناڕەزاییە»کی سیاسی بە شێوەی رەها هاوتایە لەگەڵ بەرنامەیەکی سیاسیدا. ئەم پرسە تا ئەو رادەیە روونە، کە پێدەچێت شیکردنەوەی تۆزێک دژواربێت. بەهەرحاڵ، ئێمە بە تەواوەتی دڵنیاین لەوەی کە لانیکەم لە نێوان زیمرۆڤاڵدە چەپەکاندا – سەبارەت بە هەموو زیمرۆڤاڵدەکان قسە ناکەین چونکە مارتۆڤەکان و کائۆتسکیستەکانی تر لە ناو ریزەکانیاندان – هیچ کەس (ناڕازی نابێت) ئەگەر بڵێین لە ئەنتەرناسیۆناڵی سێهەمدا بۆ ئەوکەسانەی کە توانای جیاکردنەوەی ناڕەزاییەکی سیاسیان لە بەرنامەیەکی سیاسی نییە و ئەو دوو

چەمکە لە دژی یەک دادەنێن و .جێگایەک نییە.

ئێمە نامانەوێت لە خۆڕایی لە سەر وشەکان مشتومڕ بکەین. لەو سۆنگەیەوە ڕێگامان بە خۆمان داوە لە ناخەوە هیوا خوازبین کە سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندیەکان بە زویی و بە فەرمی هەوڵدەدەن فۆرمۆڵەکردنی پێشنیاری سڕینەوەی پەراگرافی نۆ هەم لە بەرنامەی حیزبماندا («کە بەرنامەی حزبی ئەوانییەشە») و هەم لە بەرنامەی ئەنتەرناسیۆناڵ (بڕیانامەی کۆنگرەی لەندەن 1896) بدەن و لە لایەکی دیکەوە روانگەی سیاسی خۆیان سەبارەت بە «ناوچە پەیوەست بووە کۆن و نوێیەکان)و هەر وەها راگرتنی زۆرەملی نەتەوەیەکی بندەست لە چوارچێوەی سنورەکانی دەوڵەتێکدا کە بە خۆیان پەیوەست کردوە» پێناسە بکات. با بچینە سەر مەسەلەی دواتر.

### 4 – لایەنگر یان نەیاری پەیوەستبوون

هاوڕێیانی پۆڵەندی لە بەندی 3ی بەشی 1ی ئێزەکانیاندا بە راشکاوی دژایەتی خۆیان لە گەڵ هەر جۆرە پەیوەستبوونێکدا دەربڕیوە، بەڵام بە داخەوە کۆمەڵە بڕیارێک لە بەندی 4ی هەمان بەشدا بەرچاو دەکەوێت، کە دەبێت بە پەیوەست خوازانە لە قەڵەم بدرێت. ئەو بەندە، بۆ ئەوەی کە وەکو نیاز پاکی لێکدانەوەیەک بەکارمان هێنابێت .... بەم رستە سەیرەوە دەستپێدەکات:

«خاڵی دەستپێکردنی خەباتی سۆسیال – دیموکراسی لە دژی پەیوەستبوون و لە دژی راگرتنی زۆرە ملی نەتەوە بندەستەکان لە ناو سنورەکانی دەوڵەتی پەیوەست خواز بە مانای قبوڵکردنی بەرگریکردن لە نیشتمانە بە هەر شێوازێک بووبێت، و لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا ئەم پرسە بریتیە لە بەرگریکردن لە مافی بۆرژوازی خۆیی بۆ سەپاندنی ستەم و چەپاوکردنی نەتەوە بێگانەکان»....

### چی بوو؟ واتا چی؟

«خاڵی دەستپێکردنی خەبات لە دژی پەیوەستبوون واتا قبوڵنەکردنی بەرگری لە نیشتمان لە ژێر هەر ناوێکدا».... بەڵام تا ئێستا هەموان هاوبەڵێن لەو بڕوایەدان کە دەتوانن هەر جۆرە خەباتێکی نیشتمانی یان ئاخێزێکی نەتەوەیی

بە «بەرگری لە نیشتمان» لەقەڵەم بدرێت! لە دژی پەیوەستبوونین - بەڵام ... تێگەیشتنی ئێمە لەو واتایە ئەوەیە کە دژی جەنگی پەیوەست بووەکان بۆ رزگاری لە ژێردەستەیی پەیوەستخوزازانین، بە راپەڕینی پەیوەست بووەکان کە بەنیازن خۆیان لە ژێردەستەیی پەیوەستخوازان ئازاد بکەن دژین! ئایا ئەوە حوکمێکی پەیوەستخوازانە نییە؟

نوسەرانی ئەو تێزانە... حوکمە سەرسوڕهێنەرەکەیان ئەوا پاساو دەکەن کە « لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا» بەرگری کردن لە نیشتمان واتا بەرگریکردن لە مافی بۆرژوازی خۆیی بۆ سەپاندنی ستەم بە سەر خەڵکە بێگانەکاندا، بەڵام ئەو ئیدعایە ئەگەر تەنها سەبارەت بە جەنگێکی ئیمپریالیستی بێت راستە. واتا جەنگێک کە لە نێوان زلهێزەکان و گروپبەندیەکانی دەسەڵاتە ئیمپریالیستیەکاندا رووبدات، کاتێک کە لایەنەکان هەر بە ستەم کردن لە «خەڵکە بێگانەکەدا» خۆیان نەبەستنەوە ئەوا دەستیان داوەتە جەنگێک بەو مەبەستەی کە کامەیان لەوی تریان ستەمکارترە و ستەمی زیاتر دەسەپێنێت!

بە رواڵەت شێوازی گەڵاڵەکردنی مەسەلەی «بەرگری لە نیشتمان» لە لایەن نوسەرانی سەرەوە لەگەڵ شێوازی گەڵاڵەکردنەکەی لە لایەن پارتەکەی ئێمەوە بەتەواوەتی جیاوازە. ئێمە «بەرگری لە نیشتمان» لە جەنگی ئیمپریالیستیدا رەتدەکەینەوە. ئەم مەسەلەیە بە رۆشنترین شێوەی مومکین لە بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبماندا و لە پرۆژە بڕیارەکانی بێرن کە لە بروشۆر «سۆسیالیزم و جەنگ» رەنگیداوەتەوە (بە زمانی فەرەنسی و ئەڵمانی وەرگێڕدراوە) بڵاوبۆتەوە. ئێمە، هەروەها دووجار لە تێزەکانماندا لە سەر ئەم پرسە تەئکیدمان کردوەتەوە، پێدەچێت نووسەرانی تێزە پۆڵەندیەکان لەگەڵ تێزی بەرگری لە نیشتمان بە گشتی واتا تەنانەت دژی جەنگە نیشتمانییەکانن، رەنگە بە گوێرەی ئەم هەڵسەنگاندنە کە وەها جەنگێک «لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا» مەحاڵە. دەڵێین «رەنگە « چونکە ئەو تیۆریە لە تێزەکانی هاورێ پۆڵەندیەکاندا شی نەکراوەتەوە.

بە پێچەوانەوە، ئەو بۆچوونە، بە روونی لە تێزی گروپە ئەڵمانییەکاندا « ئەنترناسیۆناڵ» و لە برۆشۆر ژۆنیوس دا کە نامیلکەیەکی تایبەتمان پێتەرخان کردوە بەیان کراوە. بۆ تەواو کردنی ئەو بابەتەی کە لەوێدا وترابوو پێویستە جەخت



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

بکەینەوە کە بە بەباشی دەتوانرێت راپەڕینی نەتەوەیی شوێنێک، یان وڵاتێکی پەیوەستبوو لە دژی دەوڵەتێک کە بە خۆیەوەی پەیوەسنکردوە وەکو راپەڕێنێک لە بری جەنگێک لە قەڵەم بدرێت، (ئێمە وەها نارەزاییەکمان بیستبوو لەو رووەوەیە کە باسی دەکەین ئەگەرچی باسێکی رواڵەتیە نابێت ئەوەندە جیدی لێکبدرێتەوە).
بە هەر حاڵ، ئەگەری دۆزینەوەی کەسێک کە نکۆڵی بکات لەوەی کە بەلجیکا، سربیا، گالیسیا، و ئەرمینیای پەیوەست بوو «راپەڕینی»ی خۆیان لە دژی وڵاتانی پەیوەستخواز بە شێوەیەکی لۆژیکیانە «بە بەرگری لە نیشتمان» لەقەڵەم بدەن، زۆر کەمە. کەواتە روونده‌بێتەوە کە هاوڕێیانی پۆڵەندی، بەو بیانووەو دژی وەها راپەڕینێکن کە لە وڵاتانی پەیوەست بووی ناوبراویشدا بۆرژوازییەک بوونی هەیە کە ئەو بۆرژوازیەش ستەم لە دژی بێگانەکان بەکاردەهێنێت، یان باشترە بڵێین لەوانەیە بەکاربهێنێت، چونکە مەسەلە تەنها لە سەر «مافی سەپاندنی ستەمی ئەو»ە. بە تایبەت، ئەوان ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی راستەقینەی ئەو هەستانەیان( خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوەیەکی بندەست لە دژی ستەمکاری) لە بەرچاو نەگرتووە ئەگەری بەکارهێنانی»مافی ستەم»ی بۆرژوازیەک، کە خۆشی لە ئێستادا ستەملێکراوە، لەبەرچاو دەگرن.

بۆ نموونە: ئەگەرچی لە ساڵی 1917دا ئەڵمانیا بەلجیکای بەخۆیەوە پەیوەست کرد

و لە ساڵی 1918دا بەلژیکا بۆ رزگار بوونی خۆی شۆڕشی هەڵگیرسێنێت، هاوڕێیانی پۆڵەندی بەو بیانووەی کە بۆرژوازی بەلژیکا «مافی ستەمکاری بەسەر بێگانەکاندا» هەیە لە دژی ئەو شۆڕشە دەوەستێنەوە!

لەم بەڵگەهێنانەوەیەدا تەنانەت تۆسقاڵێکیش لە مارکسیزم یان بە گشتی لە گیانی شۆڕشگێڕانە بەدیناکرێت. ئەگەر نامانەوێت خیانەتمان بە سۆسیالیزم کردبێت دەبێت لە هەرجۆرە هەستان و راپەڕینێک لە دژی دوژمنی سەرەکیمان – بۆرژوازی زلهێزە گەورەکان – پشتیوانی بکەین، هەڵبەت بەو مەرجەی کە شۆڕشی چینی کۆنەپەرست نەبێت. لە ئەگەری پشتیوانی نەکردن لە راپەڕینی ناوچە پەیوەستبووەکان، لە بواری عەینییەوە، بووین بە کەسانی پەیوەستخواز. رێک لە «سەردەمی ئیمپریالیزم» یان شۆڕشی کۆمەڵایەتی تازە دەرکەوتەی ئەمڕۆییدایە

کە پرۆلتاریا بە وزەیەکی تایبەتیەوە لە راپەڕینی ناوچە پەیوەستبووەکان بەرگری دەکات بۆ ئەوەی سوبەینێ یان لە هەمان کاتدا بۆرژوازی زلهێزی «گەورە» کە بە هۆی راپەڕینەکەوە لاواز بووە بخاتە بەر شاڵاوی هێرشەوە.

بەڵام پەیوەستخوازی هاوڕێیانی پۆڵەندی لەمەش واوەتر دەچێت. ئەوان نەک هەر دژی شۆڕشی ناوچە پەیوەست بووەکانن، بەڵکو دژی هەر جۆرە هەوڵێکن بۆ سەربەخۆیی، تەنانەت ئەگەر لە رێگەی ئاشتی خوازانەشەوە بێت! باشتروایە لە زمانی خۆیانەوە بیبیسن:

«سۆسیال دیموکراسی کە هەر جۆرە بەرپرسیارێتیەک سەبارەت بە دەرەنجامەکانی سیاسەتی ستەمکاری ئیمپریالیستی لە خۆی زەوت دەکات و بەو پەڕی تواناوە لە دژی ئاسەوارەکانی خەبات دەکات بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی دانانی هێڵی سنوری نوێ لە ئەوروپا و بوژانەوەی ئەوانەی کە ئیمپریالیزم وەرێی خستووە هەڵوێست دەرنابڕن.»

لە ئێستادا «ئیمپریالیزم هێڵی سنوری نێوان ئەڵمانیا و بەلژیکا، هەروەها نێوان روسیا و گالیسی هەڵگرتووە». کەوایە دەبینن کە سۆسیال دیموکراسی دەبێت بە گشتی دژی دانانەوەی سەرلە نوێی ئەوانە بێت، بە هەر شێوازێک. لە ساڵی 1905، لە «سەردەمی ئیمپریالیزم»دا کاتێک دیت(پەرلەمان)ی خۆبەڕێوەبەری نەرویژ جیابوونەوەی خۆی لە سوید راگەیاند و جەنگێک کە کۆنەپەرەستانی سوید بەنیاز بوون لە دژی نەرویژ هەڵیگیرسێنن، هەم بە هۆی خۆڕاگری کرێکارانی سویدی و هەم بە هۆی دۆخی نێودەوڵەتی ئیمپریالیزم سەری نەگرت، سۆسیال دیموکراسی دەبوایە دژی جیابوونەوەی نەرویژ بوایەت چونکە ئەم جیابوونەوەیە بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر بە مانای: «دامەزرانی هێڵیکی سنوری نوێ لە ئەوروپا»دا بوو!

ئەمە ئیتر پەیوەستخوازی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگرە. هیچ پێویستیەک بە رەتکردنەوەی نییە، چونکە خۆی خۆی مەحکوم دەکات، هیچ پارتێکی سۆسیالیست ناوێرێت وەها هەڵوێستێک دەربېڕێت: «ئێمە بە گشتی دژی پێوەستبوو نین، بەڵام لە ئەوروپا کاتێک پەیوەستبوونەکان، بوون بە ئەمری واقع قبوڵیان دەکەین و بە جۆرێک لەگەڵیان پێکدێین».

ئێمە تەنها تۆزێک لە سەر ریشە تیۆریەکانی هەڵەیەک کە هاورێ پۆڵەندیەکانمان ئێمەیان بەرەو وەها «مەحاڵێک» ئاشکرا بردوە، ورد دەبینەوە، ئێمە کەمێک دورتر دەریدەخەین، کە تا چ رادەیەک جیاکردنەوەی خەرجی «ئەوروپا» بێ بنەمایە. ئەو دوو رەستەیەی خوارەوە لە تێزەکان لەقاودەری ریشەکانی تری بەلارێدا چوونە لە نێوان هەڵە زۆر و زەبەندەکاندا:

«... بەوشوێنەیدا کە مەکینەی ئیمپریالیزم تێپەڕیوە و دەوڵەتێکی سەرمایەداری پێشتر گیرساوی هاڕیوە، لە هەمان شوێن چڕبوونەوە و وردبوونەوەیەکی سیاسی و ئابوری لە ژێر شێوزای دڕندانەی ستەمکاری ئیمپریالیستی، پێکدێت کە ئامادەکاریەکە بۆ دامەزرانی سۆسیالیزم»...

ئەمە شێوازێکە بۆ پاساوکردنی پەیوەستبوونەکان و ستروڤیسم نەک مارکسیزم. سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا ساڵانی 1890یان لە بیرماوە، کە لەگەڵ ئەم شێوازە لە چەواشەکردنی مارکسیزم کە سیمای هاوبەشی ستروڤەکان، کانوەکان، لگینەکان و هاوپەیمانانە بە باشی دەناسن. هەر سەبارەت بە ستروڤیستە ئەڵمانییەکان کە «سۆسیال ئیمپریالیستیان» پێ دەوترا واتای خوارەوە لە یەکێک لە تێزەکانی هاورێیانی پۆڵەندادا دەخوێنینەوە: (دروشمی مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنوسیاندا) «بە سۆسیال ئیمپریالیستەکان ئەو ئیمکانە دەدات کە بە سەلماندنی تایبەتمەندی خۆشباوەڕیانەی ئەو دروشمە، خەباتێک کە ئێمە لە دژی ستەمی نەتەوایەتی دەیبەینێ پێش، بە سەرچاوەگرتوو لە هەڵسوکەوتێکی سۆزدارانە لە قەڵەم بدەن کە لە بواری مێژوویەوە پاساوهەڵنەگرەو بەمجۆرە متمانەی پڕۆلتاریا سەبارەت بە راستی زانستیانەی بەرنامەی سۆسیال دیموکراسی وەرگرێتەوە»...

مانای رەستەکە ئەوەیە کە نوسەران هەڵوێستی ستروڤیستە ئەڵمانییەکان بە «زانستی» هەڵدەسەنگێنن! پیرۆزیان بێت.

بەڵام بیرهێنانەوەی «خاڵێکی بچوک» بەسە بۆ ئەوەی ئەم هۆکارە سەرسوڕهێنەرە کە بە سەلماندنی بەرهەقبوونی (لینچەکان، کانوەکان و پارۆسەکان) لە دژی هاودەنگە و بەم جۆرە هەڕەشە لە ئێمە دەکات ببێتە بڵقی سەر ئاو: خاڵی گرنگ ئەوەیە کە لینچەکان لە جۆری خۆیاندا کەسانێکی پەیجۆر و لەخۆبردوون. لینچ لە ژمارەی 809ی بڵاوکراوەی شۆڤینی زەنگی ئەڵمانی – ئەم ژمارانەش بە ئەنقەست لە تێزەکانماندا

وەبیردێنینەوە - بە شێوەی هاوکاتْ (نەبونی بنەمای زانستی) بۆ دروشمی خودموختاری (ئاشکرایە کە سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندیەکان ئەم بەڵگەهێنانەوەی لینچ بە رەتنەکراوە لەقەڵەم دەدەن، لەو پاساوەی کە لە تێزەکانی ئەواندا وەرگیراوە و ناومان هێناوە وەها لێکدەدرێنەوە...) و «نەبوونی بنەمای زانستی» بۆ دروشمی دژایەتی لەگەڵ پەیوەستبوون دەسەلمێنێت!!

چونکە لینچ راستیەکی سەرەتایی بە باشی ئێدەگاتْ، راستیەک کە ئێمە هاوسەنگەرانی پۆڵەندی خۆمانمان لێ ئاگادار کردوەتەوە و ئەوان ئامادەنەبوون وەڵامی بدەنەوە ئەوەش ئەوەیە، کەهیچ جۆرە جیاوازییەک - « نە لەبواری ئابوری و نە لەبواری سیاسیەوە» نە بەگشتی لە بواری لۆژیکیەوە، لە نێوان «پێناسە»ی حوکمیزانی و «نارەزایی» لە دژی پەیوەستبوون نییە. ئەگەرچی هاورێیانی پۆڵەندا بڕوایان بە رەتکردنەوە هەڵنەگربوونی هۆکارەکانی لینچ لە دژی حوکمیزانی هەیە دەبێتْ هەربەم شێوەیە ئەم راستییە قبوڵ بکەن کە: هاوشێوەکانی لینچ تەواوی ئەو هۆکارانە لە بەرامبەر خەباتی دژی پەیوەستبوون بەکاردەبەن.

ئەو هەڵە تیۆریە کە بنەمای بەڵگە و پاساوەکانی هاوسەنگەرانی پۆڵەندیمان پێکدەهێنێتْ دەیانکاتە پەیوەستخوازانێکی ناشێلگیر.

**5 - بۆچی سۆسیال دیموکراسی دژی پەیوەستبوونە؟**

لە روانگەی ئێمەوە وڵامەکە روونە: بەو هۆیەی کە پەیوەستبوون، مافی میللەتان بۆ دیاریکردنی چارەنوسیان پێشێل دەکاتْ، یان بە واتایەکی تر لەو رووەوە کە پەیوەستبوون یەکێکە لە شێوازەکانی ستەمی نەتەوایەتی.

لە روانگەی سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندیەکانەوە، پێشکەشکردنی شیکاری تایبەتْ وەکو پێویستیەک هەستی پێکراوە و دارێژەرانی ئەو شیکردنەوانە (بەشی سێی بەندی یەکی ئەم تێزانە) بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر چونەتە ناو زنجیرەیەک ناکۆکی و دژبەیەکی نوێوە.

ئەوان بۆ «پاساو»ی ئەو بابەتە کە ئێمە «سەرباری بەڵگەهێنانەوەی لە بواری زانستیەوە سەلمێنراوی لینچەکان»، دژی پەیوەستبوونین، دوو هۆکاریان هێناوەتەوە.

**هۆکاری یەکەم:**

«... لە بەرامبەر ئەم وتەزایەدا کە پەیوەستبوون لە ئەوروپا بۆ پاراستنی سەربازی دەوڵەتی ئیمپریالیستی پێویستە، سۆسیال دیموکراسی پێیوایە کە تەنها دەرەنجامی پەیوەستبوون، توند بوونەوەی ئەنتاگونیسمەکان و توندبوونەوەی مەترسی جەنگە»....

بۆ لینچەکان ئەو وەڵامە بەس نییە،چونکە هۆکاری سەرەکی ئەوان پێویستی سەربازی نییە، بەڵکو خەسڵەتی لە بواری ئابوریەوە پێشکەوتنی پەیوەستەبوونەکانە کە دەبێتە هۆی چەق بەستن لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا. کوێی ئەم پاساوە لۆژیکیە، ئەگەر سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندیەکان لەو یەکەیەشدا تایبەتمەندی پێشکەوتن بۆ وەها چەقبەستنێک قبوڵ دەکەن، لە کاتێکدا، دژی کێشرانەوەی هێڵی سنورین کە لە لایەن ئیمپریالیزمەوە سڕاوەتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە لە دژی پەیوەسبوونەکان دەوەستنەوە؟

درێژەی دەدەین. پەیوەستبوونەکان دەبنە هۆی زیادکردنی مەترسی چ جۆرە جەنگێک؟ مەترسی جەنگی ئیمپریالیستی نابێت، چونکە هۆکاری تر دەبنە هۆی هەڵگیرسانی وەها جەنگێک: لە جەنگی ئیمپریالیستی ئێستادا، ئەنتاگۆنیسمە سەرەکیەکان بێگومان ئەوانەن، کە لەلایەک بەریتانیا رووبەڕووی ئەڵمانیاو لەلایەکی دیکەوە روسیا رووبەڕووی ئەڵمانیا دەکەنەوە. ئەوەی جێی سەرنجە پەیوەستبوونێک لە کاردا نەبووە و نییە.

ئەو مەترسیەی کە سەبارەت بە زیادبوونی هۆشداری دراوە مەترسی شەڕی نەتەوەیی و راپەڕینی نەتەوەییە، بەڵام چۆن دەکرێت لە لایەک جەنگە نەتەوەییەکان لە «سەردەمی ئیمپریالیزمدا» بە ناومکین رابگەیەنرێت و لە لایەکی دیکەوە لە «مەترسی» شەڕی نەتەوەیی قسە بکرێت؟ ئەوە قەد لۆژیکی نییە.

**هۆکاری دووەم:**

پەیوەستبوونەکان «کەلێنێکی قوڵ لە نێوان بـۆرژوازی نەتەوەی زاڵ و پرۆلتاریای نەتەوەی بندەستدا دروست دەکەن»... « پرۆلیتاریای نەتەوەی بندەست لەگەڵ بۆرژوازی خۆییدا یەکدەگرن و پرۆلتاریای نەتەوەی زاڵ بە دوژمن دەزانن، لە بری خەباتی چینایەتی نێونەتەوەیی پرۆلتاریا لە دژی بۆرژوازی نێونەتەوەیی، جیابوونەوەی پرۆلیتاریا و گەندەڵی ئایدۆلۆژی ئەو جێگرەوەی دەبێت»...



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

ئێمە ئەو هۆکارانەمان بە تەواوەتی قبوڵە،بەڵام ئایا لۆژیکیە سەبارەت بە یەک و هەمان یەک مەسەلە هۆکارێک بهێنینەوە کە ناکۆک و رەتکەرەوەی یەکترین؟ لە بەندی 3 لە بەشی یەکی تێزەکاندا هەمان هۆکار کە لە سەرەوە باسکرا دەدۆزینەوە، لە سەر ئەو بنەمایەی کە دەرەنجامی پەیوەستبوونەکان لێکدابڕانی پرۆلتاریایە و لە هەمان شوێن لە بەندی 4 دا بە ئێمە دەڵێت کە دەبێ لە ئەوروپادا دژی سەرجەم ئەو پەیوەست بووانە بین کە تا ئێستا ئەنجام دراوە، دەبێت لایەنگری» راهێنان و پەروەردەکردنی جەماوەری کرێکارانی نەتەوە بندەستەکان و نەتەوە باڵا دەستەکان بۆ خەباتێکی یەکپارچە بین»

ئەگەر هەڵوەشاندنەوەی تێکەڵبوونەکانی سەرچاوە گرتوو لە «هەستوسۆزی دەرونــی» دواکەوتوانەیە - مومکین نییە بتوانرێت بانگەشەی ئـەوە بکرێت کە تێکەڵبوونەکان دەبنە هۆی دروستکردنی «کەلێنێک» لە ناو پرۆلتاریا و هۆکاری «دابڕان» لە ریزەکانیاندا بێت. بە پێچەوانەوە دەبێت تێکەڵبوون و پەیوەستبوونەکان ئەو ئیمکانە بە ئێمە بدات کە مەرجی نزیکبوونەوەی پرۆلتاریای نەتەوە جۆراوجۆرەکان لەو رێگایەوە بناسین.

ئێمە دەڵێین: کرێکاران بۆ ئەوەی توانانی شۆڕشی سۆسیالیستی و لەناوبردنی بۆرژوازیان بێت، دەبێت پەیوەندیەکی پتەو لە نێوانیاندا بەرقەرار بێت خەبات بۆ مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا - واتا خەبات لە دژی پەیوەستبوونی زۆرە ملێ، زەمینەیەکی لەبار بۆ ئەو یەکێتیە پتەوە پێکدەهێنێت. ئێمە لە کاتی خۆیدا شێلگیر دەمێنینەوە، بەڵام رێک بە پێچەوانەوە، هاوڕێیانی پۆڵەندا کە پەیوەستبوونەکانی ئەوروپا بە «گۆڕان هەڵنەگر» و شەڕە نیشتمانییەکان بە «نامومکین» دەزانن، لە کاتێکدا وەکو هۆکار پشت بە جەنگە نەتەوەییەکان دەبەستن و لە دژی پەیوەستبوونەکان دەوەستنەوە، خۆیان خەوشدار دەکەن! ئەو هۆکارانە رێک ئەوە دەردەخات کە پەیوەستبوونەکان دەبێنە هۆی پێکهێنانی کۆسپ لە رێگای نزیکبوونەوەی کرێکارانی جۆراوجۆردا!

بە واتایەکی تر سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندیەکان بۆ ئـەوەی کە لە دژی پەیوەستبوونەکان بوەستنەوە ناچارن لە ناو تفاقە تیۆریەکاندا بۆ هۆکارەکانیان بگەڕێن کە بۆ خۆشیان بنەماکانی رەتدەکەنەوە.

ئەو پرسەش سەبارەت بە مەسەلەی داگیرکاریەکان بە روونی زیاترەوە ئاشکرا دەبێت.

**6 - ئایا دەتوانرێت لەم بارەیەوە موستەعمەرەکان لە بەرامبەر «ئەوروپادا» دابنرێت؟**

لە نێزەکانماندا هاتووە کە خواستی ئازادی دەستبەجێی موستەعمەرەکان تا ئەو رادەیە لە سیستمی سەرمایەداریدا «بەدینەهاتوو» دەبێت (واتا بەبێ ئەنجامدانی کۆمەڵە شۆڕشێک بەدینەهاتو بووە و بە بێ سۆسیالیزم ناجێگیر دەبێت) کە مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا، هەڵبژاردنی فەرمانبەران لە لایەن خەڵکەوە، کۆماری دیموکراتی و ... هتد. لەلایەکی دیکەوە ئەو خواستە شتێک نییە جگە لە ناساندنی مافی میلەتان لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا».

هاوڕێیانی پۆڵەندا وەڵامی هیچ کام لەم باسانەیان نەداوەتەوە. ئەوان لە هەوڵی ئەوەدان لە نێوان «ئەوروپا» و موستەعمەرەکاندا جیاوازی دابنێن. ئـەوان تەنها لەو شوێنەی مەسەلەکە پەیوەندی بە ئەوروپاوە هەیە دەبنە پەیوەستخوازانی ناشێلگیر و ئامادە نین پەیوەستبوونەکان لەو کاتەوە کە ئەنجام دەدرێت هەڵبوەشێننەوە.

بەڵام سەبارەت بە موستەعمەرەکان ئەوان داخوازییەکی دیکە گەڵاڵە دەکەن: «لە موستەعمەرەکان بچنە دەرەوە!»

سۆسیالیستە روسیەکان دەبێت خوازیاری «چوونە دەرەوە لە تورکستان، خیوە، بوخاراو و هتد» بن، بەڵام ئاگادارن کە ئەوان تووشی «خەیاڵ» یان «هەست و سۆزی» دژە زانستی دەبن ئەگەرچی دوای ئەوە خوازیاری هەمان ئازادی جیابوونەوە بۆ پۆڵەندا، فینلەندا، ئۆکرانیا و هتد ببن؟ سۆسیالیستە بەریتانییەکان پێویستە ئەم دروشمانە بڵێنەوە « چوونە دەرەوە لە ئەفریقا، هندستان، ئوسترالیا»،بەڵام دروشمی « چوونە دەرەوە لە ئێرلەندا» هەرگیز. چ هۆکارێکی تیۆری دەتوانێت پاساوکەری وەها جیابوونەوەیەک بێت، لە کاتێکدا هەڵە بوونی بە روونی بەرچاو دەکەوێت؟

ئەوە پرسیارێکە کە شیکردنەوە هەڵناگرێت.

«هۆکاری بەهێزی» نەیارانی حوکمی زاتی ئەوەیە کە بە «بەدینەهاتووی» دەزانن. گەڕانەوە بۆ «ناوەندێتی ئابوری و سیاسی» لە هەمان ئەندێشەدا، بە

بەرجەستەبوونێکی زیاترەوە، سەرچاوەی گرتووە.

روون و ئاشکرای کە بەناوەندکردن، لەرێگەی پەیوەستبوونی موستەعمەراتیشەوە بەدیهاتووە. لە رابردوودا جیاوازی ئابوری نێوان موستەعمەرەکان و خەڵکانی ئەوروپی - لانیکەم زۆربەیان - کە موستەعمەرەکان لە ئاڵوگۆڕی کاڵادا هاوپشک بوون، بەڵام هێشتا رۆڵێکیان لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا نەبوو. ئیمپریالیزم ئەم دۆخەی بە تەواوەتی گۆڕی. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی سەرمایەداری هەناردەکردنی سەرمایەیە. بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە خێراییەکی زیاترەوە لە موستعەممەرەکاندا جێگیر دەبێت بە جۆرێک کە دەرکردنی ئەو موستەعمەرانە لە ژێر دەسەڵاتی سەرمایەداری ئەوروپیدا مەحاڵ دەبێت. نۆرمی گشتی ئەوەیە کە جیابوونەوەی موستەعمەرەکان، چ لە بواری سەربازی و چ لە بواری پێشکەوتنەوە، تەنها لە رێگەی سۆسیالیزمەوە دێتەدی. ئەم پرسە لە ژێر هەیمەنەی سیستمی سەرمایەداریدا، تەنها لە حاڵەتێکی جیاوازدا شیاوی بە دیهاتنە، یان بە نرخی زنجیرەیەک شۆڕش و راپەڕین، چ لە موستەعمەرەکان و چ لە مترۆپۆلدا.

لە ئەوروپادا زۆربەی نەتەوە وابەستەکان، پێشکەوتووترن لە موستەعمەرەکان (هەڵبەت هەموان نە هاوشێوەی: ئەلبانییەکان و زۆربەی ئەو هاوڵاتیانەی کە روسی نین). هەر ئەم مەسەلەیەشە دەبێتە هۆی خۆڕاگریەکی سەرسەختانە لە بەرامبەر ستەمی نەتەوایەتی و پەیوەستبووندا! هەر بەم هۆیەشە کە گەشەی سەرمایەداری لە ئەوروپا بەرامبەر بە موستەعمەرەکان لە هەر دۆخێکی سیاسیدا، لەوانە جیابوونەوەی ناوچە پەیوەست بووەکان، گەرەنتی زیاتری دەبێت. هاوڕێیانی پۆڵەندا کاتی قسە کردن سەبارەت بە موستەعمەرەکان پێداگری دەکەن کە: «لەوێدا هێشتا سەرمایەداری ئەرکی گەرەنتی کردنی گەشەی سەربەخۆیانەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان دەبێت لە ئەستۆ بگرێت» ... لە ئەوروپادا ئەم پرسە دیسان بەرچاوترە: گۆمانی تێدا نییە کە لە پۆڵەندا، فینلاند، ئۆکرانیا، ئالزاس، سەرمایەداری هێزە بەرهەمهێنەرەکان بە هێز، خێرایی و سەربەخۆیی زیاترەوە گەشە پێدەدات، بۆ ئەوەی لە هندستان، تورکستان، میسر و ئەو ناوچانەی تر کە بە تەواوەتی موستەعمەرەن. لە کۆمەڵگەیەکدا کە هێشتا بەرهەمهێنانی کاڵایی

زاڵە هیچ پەرەپێدانێکی سەربەخۆ، یان بە گشتی هیچ جۆرە گەشەکردنێک بە بێ سەرمایەداری مومکین نییە. لە ئەوروپا نەتەوەکانی سەر بەو یەکەیە هەم سەرمایەداری خۆییان هەیە و هەم ئاسانکاریەکی زۆر بۆ دابینکردنی سەرمایە لە دۆخی زۆر جۆراوجۆر و هەمە رەنگدا بوونی هەیە بۆیان، بەڵام موستەعمەراتی سەرمایەی خۆییان نەبووە و ئاڕادەیەکیش نییەتی. ئەوان دەتوانن لە چوارچێوەی سیستمی سەرمایەداریدا تەنها لەحاڵەتێکدا دەتوانن ئەو سەرمایەیە بە دەست بهێنن کە مل بە یەخسیری سیاسی خۆیان بدەن. بەم دۆخەشەوە داخوازی ئازادی دەستبەجێ و بێ مەرجی موستەعمەرەکان دەتوانێت چ واتایەکی هەبێت؟ ئایا روون نابێتەوە کە بە تایبەتی سەبارەت بەم داواکاریەیە کە دەتوانین دەربارەی «خەیاڵ» ئاخاوتن بکەین. ئەوەش بە واتاییەکی عامیانە کە لە لایەن سترۆڤەکان، لینچەکان، کانۆکان و بە داخەوە هاوڕێیانی پۆڵەندی کە درێژەدەری رێگاکەی ئەوانن، بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە بەکار دەهێنرێت؟ لەروانگەی کۆتاییدا، ئەوان سەبارەت بە هەر چییەک کە لە روانگەی ئاکێکی بیرتەسک و عامیەوە ئاساییە، تەنانەت ناوونانۆرەی «خەیاڵاوی» دەدەنە پاڵ هەنگاوە شۆڕشگێڕانەکانیش، بەڵام بزوتنەوە شۆڕگێڕانەکان بە هەموو شێوازەکانییەوە – لەوانە بزوتنەوەی نەتەوەیی – لە ئەوروپا بەدیهاتووتر و وشیارانەتر و سەرسەختانەتر سەرساهەڵنەگرن تا لە موستەعمەرەکاندا. هاوڕێیانی پۆڵەندا رایدەگەینن کە سۆسیالیزم « دەتوانێت هاوکاری فەرهەنگی بێ قازانج پەرەستی و دەسەڵاتخوازی پێشکەشی خەڵکە دواکەوتووەکانی موستەعمەرەکان بکات» بێگومان راستە، بەڵام چۆن دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە نەتەوەیەکی گەورە، یان دەوڵەتێکی گەورە، کە تێپەڕبوون بەرەو سۆسیالیزمی بەدیهێناوە، ناتوانێت نەتەوەیەکی ستەملێکراوی ئەوروپی لە رێگەی « هاوکاریەکی فەرهەنگی بە قازانج پەرستی و دەسەڵات خوازی» بەرەو خۆی رابکێشێت. ئەمە هەر ئەو ئازادی جیابوونەوەیەیە کە سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندیەکان دەیبەخشنە موستەعمەرەکان، کە نەتەوە ئەوروپییە ستەملێکراوەکان کە بچوک، بەڵام خاوەن فەرهەنگ و شارستانییەتی بەرزن و لە بواری سیاسیەوە داخوازی فرە و فراوانیان هەیە بەرەو ئەوە هاندەدات کە لەگەڵ دەوڵەتە گەورە سۆسیالیستیەکاندا یەکبگرنەوە، چونکە لە رژێمی سۆسیالیستیدا چەمکی دەوڵەتی

گەورە برینیە لە: تا ئەو رادەیە سەعاتی کارکردنی رۆژانە کەمترو تا ئەو رادەیە موچەی رۆژانە زیاتر.

جەماوەری ئازار چەشتوو بەرزگاربوون لە یەخسیری بۆرژوازی بەو پەڕی هێزەوە بە یەکێتی و تێکەڵبوون لەگەڵ نەتەوە گەورە سۆسیالیستیە پێشکەوتووەکاندا حەزی وەرگرتنی ئەو «هاوکارییە فەرهەنگیە»یان تێدا بەرز دەبێتەوە، تەنها بەو مەرجەی کە ستەمکارانی دوێنێ هەستی دیموکراسی گەشەکردوی شانازی و سەروەریەکانی نەتەوەیەک کە ماوەیەکی دوورودرێژ ستەملێکرا بووە بریندار نەکات، تەنها بەو مەرجەی کە یەکسانی لە هەموو بوارەکاندا - بەتایبەت دامەزرانی دەوڵەتی دڵخواز و هەوڵەکانی بۆ پێکهاتەی دەوڵەتی «خۆڕسک» گەرەنتی کراو بێت. لە رژێمی سەرمایەداریدا ئەو هەولانە بە واتای جەنگ، تاک بوونەوەو لە خۆدا رۆچوون، خۆویستی دەمارگرژانەی نەتەوە تایبەتیەکانی «هۆڵەندا و سویسرایە» لە رژێمی سۆسیالیستیدا، جەماوەری زەحمەتکێش بە هۆکاری تەواو ئابوری کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا خوازیاری بەتاکبوون لە هیچ شوێنێک نابێت. جگە لەوە، فرەچەشنی لە شێوازی سیاسی، ئازادی جیابوونەوە، ئەو هەولانەی لە بواری پێکهاتەی دەوڵەتدا ئەنجام دەدرێت، هەمووی ئەو کاروبارە - بەرلەوەی هەر جۆرە دەوڵەتێک بە گشتی لەناو بچێت - بنەمای ژیانێکی فەرهەنگی دەوڵەمەند و گەرەنتی بزوتنی خێرای نەتەوەکان لە پێناو نزیکایەتی و تێکەڵبوونی ئازادانەو بە گوێرەی حەزو خواستی ئەوان دەبێت. هاوڕێیانی پۆڵەندا بە جیاکردنەوەی پرسی موستەعمەرکان، دانانی ئەوان لە بەرامبەر ئەوروپادا توشی ناکۆکیی و دژبەیەک بوونێک دەبن، کە تەنها زەبرێک بەسە بۆ ئەوەی سەرجەم بەڵگەهێنانەوە ناڕاستەکانیان تێکڕوخێنێت.

### 7 - مارکسیزم و پرۆدۆنیزم؟

گەڕانەوەی ئێمە بۆ بۆچوونەکانی مارکس سەبارەت بە دابەشبوونی ئێرلەندا، بووە هۆی ئەوەی هاوڕێیانی پۆڵەندا، بۆ جارێکیش بێت، وەڵامێکی راستەوخۆ بدەنەوە. ئەوان بیانوو لە چی دەگرن؟ ئەوان لەو بڕوایەدان کە گەڕانەوە بۆ مارکس بە درێژایی سالانی 1871 - 1848 « هیچ جۆرە بایەخێکی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

نییە.»

ئەم جۆرە هەڵوێستە کە توندیەکی تایبەتی تێدایە و بە هۆی تێپەڕبوونی کاتەوە بۆچوونەکانی مارکس بە هەڵوەشاوە دەزانێت لەو داگەڕانەوە سەرچاوەی گرتووە کە مارکس» بە شێوەی هاوکات» لە دژی سەربەخۆخوازی «چیکەکان، سلاڤەکانی باشوور و هتد...» هەڵوێستی وەرگرتووە.

ئەگەرچی ئەو پاساوە توندبوونی تایبەتی تێدایە، بەو هۆیەشە کە پتەوبوونی تایبەتی تێدا نییە. مارکسیستە پۆڵەندیەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە مارکس تەنها مرۆڤێکی شێواو پەرێشانە کە «هاوکات» تێزی ناکۆک و دژ بەیەکی دەرکردوە! هیچ کام لەم بانگەشانە نە راستی هەیە و نە مارکسیستیە. لێکدانەوەی «رۆشن» ئەوەیە کە هاوڕێیانی پۆڵەندا داوایدەکەن، بێ ئەوەی تەنانەت ئەویان بە کردەوە دەرهێنابێت. ئەو ئەرکە دەخەنە بەردەم ئێمە کە تاوتوێی بکەین و بزانین ئایا هەڵوێستە جیاوازەکانی مارکس سەبارەت بە بزوتنەوە «نەتەوەیە» روون و جیاوازەکان لە هەمان جیهانبینی سۆسیالیستی سەرچاوەی گرتووە یان نا.

بەوجۆرەی کە دەزانین مارکس لایەنگری سەربەخۆیی پۆڵەندا لە روانگەی بەرژەوەندی دیموکراسی ئەوروپی لە بەرەنگاربوونەوەی هێز و هەیمەنەی تزاریسم، یان دەتوانین بڵێین لە دژی دەسەڵات خوازی و هەژموونی کۆنەپەرەستانەی دەسەڵاتی تزاریزم بوو. ئەو روانگەیە لە ساڵی 1849دا کاتێک کە سوپای دەربەگی روسیا راپەڕینی دیموکراتیانە و شۆڕشگێڕانەی هەنگاریای سەرکوتکرد، کە بۆ رزگاری نیشتمانی سەریهەڵدا بوو، بە درەوشاوەترین و روونترین شێوە هەقانیتی خۆی سەلماندا. لەو ساتەوەختەوە تا کاتی مردنی مارکس تەنانەت دوای ئەوەش تا ساڵی 1890 کە هەڕەشەی دەستپێکردنی شەڕێکی کۆنەپەرەستانە لەلایەن تزاریزمەوە، کە لە دژی فەرەنسا، لەگەڵ ئەڵمانیا یەکی گرتبوو لە ئارادا بوو - ئەڵمانیایەک کە هێشتا ئیمپریالیزم نەبوو، بەڵکو بواری نەتەوەییەوە سەربەخۆ بوو - ئەنگڵس بەر لە هەر شتێکتر لایەنگری بزوتنەوەی نەتەوەیی چیکەکان و سلاڤەکانی باشوور بوو. بۆ سەرجەم هۆگرانی مارکسیزم جگە، لەوانەی کە تەنها بە مەبەستی رەتکردنەوەی بەکاری دەهێنن. ئەوەندە بەسە بگەڕێنەوە بۆئەوەی کە مارکس و ئەنگڵس لە ساڵانی 1849 -

1848 نووسیویانە، بۆئەوەی قەناعەت بەوەبهێنن کە ئەوان «مارکس و ئەنگڵس» بەو پەڕی روونیو وردبینییەوە «خەڵکە دواکەوتووەکەبە گشتی» کە «پێشەنگی سوپای روسیا» لە ئەوروپادا بوون لە بەرامبەر خەڵکانی شۆڕشگێڕدا دادەنێن واتا ئەڵمانەکان، پۆڵەندیەکان و هەنگاریەکان.

ئەوە راستیەکە وبەرهەقبوونی ئەو راستیەش لەو سەردەمەدا حاشاهەڵنەگر بوو: لە ساڵی 1848دا نەتەوە شۆڕشگێڕەکان بە بۆنەی بەدەستهێنانی ئازادیەوە کە دوژمنە گەورەکەی تزاریسم بوو، شەڕیاندەکرد لەکاتێکدا چیکەکان و هاوشێوەکانیان بە کردەوە خەڵکانێکی کۆنەپەرست و پێشەنگی تزاریسم بوون.

بۆ وەفاداربوون بە مارکسیزم دەبێت شیکردنەوەی روون لەسەر ئەو نمونە دیارە بکرێت. ئەو نمونەیە چی بە ئێمە نیشان دەدات؟ تەنها ئەوەیکە: 1 - رزگاری میللەتانی گەورە و زۆر گەورەی ئەوروپی قازانجی زیاترە، تا بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەبچووکەکان. 2 - خواستی دیموکراسی دەبێت لە پانتایی هەموو ئەوروپادا لە بەرچاو بگیرێت - ئەمڕۆ دەبێ بوترێت: بە پانتایی جیهان -نەک بە تاکلایەنانە و جیاجیا.

گەوهەری بابەتەکە ئەمەیە. ئەو مەسەلەیە هەرگیز بە مانای رەتکردنەوەی ئەو بنەما سەرەتاییەی سۆسیالیزم نییە، کە پۆڵەندیەکان لەبیریان کردوە، بەڵام مارکس هەمیشە ئەمەکداری ماوەتەوە. نەتەوەیەک کە ستەم لە نەتەوەیەکی تر بکات ناتوانێت ئازاد بێت. ئەگەرچی ئەو دۆخە دیاریکراوەی سەردەمی مارکس کە سەردەمی زاڵبوونی هەژمونی تزاریزم بوو بە سەر سیاسەتی نێونەتەوەییدا جارێکی تر دوپاتبێنەوە، بۆ نمونە بەو شێوەیەی کە چەندین نەتەوە سەرقاڵی شۆڕشی سۆسیالیستی بن (بەو جۆرەی کە ساڵی 1848 لە ئەوروپادا سەرقاڵی شۆڕشی دیموکراتی بۆرژوایی بوون) و ئەگەرچی خەڵکانێکی تر ببنە سوپای دواکەوتووی بۆرژوازی، بەدەر لەو بزوتنەوانەی کە لەو سەردەمدا لە ناویاندا سەریهەڵدابێت، ئێمەش دەبێ لە جەنگێکی شۆڕشگێڕانەدا لە دژی ئەو گەلانە بۆ تێکشکاندنیان پشتیوانی خۆمان رابگەیەنین، بۆ ئەوەی تەواوی ئەو سوپایانە لەناو بچن. لە ئەنجامدا لە بری دورخستنەوەی نمونەکانی تاکتیکی مارکسیستی، کە دەبێنە هۆی بانگەشەی مارکسیزم لە قسەدا و دابڕان لێی لە کردەوەدا، ئێمە

دەبێت، لە ڕێگەی لێکدانەوەی دیاریکراو لەو، وانەیەکی بە نرخ بۆ داهاتوو فێربین. تەواوی داواکارییە جۆراوجۆرەکانی دیموکراسی لەوانە مافی نەتەوەکان، لەدیاریکردنی چارەنوسدا پرسێکی ڕەها نییە، بەڵکو بەشێکە لەکۆی بزوەتنەوەی دیموکراتیکی (ئەمڕۆی سۆسیالیزمی) جیهانی، لەوانەیە لەهەندێک خاڵەتی دیاریکراودا بەش لەگەڵ کۆدا بکەوێتە ناکۆکیەوە. لەو حاڵەتەدا دەبێت دەستی لێهەڵبگرین. لەوانەیە دۆخێک بێتە ئاراوە کە بزوتنەوە دیموکراسی خوازانەکانی وڵاتێک ببێتە کەرەستەیەک لە خزمەت پیلانگێڕی ئاینی، کۆڕو کۆمەڵی دارایی، یان پاشایەتی وڵاتانی تردا. لە وەها حاڵەتێکدا ئەرکی سەرشانمانە لەو بزوەتنەوە دیاریکراوە پشتیوانی نەکەین، بەڵام گاڵتەجاڕانە دەبێت ئەگەر بەو بیانووەوە، بمانەوێت دروشمی کۆماری لە بەرنامەی سۆسیال دیموکراسی نێونەتەوەییدا بسڕینەوە.

بەڵام با بزانین لە مەودای نێوان ساڵانی 1848 – 1871 تاکوو 1898 – 1916 ( واتا گرنگترین قۆناغەکانی ئیمپریالیزم لە سەردەمی جەنگی ئیسپانیا – ئەمریکا تاکو جەنگی ئیمپریالیستی لە ئەوروپا چ گۆڕانکاریەک لەو بارودۆخە دیاریکراوەدا ڕوویداوە؟ تزاریزم بە شێوەیەکی بەرچاو و حاشاهەڵنەگر پلەوپایەی خۆی وەکو گەورەترین سەنگەری کۆنەپەرەستی لە دەستداوە. یەکەم بەو هۆیەی کە لەلایەن سەرمایەی دارایی نێودەوڵەتیەوە بە تایبەت فەرەنساوە پشتیوانی لێکراوە و دواتر بە هۆی شۆڕشی 1905ی ڕوسیاوە. لەو سەردەمەدا، سیستمی دەوڵەتە گەورە نەتەوەییەکان – مژدەی هێنانی دیموکراسی ئەوروپی – و دیموکراسی و سۆسیالیزمی سەرباری گاڵتەجاڕبوونی تزاریزم، بە جیهان دەدا. تەمەنی مارکس و ئەنگڵس بڕی سەردەمی ئیمپریالیزمی نەکرد. لە ئێستادا سیستمێک پێکهاتووە کە بریتیە لە (5 – 6) زلهێزی ئیمپریالیستی و ئەوانەش هەر کامەیان خۆیان بەسەر نەتەوەکانی تردا دەسەپێنن. ئەو ستەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی بە شێوەی دەستکرد، ڕوخاندنی سەرمایەداری دوادەخات و بە شێوەی دەستکرد ئوپۆرتۆنیزم و سۆسیال شۆڤینی لە نەتەوە ئیمپریالیستەکان کە حاکمی جیهانن دەپارێزێت. لەو سەردەمەدا، دیموکراسی ئەوروپای خۆرئاوا کە گەورەترین نەتەوەکان رزگار دەکات دژی تیزاریسمێک بوو، کە بۆ مەبەستی دواکەوتوانەی خۆی سودی لە چەندین

بزوتنەوەی نیشتمانی پرژ و بڵاو دەبرد. ئەمڕۆکە، یەکێتی ئیمپریالیزمی تزاری لەگەڵ ئیمپریالیزمی سەرمایەداری پێشکەوتووی ئەوروپا کە بە گوێرەی ستەمی هاوبەش بەسەر کۆمەڵە نەتەوەیەکدا، لە بەرامبەردا پڕۆلیتاریای سۆسیالیست کە بەسەر پڕۆلیتاریای شۆڤینی» سۆسیال - ئیمپریالیست» و پڕۆلیتاریایەکی ئیمپریالیزمدا دابەشبوون وەستاوەتەوە.

ئەوەش هەمان ئەو گۆڕانکارییە روونەیە کە لە دۆخەکەدا پێکهاتووە و سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندیەکان سەرباری ئەوەی کە بەڵێنیانداوە هەڵسوکەوتی دیاریکراوی لە بەرامبەردا بکەن، هیچ پاساوێکیان بۆ ئەو بابەتە نییە.! گۆڕانکاری دیاریکراو لە چۆنییەتی جێگیرکردنی ئەو بنەما سۆسیالیستیە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت:

لەو سەردەمەدا، ئێمە بەر لە هەر شتێک "دژی تزاریزم» بووین (دژی چەند بزوتنەوەیەکی دیاریکراوی نەتەوە بچووکەکان کە تزاریزم ئەوانی لە بزوتنەوەیەکی دژە دیموکراتیدا بەکار دەهێنا) و لایەنگری نەتەوە گەورە شۆڕشگێڕەکانی خۆرئاوا. ئێستا، ئێمە دژی بەرەی زلهێزانی ئیمپریالیستی، بۆرژوازی ئیمپریالیستی، سۆسیال ئیمپریالیستەکان بووین و لە بەرژەوەندی شۆڕشی سۆسیالیستیدا، لایەنگری لە بەکارهێنانی سەرجەم ئەو بزوتنەوە نەتەوەییانە دەکەین، کە دژی ستەمکاری ئیمپریالیستین. هەرچەندە خەباتی پڕۆلتاریا لە دژی بەرەی گشتی ئیمپریالیزم رەسەنتر بێت، بەهەمان رادە ئەو بنەما ئەنترناسیۆنالیستیە کە دەڵێت: «نەتەوەیەک کە ستەم لە نەتەوەیەکی تر دەکات ناتوانێت ئازاد بێت»، بایەخێکی زیاتری دەبێت.

لایەنگرانی پرۆدۆن، لە ژێرناوی شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا، بە تێگەیشتنی خۆی لەو شۆڕشە، رۆڵی پۆڵەندایان لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەئەژمار نەهێناوە و نامۆ بوون بە بزوتنەوە نیشتمانییەکان. سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندیەکان بە گوێرەی ئەو رێبازە جزمی گەرایانە مامەڵەیان کردوە بەرەی نێونەتەوەیی خەباتی دژی سۆسیال ئیمپریالیستەکانی لە ناو بردوە و بە هۆی یەکلانەبوونەوەی هەڵوێستەکانیان سەبارەت بە مەسەلەی پەیوەستبوونەکان، « لە بواری عەینییەوە» یارمەتیدەری ئەوان بوو.

ئەمەش هەمان بزوتنەوەی نێونەتەوەیی خەباتی پڕۆلیتاریە کە بە گوێرەی هەلومەرجی دیاریکراو کە نەتەوە بچووکەکانی تێدان، گۆڕانی بەسەردا هاتووە: لە رابردودا «1848/ 1871» نەتەوە بچوکەکان وەکو هاوپەیمانانی کۆمەڵایەتی «دیموکراسی رۆژئاوایی» و خەڵکە شۆڕشگێڕەکان، یان وەکو هاوپەیمانانی تزاریسم، خاوەنی سەنگێکی دیار بوون. ئەمڕۆکە «1898/1914» ئەوان ئەو بایەخەیان لە دەستداوە: لەمە بەدواوە ئەوان بوون بە یەکێک لە رەهەندەکانی مفتەخۆری و لە ئەنجامی سۆسیال ئیمپریالیزمدا .

ئەوەی کە بایەخی هەیە ئەوە نییە کە بزانین ئایا یەک لە پەنجا یان یەک لە سەدی نەتەوە بچووکەکان بەر لە شۆڕشی سۆسیالیستی ئازادی بە دەستدەهێنن یان نا. گرنگ ئەوەیە، لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا، پڕۆلتاریا بە هۆی هەلومەرجی عەینییەوە بە سەر دوو ئۆردوگای نێونەتەوەییدا دابەشبوون. یەکێک بە هۆی پاشماوەکانی سەر سفرەی بۆرژوازی نەتەوەی باڵادەست) لەوانە بەهۆی چەوسانەوەی دوو قات و سێ لایەنەی نەتەوە بچووکەکان ) بە گەندەڵیدا دەکێشرێن، لە کاتێکدا ئەوی تر توانای رزگارکردنی خۆیی نییە، مەگەر لە رێگەی ئازاد کردنی نەتەوە بچووکەکان و پەروەردە کردنی جەماوەر بە گیانی دژە شۆڤینی، واتا لە دژی پەیوەستخوازی، و بە واتایەکی تر بە لایەنگری لە حوکمی زاتی.

ئەو لایەنە سەرکیەی مەسەلەکە لە روانگەی هاوڕێیانی پۆڵەنداوە بە پێناسەنەکراوی ماوەتەوە. ئەوان هەلومەرجەکە لە گۆشە نیگایەکەوە کە لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا بنەڕەتی بوەتەوە و واتا سەرباری هەبوونی دوو ئۆردوگا لە هەناوی پڕۆلیتاریای نێونەتەوەییدا ناخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لێرەدا ئاماژە بە چەند نمونەیەکی بەرجەستەی پرۆدۆنیسمی ئەوان دەدەین:

1 ـــ مامەڵەی ئەوان بەرامبەر بە راپەڕینی 1916ی ئێرلەندا. لە خوارەوە بە وردی ئەم مەسەلەیە شی دەکەینەوە.

2 ـــ بەیاننامەیەک کە لە تێزەکانیاندا هاتوو(بەشی 2، بەشی 3، کۆتایی بەندی 3) بە پشتبەستن بەو بنەمایەی کە شۆڕشی سۆسیالیستی «نابێت بە هۆی



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

هیچ شتێکی ترەوە داپۆشرابێت». ئەو بۆچوونە بە تەواوی دژە مارکسیستیە ئەگەر پێمانوابێت دروشمی شۆڕشی سۆسیالیستی لە ڕێگەی گرێدانی بە هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەی شێلگیرەوە دەربارەی هەر مەسەلەیەک، لەوانە مەسەلەی نەتەوەیی، داپۆشرێت.

لە روانگەی سۆسیال دیموکراتەکانی پۆڵەنداوە، بەرنامەی ئێمە «ناسیۆناڵ ریفۆرمیستیە».

ئەو دوو پێشنیارە کۆنکرێتیە پێکەوە بەراورد بکەن:

1 ــ بۆ حوکمی زاتی

2 ــ بۆ ئازادی جیابوونەوە.

جیاوازییەک کە لە نێوان بەرنامەکانی ئێمەدا هەیە رێک لە سەر ئەم مەسەلەیە بووە!

ئایا ئەوە روون نییە کە بەرنامەی یەکەم ریفۆرمیستیەو هەر ئەو خاڵەش لە بەرنامەی دوەمی جیادەکاتەوە؟

ئەوە گۆڕانکاریەکی ریفۆرمخوازانەیە، کە نەک هەر کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی زاڵی نەهەژاندوە، بەڵکو وەکو مافێکی تایبەت، دەسەڵاتەکەی دەپارێزێت. گۆڕانکاری بنەڕەتی دەسـەڵات لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێت. ریفۆرمخوازێک لە بەرنامە نەتەوەییەکانی خۆیدا سەرجەم ئیمتیاز و مافە تایبەتەیەکانی نەتەوەی خاوەن دەسەڵات هەڵناوەشێنێتەوە. نەتەوەییەکی خۆبەڕێوەبەر لەگەڵ نەتەوەی خاوەندەسەڵاتدا خاوەنی مافی یەکسان نییە.

هاوڕێیانی پۆڵەندا ئەگەرچی (هاوشێوەی «ئیکۆنۆمیستەکان»ی کۆنی خۆمان) بۆ ئاشنا نەبوونیان سەبارەت بە چۆنییەتی لێکدانەوەی واتا و چەمکە سیاسیەکان ئەوەندە پێداگری ناکەن، بە دڵنیایەوە ئاگاداری ئەو مەسەلەیە دەبوون. نەرویجی خاوەنی ئۆتۆنۆمی تا ساڵی 1905، وەکو بەشێک لە سوید، ئۆتۆنۆمیەکی بەرفراوانی هەبوو،بەڵام خاوەنی مافی یەکسان لەگەڵ سوید نەبوو. تەنها لە رێگەی جیابوونەوەی ئازادانەی خۆیەوە بوو کە بە کردەوە سەلماندی کە لە مافدا یەکسانە (هەر ئەم ئازادی جیابوونەوەیەش بوو، کە زەمینەی نزیکایەتی زیاتر و دیموکراتیانەتری - بەگوێرەی یەکسانی ماف پێکهێنا). تا کاتێک کە نەرویج تەنها

ئۆتۆنۆمی هەبوو، ئەرەستۆکراتی سوید مافێکی زیاتری هەبوو و ئەو مافەش کەم نەکرایەوە (گەوهەری ریفۆرمیسم کەمکردنەوەی ئازارە، نەک لەناوبردنی) بەڵکو لە ڕێگەی جیابوونەوەوە (ئەم بنەما سەرەکیە وەکو تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕانەی بەرنامەیەک)، بە تەواوەتی هەڵوەشایەوە.

پێویستە ئەوەش بڵێین: لە نێوان ئۆتۆنۆمی وەکو ریفۆرمێک و ئازادی جیابوونەوە وەکو هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانە جیاییەکی بنەڕەتی هەیە. ئەم پرسە حاشاهەڵنەگرە. بەوجۆرەی کە هەموان دەیزانن، ریفۆرمێک بەگشتی لەبواری پراتیکەوە، تەنها یەک هەنگاوە بەرەو شۆڕش. بۆ نەتەوەیەک کە لەرێگەی زەبروزەنگەوە لە چوارچێوەی سنورەکانی دەوڵەتێکی دیاریکراوەوە زیندانیکراوە، ئەوە ئۆتۆنۆمییە کە ڕێگە دەدات تەواوکردنی هێڵکاری نیشتمانی خۆی لە شکڵی کۆتاییدا دەستەبەر بکات و هێزەکانی خۆی کۆبکاتەوە و بۆ ناسین و ڕێکخستنی هێزەکەی راهێنانی پێبکرێت و گونجاوترین ساتەوەخت بۆ دەربڕینی ئەم بابەتە بە شێوازی نەرویجی هەڵبژێرێت: ئێمە، پەرلەمانی خۆبەڕێوەبەری فلان نەتەوە، یان فلان سەرزەمینی تزار، سەرجەم هەرێمەکانی روسیا لە فەرمانڕەوایی بە سەر پۆڵەندا و هتد... بە چەکداماڵراو رادەگەیەنین. بە شێوەی باو بیانووی ئەوە دەگرن، کە ئەو مەسەلەیە لەرێگەی جەنگەوە نەک بەیاننامە چارەسەر دەبێت. راستە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا چارەسەری گرفتەکان جەنگە (هەر بەو جۆرەی کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مەسەلەکانی تایبەت بە شێوازی دەسەڵاتداری دەوڵەتە گەورەکان لە ڕێگەی جەنگ یان شۆڕشەوە چارەسەر دەبێت)، بەڵام دەبێت لەخۆمان بپرسین کە ئایا وەها «بیانوویەک» بەرامبەر بە بەرنامەی سیاسی پارتێکی سیاسی لۆژیکیە. ئایا ئێمە دژی ئەو جەنگ و شۆڕشانەین، کە لەپێناو دادپەروەری و خۆشگوزەرانی پرۆلیتاریاو دیموکراسی و سۆسیالیزمدا روو دەدات ؟

« ئێمە بە هیچ شێوەیەک ناتوانین بە بۆنەی رزگاری پرکێشەی نەتەوەیەکی بچووک کە رەنگە دانیشتوانەکەی تەنها لە 10 بۆ 20 ملیۆن کەس پێکهاتبێتن خوازیاری جەنگ لەگەڵ نەتەوەیەکی گەورەدا بین، کە دەبێتە هۆی لەناوچوونی 20 ملیۆن کەس، بین» بە دڵنیایەوە، هۆکارەکەی ئەوە نییە کە یەکسانی تەواوەتی نێوان نەتەوەکانمان لەبەرنامەکانی خۆماندا سڕیوەتەوە، بەڵکو بە هۆی ئەوەیە

کە دەبێت بەرژەوەندی دیموکراسی لەوڵاتێکدا هاوتای بەرژەوەندی دیموکراسی لەچەندین وڵات یان سەرجەم وڵاتاندا بکرێت. بۆ نمونە بیهێننە بەرچاو کە لە نێوان دوو سیستمی پاشایەتی بەهێزدا دەسەڵاتێکی پاشایەتی بچووک هەیە کەپاشاکەی، بە هۆی خزمایەتی یان هۆکاری دیکە، لەگەڵ پاشاکانی دوو وڵاتی دراوسێیدا»پەیوەندی» هەبێت. دواتر راگەیاندنی کۆماری لەو وڵاتە بچووکەدا و دوورخستنەوەی پاشاکەی بە مانای هەڵگیرسانی جەنگ لە نێوان دوو وڵاتە زلهێزە دراوسێکەیدا بێت هەر کامەیان هەوڵی ئەوە بدەن پاشای دڵخوازی خۆیان لەو وڵاتە بکەنە فەرمانڕەوا. گومانی تێدا نییە کە سۆسیال دیموکراسی نێونەتەوەیی بە گشتی و بە تایبەت لەو بەشەیدا کە بەراستی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیال دیموکراسی لەو وڵاتە بچووکەدا، لەو حاڵەتە تایبەتیەدا، دژی جێگیر کردنی سیستمی کۆماری لە بری پاشایەتی دەبێت. جێگرتنەوەی کۆماری لە بری پاشایەتی پرسێکی رەها نییە، بەڵکو خواستێکی دیموکراتیە کە پێویستە پەیڕەوی لە سیستمی دیموکراتی بە گشتی بکات بکات.

بەدڵنیایەوە وەها حاڵەتێکی هاوشێوەی ئەوەی کە باسکرا بێتەدی، تەنانەت سێبەرێک لە ناکۆکی لە بۆچووندا لە نێوان ریزەکانی سۆسیالدیموکراتەکانی هیچ کام لە وڵاتاندا پێکناهێنێت، بەڵام ئەگەر سۆسیال دیموکراتێک بیەوێت، بە بیانوی ئەو نمونەیەوە، پێشنیاری سڕینەوەی دروشمی کۆماری، بە گشتی، لە پرۆگرامی سۆسیال دیموکراسیدا نێودەوڵەتیدا بکات، تەنانەت بە شێتی دەزانن. پێیدەڵێن: پێویستی سەرەتایی و لۆژیکی جیاوازی نێوان بەش و گشت نابێت لە بیر بکات.

لە رێگەی ئەو نمونە هێنانەوەیە و بە پێوانی رێڕەوێکی ناڕاستەوخۆ دەگەینە پرسی پەروەردەی ئەنترناسیۆنالیستی چینی کرێکار. ئایا ئەم پەروەردە و راهێنانە کە پێویست و بایەخی پلەیەکی هیچ ناکۆکیەک لەنێوان چەپەکاندا لێناکەوێتەوە، بۆ نەتەوە گەورە ستەمکارەکان و نەتەوە بچوکە ستەملێکراوەکان بە روونی یەکسان بێت؟ نا بە هیچ شێوەیەک.

سروشتیە کە لێرەدا ریزەکانی رێپێوان بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو: یەکسانی تەواوەتی مافەکان، جێگیرکردنی پتەوترین پەیوەندیەکان و، لە داهاتوودا، تێکەڵکردنی سەرجەم نەتەوەکان دەبێت لە ڕێڕەوی تایبەتی و جیاوازەوە تێپەڕن.

بەوجۆرەی کە بۆ نموونە بەمەبەستی گەیشتن بە خاڵێک لە ناوەڕاستی پەڕەکاغەزێکدا ڕێگایەک، کە پێویستە بیپێوین لە پەراوێزی لای چەپەوە بەرەو لای ڕاست و لە پەراوێزی لای ڕاستەوە بەرەو چەپە.

ئەگەر سۆسیال دیموکراتێکی سەر بە نەتەوەیەکی گەورەی ستەمکار و پەیوەست خواز، لەگەڵ بانگەشەکردن بۆ تێکەڵبوونی نەتەوەکان بۆ ساتێک لە بیری بکاتٕ، کە نیکۆلای دووەم «ئەو»، ڤیلهێلمی «ئەو»، پوانکارەی «ئەو» و... هەمویان لایەنگری تێکەڵ بوون لەگەڵ نەتەوە بچووکەکان لە ڕێگەی «پەیوەستبوونەوە» بوون - نیکۆلای دووەم لایەنگری «تێکەڵبوون» لەگەڵ گالیسی، ڤیلهێلمی دووەم لایەنگری «تێگەڵبوون» لەگەڵ بەلجیکا، و هتد.... - وەها سۆسیال دیموکراتێک لە بواری تیۆریەوە مەکتەب پەرستی پێکەنیناوی و بە کردەوە هاورێیەکی ئیمپریالیزمە.

پەروەردەی ئەنتەرناسیۆنالیستی کرێکاران لەوڵاتانی ستەمکاردا لەپلەی یەکەمدا بریتی بێتٕ لە پڕوپاگەندە و بانگەشە و بەرگری لەبنەمای ئازادی جیابوونەوەی وڵاتانی ستەملێکرا و ژێردەستە. بە پێچەوانەوە ئەنترناسیۆنالیزمێک لە ئارادا نییە. ئێمە بە مافی خۆمان و ئەرکی سەرشانی دەزانین، هەر سۆسیال دیموکراتێکی نەتەوەی باڵادەستٕ، ئەگەر وەها بانگەشەیەک نەکاتٕ، بە ئیمپریالیزم و قەڵتاخ پێناسە بکەین. پێویستە ئەم داخوازییە دەبێتٕ بە شێوەی ڕەها و بە بێ هیچ تێبینییەک دەربڕین، تەنانەتٕ ئەگەر مەترسی جیابوونەوە بەر لە گەیشتن بە سۆسیالیزم تەنها لە هەزاردا یەک شیاوی جێبەجێ کردن و بەدیهاتن بێتٕ.

ئەرکی ئێمەیە، لەنێوان کرێکاراندا، «بێ هەڵوێستی» بەرامبەر بە جیاوازی نەتەوەیی بڵاوبکەینەوە، جێگەی نکۆڵیکردن نییە. بەڵام ئەو بی هەڵوێسنیە نە کە پەیوەستخوازەکان بانگەشەی بۆ دەکەن. هەر تاکێکی نەتەوەی ستەمکار دەبێتٕ بەرامبەر بەم مەم مەسەلەیە بێ تەفاوەتٕ بێتٕ، کە نەتەوە بچوکەکان بە گوێرەی خواستٕ و مەیلی خۆیان، بەشێکن لەدەوڵەتی خۆیی، یان بەشێک لە دەوڵەتێکی دراوسێ، یان سەربەخۆن. بە بێ وەها «بێ تەفاوەتیەک»، ئەو سۆسیال دیموکراتٕ نییە، بۆ ئەوەی کە سۆسیال دیموکراتی ئەنتەر ناسیۆنالیستٕ بین دەبێتٕ، نەک هەر بیر لە نەتەوەی خۆمان بکەینەوە بەڵکو، پێویستە بەرژەوەندی سەرجەم

نەتەوەکان و ئازادی و یەکسانی مافەکانیان بخەینە سەروی نەتەوەی خۆمانەوە. لە بواری «تیۆریەوە» هەموان لە سەر ئەو مەسەلەیە هاودەنگن، بەڵام بە کردەوە بێ هەڵوێستیەک کەتایبەتە پەیوەست خوازان دەردەکەوێت. ریشەی ئازارەکە ئالێرەدایە.

لە لایەکی دیکەوە سۆسیال دیموکراتی سەر بە نەتەوەیەکی بچووک ناوەندی قورسایی خۆی لە سەر یەکەم وشەی فرمولی گشتی خۆمان چڕبکاتەوە: «یەکێتی ئازادانە و خوازراو»ی نەتەوەکان. ئەو دەڵێت بە بێ ئەوەی ئەرکی ئەنترناسیۆنالیستی خۆی خستبێتە ژێر پێ لەو یەکەیەشدا لایەنگری سەربەخۆیی سیاسی نەتەوەی خۆی و هەم لایەنگری تێکەڵ بوونی لەگەڵ دەوڵەتی دراوسێی ئەلف، ب، یان جیم... بێت، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا ئەو دەبێت دژی بۆچوونی تەسکبیرانەی نەتەوەی بچوک و داگەڕانی پەراوێزخوازانە و لەخۆدا رۆچوون خەبات بکات و کۆ و گشت لە بەرچاو بگرێت، قازانجی بەشێک لە بەرژەوەندی گشتدا بزانێت.

لە روانگەی ئەو کەسانەوە کە بە قوڵی مەسەلەکەیان لێکنەداوەتەوە، پێداگری سۆسیال دیموکراتەکانی نەتەوە ستەمکارەکان لە سەر بنەمای «ئازادی جیابوونەوە» و پێداگری سۆسیالدیموکراتەکانی نەتەوە ستەملێکراوەکان لە سە ربنەمای « ئازادی یەکگرتنەوە»، «ناکۆ و دژ بەیەک» لە قەڵەمدەدرێت، بەڵام هەندێک قوڵبوونەوە دەریدەخات کە بۆ گەیشتن بە ئەنترناسیۆنالیزم تێکەڵبوونی نەتەوەکان، بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی ئێستا، رێگایەکی تر بوونی نییە و ناتوانێت بوونی هەبێت.

لێرەدا هەلومەرجی تایبەتی سۆسیال دیموکراسی هۆڵەندا و پۆڵەندا دەدەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

8 – تایبەتمەندبوون و گشتیەت لەهەڵوێستی سۆسیال دیموکراتە ئەنترناسیۆنالیستەکانی هۆڵەندا و پۆڵەندادا

هیچ جێی گومان نییە کە مارکسیستە هۆڵەندی و پۆڵەندیەکان، کە دژی ئۆتۆنۆمین، لەریزی زومرەی باشترین توخمی شۆڕشگێڕ و ئەنترناسیۆنالیستدان لەریزی سۆسیال دیموکراسی نێونەتەوەییدا، کەواتە چۆن دەبێت کە لێکدانەوە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

تیۆریەکانی ئەوان، بەو جۆرەی کە بینیمان، بە تەواوەتی هەڵە دەبێت؟ بە باسەکانیاندا، تەنانەت لێکدانەوەیەکی دروستی سادە کە لەئاستی « ئیکۆنۆمیزمی ئیمپریالیستی» بەدەربێت بەرچاو ناکەوێت!

ئەم پرسە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بە کەموکوڕییە فیکریەکان کە لەتایبەتمەندیەکانی هاوڕێیانی پۆڵەندا و هۆڵەندایە نییە بەڵکو، پەیوەندی بە دۆخی عەینی وڵاتەکەیانەوە هەیە.

ئەم دوو وڵاتە: 1 – بچووکن و لە «سیستمی» ئێستای زلهێزە گەورەکاندا لاوازن. 2 – لەبواری دۆخی جۆگرافیەوە، هەردوکیان لەنێوان ئیمپریالیستە چاوچنۆکەکاندا کە خاوەنی هێزێکی سەرسامهێنەرن و بەوپەڕی توندیەوە ململانێی یەکتر دەکەن(بەریتانیا لەگەڵ ئەڵمانیا – ئەڵمانیا لەگەڵ روسیا) گیریان خواردوە.3 – هەر دوکیان لە سەردەمی رابردوەوە کە خۆیان «زلهێزانی گەورە بوون» خاوەنی بیرەوەری و نەریتی زۆر زیندون. هۆڵەندا زلهێزێکی ئیستعماری گەورە، تەنانەت بەهێزتر لەبەریتانیا بوو، بەریتانیاش زلهێزێکی گەورەی خاوەن شارستانی تر و بەهێزتر لە روسیاو پرۆس بوو. 4 – تا ئێستا هەردووکیان مافی تایبەتی ستەمکردن لەنەتەوەکانی تریان پاراستووە. بۆرژوازی هۆڵەندا سەرزەمینە بەپیتەکانی هندیە هۆڵەندیەکانی داگیرکردوە، خاوەنی زەویەکانی پۆڵەندا لەدژی «رەعیەتەکان» ئۆکرانیا و بیلاروسیا ستەم بەکاردەهێنن، بۆرژوازی پۆڵەندا فشار دەخاتە سەر جولەکەکان و هتد.

ئەم تایبەتمەندیە کە لەکۆی چوار مەرجی تایبەت لەدۆخی ئێرلەندا پێکهاتووە، پرتوگال (کە بۆ ماوەیەک لە لایەن ئیسپانیاوە پەیوەستکرا). ئالزاسی نەرویج – فینلەندا – ئۆکرانیا – سەرزەمینەکانی لیتوانیا، بیلاروسیا و زۆرێک لە نەتەوەکانی تر بەرچاو ناکەون. هەر ئەو تایبەتمەندیەشە کە بوەتە هۆی قوڵکردنەوەی مەسەلەکە! کاتێک کە سۆسیال دیموکراتەکانی هۆڵەنداو پۆڵەندابە هێنانەوەی هۆکاری گشتی واتا، تایبەت بە ئیمپریالیزم لە گشتیەتدا، سۆسیالیزم لە کشتدا، دیموکراسی لە گشتدا، ستەمی نەتەوەی بە گشتی دژی حوکمی زاتی دەوەستنەوە و ئەو کاتەیە کە دەتوانین بڵێین ئەوان هەڵە لەدوای هەڵە کەڵەکە دەکەن، بەڵام ئەوەندە بەسە کە ئەم هەژمونی لێکدانەوەی گشتی و بە روونی

هەڵەیە دوور بخەینەوە و بە چوونە پێشەوە لە ئایبەتمەندیەکانی دۆخی پۆڵەندا و هۆڵەندا لە قوڵایی مەسەلەکە قوڵبینەوە بۆ ئەوەی هەڵوێستگیری ئایبەتی ئەوان شیاوی تێگەیشتنو مەعقول بێت. بە بێ ترس لە ناکۆک بوون دەبێ ئیدعای ئەوە بکەین، کاتێک مارکسیستەکانی هۆڵەندا - ماندونەناسانە لە دژی خودموختاری خەبات دەکەن - رێک ئەوەی کە دەیانەوێت بیهێننە سەرزمان دەریناب‌ڕن و یان بە واتاتیەکی تر: ئەوان نایانەوێت قسەیەک کە هەیانە بە وردی دەریبڕن.

لەم واتایەدا نمونەیەک لە تێزەکانمان پێشکەش دەکەین. «گورتر» دژی ئۆتۆنۆمی وڵاتەکەی خۆیە، بەڵام لایەنگری لە ئۆتۆنۆمی هندیەکانی هۆڵەندا دەکات کە لە لایەن نەتەوەکەی ئەوەوە ستەمیان لێدەکرێت! ئایا ئەوە جێی سەرسوڕمانە ئەگەر ئێمە ئەو بە ئەنترناسیۆنالیستێکی بەویژدانتر و هاوبیرێک لە ئێمە نزیک تر لەوانە بزانین کە حوکمی وزاتی بە شکڵێکی وەهەا رواڵەتی، هاوشێوەی کائۆتسکی لەنێوان ئەڵمانییەکان و ترۆتسکی و مارتۆف لە نێوان خۆماندا، قبوڵ دەکەین؟ جێی گومان نییە کە لە بنەما گشتی و بنەڕەتیەکانی مارکسیزم، ئەرکی خەبات بۆ ئازادی جیابوونەوەی ئەو نەتەوانەی کە لە لایەن نەتەوەکەی منەوە ستەمیان لێدەکرێت سەرچاوە دەگرێت، بەڵام قەد ئەو ئەنجامە بەدەستەوە نادات، کە دەبێت سەربەخۆیی پۆڵەندا، وڵاتێک کە بەتایبەت ئازاری گۆشەگیری بەرتەسک، ئیرەییانە، دواکەوتوانەدا دەتلێتەوە دەبێت لە پلەی یەکەمدا دابنێین: با جیهان لە ئاگردا بسوتێت، بێ باک، بۆ ئێمە سامان ماوەتەوە و سامانە پاشەکەوتەکان واتا هندیەکان بۆ ئێمە بەسە. «ئێمە» ئیتر نامانەوێت هیچ شتێکی تر بزانین!

نموونەیەکی تر. کارۆل رادک، ئەم سۆسیالدیموکراتە پۆڵەندیە کە شانازی بە خەباتی لێبڕاوانە، لە هەمان سەرەتای جەنگ لە بەرژەوەندی ئەنترناسیۆنالیزم لە ناوخۆی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیای هەیە، لە وتارەکەیدا « مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا (7) (Lichtstrahkn) مانگنامەی چەپە رادیکاڵەکان کە لە لایەن دەزگای سانسۆری پرۆسەوە قەدەغە کرا و راداکتۆرەکەی j.borchardt ە کە لە 5ی دیسەمبەری ساڵی 1915دا ساڵی سێهەم، ژمارە (3) بە زمانێکی توندەوە دژی مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا دەوەستێتەوە و سەرنجراکێش

ئەوەیە کە وەکو سەرچاوە تەنها ئاماژە بە نووسەرانی هۆڵەندی و پۆڵەندی دەکاتٌ بە لە بەرژەوەندی ئەودا دەیان نووسی. یەکێک لە لێکدانەوەکانی ئەو ئەمەیە: مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنوسدا ئەو روانگەیە بەهێز دەکاتٌ کە « سۆسیال دیموکراسی، ئەم بەناو ئەرکەی هەیە کە بەرگری لە هەر جۆرە خەباتێک بۆ سەربەخۆیی بکاتٌ».

باشترە راستەوخۆ بڵێین لە روانگەی تیۆری گشتیەوە، ئەم لێکدانەوەیە ئابڕوبەرانەیە، چونکە بە شێوەیەکی دیار نالۆژیکانەیە، یەکەم، تەنانەتٌ داواکاریەکی دیاری دیموکراسی خوازانە ناتوانێتٌ بوونی هەبێتٌ کە ئەگەر پەیرەوەی تایبەتٌ لە گشتٌ تووشی چەواشە نەبێتٌ. ئێمە نە ناچارین بەرگری لە «هەرجۆرە» خەباتێکی سەربەخۆخوازانە بکەین و نە ناچاریشین پشتیوانی لە «هەر جۆرە» بزوتنەوەیەکی کۆماری خوازانەی یان دژە ئایینی بکەین. دووەم ئەوەی کە هیچ فرمولێکی خەباتٌ دژی ستەمی نەتەوایەتی کە هەر بە ئازاری «ئەم کەموکۆڕیەوە» بتلێتەوە بوونی نییە و ناتوانێتٌ بوونی هەبێتٌ.

(رادک) بە تایبەتی لە برنر تاگواختٌ (Berner Tagwacht) ( ژمارە 253 / 1915) ئەم فرمولەی بەکارهێناوە: « خەباتٌ لە دژی پەیوەستبوونە کۆن و نوێیەکان». هەر ناسیۆنالیسێکی پۆڵەندی کە لە بەرچاو بگریتٌ لێکۆڵەرانە «ئەنجام گیری» دەکاتٌ کە : « پۆڵەندا سەرزەمینێکی پەیوەستٌ بووە. من لە دژی پەیوەستبوونم، کەواتە من لایەنگری سەربەخۆیی پۆڵەندام.» ئەگەر باش لە بیرم بێتٌ، رۆزا لۆگزامبۆرگ لە نامیلکەیەکدا لە ساڵی 1908 (8) ئەو بۆچوونەی دەربڕی کە: ناوهێنانی ئەم فرمولە بەسە: «بەرنگاربوونەوەی ستەمی نەوایەتی» . لەم حاڵەتەدا هەر سۆسیالیستێکی پۆڵەندی مافی ئـەوەی هەبوو بڵێتٌ پەیوەستبوون یەکێک لە شێوەکانی ستەمی نەتەوایەتیە، کەواتە بەم پێیە... هەتا دوای.

بەڵام وەرن لە بری ئەم لێکدانەوە گشتییە، دۆخی تایبەتی پۆڵەندا لە بەرچاو بگیرێتٌ، سەربەخۆیی ئەم وڵاتە لە ئێستادا بە بێ جەنگ و شۆڕش « بەدیهاتوو نابێتٌ». تەنها بۆ زیندووکردنەوەی سەربەخۆیی پۆڵەندا لایەنگریکردن لە نێوەگلان بە جەنگێکی گشتی لە ئەوروپا دەرکەوتەی خراپترین جۆری ناسیۆنالیزم و ئەولەویتدان بە بەرژەوەندی ژمارەیەک لە پۆڵەندیەکان بە سەر بەرژەوەندی سەدان ملیۆن مرۆڤ

کە قوربانی وەها جەنگێک دەبن.

ئەمە هەر ئەو بۆچوونەی «فراکەکان»ە (باڵی راستی پارتی سۆسیالیستی پۆڵەندا). (9) ئەوان تەنها بە قسە سۆسیالیستن و سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندیەکان هەزر جار مافی ئەوەیان هەیە دژایەتی بکەن.

پرۆژەی دروشمی سەربەخۆیی پۆڵەندا، لە ئێستادا، لە دۆخی هاوسەنگی هێزی ئێستای نێوان زلهێزە ئیمپریالیستیە دراوسێکان، لە راستیدا خەیاڵاوی بوون و کەوتنە داوی ناسیۆنالیتێکی بیرتەسک و لەبیر کردنی بنەمایەکی هەنوکەیی و پێویستە، واتا شۆڕشی گشتی لە ئەوروپا، یان لانیکەم لە روسیا و ئەڵمانیا، دەبێت. هەر بەم جۆرە لە روسیا 1908 – 1914 پرۆژەی دروشمی ئازادی ئیئتلاف وەکو دروشمێکی سەربەخۆ، بەواتای خەیاڵاوی بوون و لەبواری عەینییەوە یارمەتیدەری پارتی کرێکاری ستۆلیپین (ئەمڕۆ پارتی پۆترۆسۆڤ و گۆزدۆڤ، هاوبۆچوونن) بەڵام لەو دۆخەدا نیشانەیەک لە شێتی دەبوو ئەگەر داخوازی ئازادی ئیئتلاف بە گشتی، لەبەرنامەی حزب دەسڕایەوە!

سێهەمین مەسەلە کە رەنگە لەهەموان باشتر بێت. لەتێزە پۆڵەنییەکاندا (بەشی 3 لە کۆتایی بەندی 2) لەگەڵ بۆچوونی تایبەت بە دامەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە رۆڵی قەڵفان لە بەرامبەر گورزدا دەگێرێت دژایەتیکردبێت لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەی کە وەها ئەندێشەیەک « خەیاڵ چنینێکی ناجێگیر لەزەینی گروپە لاوازەکاندایە، ئەگەر چی ئەم روانگەیە بێتەدی، دەبێتە هۆی دامەزرانی وردە دەوڵەتێکی پۆڵەندی کە بۆتە موستەعمەرەی ئەم یان ئەو دەستەبەندی زلهێزە گەورەکان و بوەتە یاری دەستی تەماکاری ئابوری و سەربازی و گۆڕەپانی چەوسانەوە بۆ سەرمایەی بیانی و گۆڕەپانی هونەری جەنگی بۆ جەنگەکانی داهاتوو.»

سەرجەم ئەم لێکدانەوە و بەڵگەهێنانەوانە دژی دروشمی سەربەخۆیی پۆڵەندا لەئێستادا بەکار دەهێنرێت.

بەو هۆیەی کە تەنانەت ئەگەر شۆڕشکێک لەپۆڵەندا رووبدات، گۆڕانکاریەک لە دۆخەکەدا پێکناهێنێت و سەرەنجی جەماوەری پۆڵەندا لەوەی کە بنەڕەتیە بەلارێدا دەبات: پەیوەندێک کە خەباتەکەی خەباتی پرۆلیتاریای روسیا و ئەڵمانیا گرێدەدات. ئەمە پارادۆکس نییە بەڵکو راستیە کە پرۆلیتاریای پۆڵەندا، وەکو ئەوەی کە هەیە، توانای ئەوەی نییە، لە ئێستادا هیچ جۆرە هاوکارییەک بگەیەنێتە رێبازی سۆسیالیزم

و ئازادی، لەوانە ئازادی پۆڵەندا، مەگەر ئەوەی لە ڕێگەی خەباتی هاوبەش لەگەڵ پرۆلیتاریای وڵاتانی دراوسێیە لەدژی ناسیۆنالیستە پۆڵەندیە بەرچاوتەنگەکان. ئێمە ناتوانین نکۆڵی لە شانازییە مێژوویەکان بکەین کە سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندیەکان لەخەبات لە دژی ئەو گروپە بردۆتە پێش.

بەڵام لە ڕوانگەی دۆخی تایبەتی پۆڵەندای ئەمڕۆیی، هەر ئەم بەڵگە هێنانەوانە بەو شکڵە گشتیەی کە پێشکەشکراون، بە شێوەیەکی ئاشکرا هەڵەن. تا کاتێک کە جەنگەکان هەبن، پۆڵەنداش بە بەردەوام لە ململانێکانی نێوان ئەڵمانیا و روسیا وەکو گۆڕەپانی جەنگ بەکاردەهێنرێن. ئەوە لێکدانەوەیەکە لە دژی ئازادی سیاسی زیاتر (و دەرەنجام لە دژی سەربەخۆیی سیاسی) لەمەوادی نێوان جەنگەکاندا نییە. هەر ئەم مەسەلەیەش سەبارەت بە چەوسانەوەی سەرمایەی بیانی و رۆڵی پۆلەندا وەکو یاریەکی دەستی بەرژەوەندی دەرەکی لەئارادایە. سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندیەکان لە ئێستادا ناتوانن دروشمی سەربەخۆیی پۆڵەندا بهێننە ئاراوە، چونکە ئەونا وەکو پرۆلینەرە ئەنتەرناسیۆنالیستەکان ناتوانن لەم بوارەدا هیچ هەنگاوێک هەڵبگرن بە بێ ئەوەی وەکو «فراکەکان» بە گوێڕایەڵی نهێنی بەرامبەر بە یەکێک لەسیستمە پاشایەتیەکان هەرەس بهێنن، بەڵام بۆ کرێکارانی روسیا و ئەڵمانیا زانینی ئەم مەسەلەیە یەکلایەنە نییە، کە ئایا ئەوان لە پەیوەستبوونی پۆڵەندادا بەشداری دەکەن ( ئەم حاڵەتە بەمانای پەروەردەی رەزیلانەترین گیانی دەغەڵکاری و قبوڵاندنی رۆڵی جەلادی خەڵکە بێگانەکان بەوان دەبێت،یان ئەوەی کە پۆڵەندا سەربەخۆیی بە دەست دەهێنێت.

جێی باس نییە کە بارودۆخ زۆر نالەبارە، بەڵام ڕێگای دەربازبوون هەیە کە ئەو دەرفەتە بە بەشداربووان دەدات کە وەکو ئەنتەرناسیۆنالیست بمێننەوە: سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا و ئەڵمانیا دەبێت بە بێ مەرج «ئازادی جیابوونەوە» پۆڵەندا داوا بکەن، سۆسیال دیموکراتە پۆڵەندیەکان دەبێت، لە پێناو بەدیهێنانی یەکێتی خەباتی خەباتکارانەی پرۆلیتاریای وڵاتی بچوک، لەگەڵ وڵاتانی گەورە هەوڵبدەن بە بێ ئەوەی کە لە ئێستادا دروشمی سەربەخۆیی پۆڵەندا بهێننە ئاراوە.



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

## نامەی ئەنگڵس بۆ کائۆتسکی

کائۆتسکی لەبرۆشۆری خۆیدا، سۆسیالیزم و سیاسەتی ئیستعماری (بەرلین 1907)، واتا کاتێک هێشتا وەکو مارکسیستێک بە ئەژما ردێت، نامەیەکی بڵاوکردەوە کە ئەنگڵس لە رۆژی 12ی سیپتەمبەری 1889دا بۆی نووسیبوو. ئەم نامەیە سەبارەت بەو مەسەلەیەی کە ئێمەی بە خۆیوە سەرقاڵکردوە گرنگیەکی زۆریی هەیە. گرنگترین بەشی لەخوارەوە ئاماژە پێدەدەین:

«... لە روانگەی منەوە موستەعمەرەکان، بە واتای وشە، واتا ئەو سەرزەمینانەی کە لەلایەن دانیشتوانی ئەوروپاوە داگیرکراون، کەنەدا، دەماغە، ئەسترالیا، هەموان سەربەخۆ دەبن. بە پێچەوانەوە، لەپەیوەند لەگەڵ ئەو سەرزەمینانەی کە تەنها داگیر کراون و دانیشتوانەکەی هاووڵاتیانی خۆجێین وەکو هندستان، جەزایری داگیرکراوی هۆڵەندا، پرتۆگال، ئیسپانیا، دەبێت پڕۆلتاریا بە شێوەی کاتی قورسایی ئەو بارە بخاتە سەرشانی خۆیی و بە خێرایی ئەوان تا بەدەستهێنانی سەربەخۆیی رێنوێنی بکات.

شیکردنەوەی پرۆسەی کامڵبوونی ئەوان پرسێکی سەختە، رەنگە و ئەگەریشی زۆرە هندستان شۆڕش بکات و بەو هۆیەوە کە ئەو پڕلیتارانەی کە بۆ رزگاری راپەڕیون ناتوانن شەڕ ئیستعماریەکان پێش بخەن، بەڵام لەرێڕی خۆیدا دەچێت پێش. سروشتیە بەدیهاتنی ئەو پرسە بە بێ هیچ جۆرە خراپیەک مومکین نییە، بەڵام ئەو خراپیانە لەگەڵ هەموو شۆڕشەکاندا هەیە. لەناوچەکانی تریشدا لەوانەیە دۆخەکە هەر بەم جۆرە بێت، بۆ نمونە لەجەزایر یان میسر، ئەمەش باشترین رووداو بوو کە دەیتوانی بۆ ئێمە بێنە پێش.

بە گوێرەی پێویست گرفتی ناوماڵمان هەیە. هەر ئەوەی کە ئەوروپا و ئەمریکای باکور خۆیان رێکخستەوە، وەها هێزێکی زەبەلاح و وەها نمونەیەکی درەوشاوەی دادەمەزراند کە وڵاتە نیمچە شارستانییەکان خۆیان پەیڕەویان لەئێمە دەکرد: پێویستیە ئابوریەکان بۆ پاڵپێوەنانیان بەرەوە ئەم لایەنە بەسە.

بەڵام سەبارەت بە قۆناغە ئابوری وسیاسیەکان کە ئەم وڵاتانە دەبێت بەر لە گەیشتنیان بە رێکخستنی سۆسیالیستی پێدائێپەڕ بن، پێموانییە لەم بارەیەوە بتوانین، جگە لە ئامۆژگاری و راسپاردەی پوچەڵ شتێکی تر فرموله

بکەین. تەنها یەک شت مسۆگرە ئەویش ئەوەیە کە: پڕۆلیتاریای سەرکەوتوو ناتوانێت هیچ خۆشبەختیەک بە سەر هیچ گەلێکی بیانیدا بسەپێنێت، مەگەر ئەوەی کە لەو رێگەیەدا سەرکەوتنەکەی خۆی بخاتە مەترسیەوە. بەدڵنیایەوە ئەم مەسەلەیە بە هیچ جۆرێک جەنگە بەرگریەکان بە ناوەڕۆکی جۆراوجۆرەوە هەڵناوەشێنێتەوە» ....

ئەنگڵس بە هیچ جۆرێک لەو بڕوایەدا نییە، کە «هۆکاری ئابوری» لەخۆیەوە و راستەوخۆ، بەرگەی ئەو گرفتانە دەگرێت. شۆڕشی ئابوری دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەموو گەلەکان بەرو سۆسیالیزم بڕۆن، بەڵام لەهەمان کاتدا شۆڕشەکان و تەنانەت جەنگەکان - دژی دەوڵەتی سۆسیالیستی - یش ئەگەر روودانی لە ئارادایە. هاوتەریبکردنی سیاسەت و شۆڕش حاشاهەڵنەگرە، بەڵام نەک یەکجارەکی و بە بێ رووبەڕوو بوونەوە، نەک بە ئاسانی و راستەوخۆ، «بڕاوە» لە روناگەی ئەنگڵسەوە تەنها ئەو بنەمایەی خوارەوەیە - بنەمایەک کە بە تەواوەتی ئەنترناسیۆنالیستی بووە، سەبارەت بە سەرجەم «خەڵکە بیانییەکان»، واتا نەک هەر خەڵکی موستەعمەرەکان بەکاردەهێنێت: سەپاندنی خۆشبەختی بەوان دەبێتە هۆی خستنە مەترسی سەرکەوتنەکانی پڕۆلیتاریا.

جێبەجێکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە لایەن پڕۆلیتاریاوە، ئەو پیرۆز ناکات و لەهەڵە و کەمو کوڕیەکان نایپارێزێت، بەڵام هەڵە کۆمەڵایەتیەکان و بەرژەوەندی خۆویستانە کە بەرەو زاڵ بوون بەسەرخواستەکانی خەڵکانی تری دەبات بە شێوەیەکی حاشا هەڵنەگر ناچاری دەکات بە وشیار بوونەوە لەو راستیانە. ئێمە، زیمرڤالدیە چەپەکان، دڵنیان، ئەو دڵنیایەی کە بۆ نمونە کائۆتسکی بەر لە وەرچەرخانی خۆی لە 1914دا کە لەمارکسیزمە و بەرەو پشتیوانی شۆڤینیزمی برد، کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی لەداهاتووی زۆر نزیکدا، «ئەمڕۆ و سبەینی» بە قسەی هەر ئەم کائۆتسکیە، بە تەواوەتی مسۆگر دەبێت. دوژمنایەتی نەتەوەیی بەم زوانە لەناو ناچێت، رق و قینی نەتەوەی ستەملێکرا - کە هەقانییەتیشی هەیە - بەرامبەر بە نەتەوەیەک کە ستەمی لێکردوە، بۆ ماوەیەک دەمێنێتەوە و تەنها دوای سەرکەوتنی سۆسیالیزم و دوای جێگیر بوونی هەمیشەیی مناسباتی تەواو دیموکراتیکی نێونەتەوەیی دسڕدرێتەوە.

ئەگەر دەمانەوێت بە سۆسیالیزم وەفادار بین، هەر لە ئێستاوە خەریکی پەروەردە کردنی ئەنترناسیۆنالیستی جەماوەر بین و ئەم پرسە، لە نێوان نەتەوە ستەمکارەکاندا، بە بێ تەئکید کردنەوە لە سەر ئازادی جیابوونەوە بۆ نەتەوە ستەملێکراوەکان ناموکینە.

## راپەڕینی 1916 لە ئێرلەندا

ئێزەکانمان بەر لەروودانی ئەم شۆڕشە داڕێژراون. شۆڕشێک کە دەبێت وەکو کەرەستەیەک بۆ تاقیکردنەوەی تیۆریەکانمان بەکاربهێنین.

بۆچوونی نەیارانی ئۆتۆنۆمی بەو ئەنجامە دەگات، کەسەردەمی ژیانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئیمپریالیزم لەئێستاوە کۆتایی پێهاتووە، ئەوان ئیتر هیچ رۆڵێکیان لە خەباتی دژی ئیمپریالیستیدا نابێت، بە پشتیوانی لەداخوازییە تەوا نەتەوەییەکانی ئەوان، هیچ دەرنجامێکمان دەیت ناکەوێت و هتد.

ئەزمونی جەنگی ئیمپریالیستی 1914 – 1916 ئەو جۆرە ئەنجامگیریانە بە شێوەیەکی روون رەتدەکاتەوە.

جەنگ قۆناغێکی قەیرانی بۆ نەتەوەکانی ئەوروپای خۆرئاوا و بۆ ئیمپریالیزم بە گشتی بەئەژمار دێت. هەموو قەیرانەکان ئەو شتانەی کە دیاریکراون دوور دەخەنەوە و، رووە دەرەکیەکان دەدڕێنن، ئەوەی کە کۆن بووە دەیماشنەوە و هێزە و بزوێنەرە قوڵەکان رووندەکاتەوە. ئەو قەیرانە لەروانگەی نەتەوە بندەستەکانەوە چ شتێک ئاشکرا دەکات؟ چەند هەوڵێک بۆ شۆڕش لەموستەعمەرەکاندا کە نەتەوە ستەمکارەکان، بە یارمەتی سانسۆر، هەوڵیاندا بە هۆر جۆرێک بووە دایمرکێنن، بەڵام ئاگادری ئەوە هەین کە بەریتانییەکان لەسەنگافورا شۆڕشی سەربازە هندیەکانی خۆیانیان بە دڕندانە ترین شێوە سەرکوتکرد، لەئانامی فەرەنسی ( ر. ک. بە Nache Slovo) و لە کامیرۆنی ئەڵمانی (ر، ک. بە ناملکەی یونیوس) شۆڕشی نەخوازراو روویداوە، لەئەوروپادا شۆڕشێک لەئێرلەندا پەربا بووە و بەریتانییەکانی «شەیدای ئاشتی» کە نەیانوێرابوو خزمەتی سەربازی زۆرەملی بە سەر ئێرلەندیەکاندا بسەپێنن، لەرێگەی بەکارهێنانی سزای سێدارەوە ئاشتیان دووبارە جێگیر کردوەتەوە. لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتی نەمسا نوێنەرانی پەرلەمانی چیکی بە تۆمەتی « خیانەت» بە کوشتن مەحکوم

کردوه و به بۆنەی ئەو «ئاوانەوە» کۆمەڵە کەسێکی چەنیدن یەکەی سەربازی چیکیان گوللە باران کردوە.

ئەم لیستە بێگومان زۆر ناتەواوە،بەڵام دەریدەخات کە سەنتەری ئاگری شۆڕشە نەتەوەییەکان، لەپێوەند لەگەڵ شۆڕشی ئیمپریالیزم، بە شێوەی هاوکات لەموستەعمەرەکان و لە ئەوروپا بڵێسەی سەندوە و خواست و دوژمنایەتی نەوتەوەیی، سەرباری هەڕشە و هەنگاوە سەرکوتکاریەکان توندوتیژانە دەرکەوتوون.

سەرباری ئەمە، هێشتا رێگایەکی زۆر ماوە بۆ ئەوەی قەیرانی ئیمپریالیزم بگاتە لوتکەی خۆی: بنەماکانی دەسەڵاتی بۆرژوازی ئیمپریالیستی هێشتا لەق نەبووە (جەنگی «روخێنەر» لەوانەیە بەو دەرنجامە بگات، بەڵام هێشتا نەگیشتوینەتە ئەو قۆناغە) و بزوتنەوە پرۆلیتەریەکان لەهەناوی دەسەڵاتە ئیمپریالیستیەکاندا هێشتا زۆر لاوازن. کاتێک کە جەنگ شیکاری سەرجەم هێزەکانی لێکەوتەوە یان کاتێک کە لانیکەم لە ناخی یەکێک لە دەسەڵاتەکاندا، دەوڵەتی بۆرژوازی لە ژێر زەبرەکانی خەباتی پرۆلیتاریادا، وەکو دەوڵەتی تزاریسم لە 1905دا، بنەماکانی بهەژێنرێت چی روودەدات؟ رۆژنامەی بێرنر ئاگواشت، ئۆرگانی زیمرڤالدیەکان کە هەندێک لەچەپەکان لەخۆ دەگرێت، لە 9ی ئایاری 1915دا ناملکەیەکی تایبەتی سەبارەت بە راپەڕینی ئێرلەندا، بە ئیمزای ک، ر (10)، لەژێر ناوی: «کۆتایی مەقام خوێندن!» بڵاوکردۆتەوە. لەم نامیلەکەیدا راپەڕینی ئێرلەندا وەکو «کودەتا»، نە کەمتر و نە زیاتر، ناودەبات، چونکە بە گوێرەی نامیلکەکە «مەسەلەی ئێرلەندا، مەسەلەی زەوی وەزارە.»

جوتیاران بە هۆی ریفۆرمەوە ئارام بوونەوە و لەوە بەدواوە، ئیتر بزوتنەوەی نیشتمانی «بزوتنەوەیەکی تەواو شارستانی، وەردە بۆرژوازی، بوو کە سەرباری گێچەڵی بوونی لەبواری کۆمەڵایەتیەوە شتێکی تایبەتی و بەرچاو نوێنەرایەتی ناکات».

جێی سەرسوڕمان نییە کە وەها هەڵسەنگاندنێک لەلایەن مەکتەب پەرستێکەوە، بەوخۆبەزلزانییە قێزەونانەیەوە، بە هەڵسەنگاندنی ناسیۆناڵ - لیبرالێکی روس، کاتێک، جەنابی، کۆلیجر، ژمارە 102، 15ی نیسان 1916) کە

ئەویش راپەڕین وەکو « کودەتای دوبلین ناوبردوە، هاوکات بووە. دەتوانرێت هیوادار بیت زۆربەی ئەو هاوڕێیانەی کە نەیاندەزانی کاتی دژایەتیکردنی «ئۆتۆنۆمی» و بە چاوی سوکەوە سەیر کردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی نەتەوە بچووکەکان لەچ زەلکاوێکدا چەقیوە، وەکو ئەوپەندەی پێشینیان وایە کە دەڵێت «پێویستە لەرودای دڵتەزێن پەند وەرگیرێت»، بەو هاوتا کردنە «بەهەڵکەوتە» لەنێوان هەڵسەنگاندنەکانی نوێنەرێکی بـۆرژوازی ئیمپریالیستی و سۆسیال دیموکراتێ دەبێت چاوەکانی بکرێتەوە!

ئێمە تا کاتێک دەتوانین لە»کودەتا»، بەواتای زانستی وشە قسە بهێنینە گۆڕێ کە هەوڵدان بۆ راپەڕین شتێک ئاشکرا نەکات، مەگەر تاقمێکی پیلانگێڕ و شێتەکان، هەروەها ئەو هەوڵە هیچ هاوخەمیەکی لەنێوان جەماوەردا نەهێناوەتە ئاراوە. بزوتنەوەی میلی ئێرلەندا سەدان ساڵ پێشینەی هەیە و قۆناغی جۆراوجۆر و ئاوێتەبوونی بەرژەوەندی چینایەتی جۆراوجۆری تێپەڕاندوە. لەوانە، پێکهێنانی کۆنگرەی نیشتمانی ئێرلەندی کە لەئەمریکا بەڕێوەچوو لە20ی ئازاری 1916دا. ئەو کۆنگرە لایەنگری لە سەربەخۆیی پۆڵەندا کرد. ئەو بزوتنەوەیە شێوەی شەڕ و پێکدادنی سەرشەقامی لەخۆگرت کە تێیدا بەشێک لەوردە بۆرژوازی شارنشین و بەشێک لەکرێکاران بە دوای کاری بانگەشەی دورودرێـژ لەناو جەماوەردا، لەخۆپیشاندانە جۆراوجۆرەکاندا دوای داخستنی رۆژنامەکان و هتد، بەشداریان کرد، هەر کەس وەها راپەڕینێک بە «کودەتا» وەسفبکات یان خراپترین کۆنەپەرەست، یان مەکتەب گەرایەکی دەمارگرژە کە بە هیچ شێوەیەک ئامادە نییە شۆڕشی کۆمەڵایەتی وەکو دیاردەیەکی زیندوو قبوڵ بکات. ئەو باوەڕە کە شۆرشی کۆمەڵایەتی بە بێ هەستان و راپەڕینی لەلایەن نەتەوە بچووکەکانەوە لە موستەعمەرەکان و لەئەوروپادا، و بە بێ تەقینەوەی شۆڕشگێڕانە لەلایەن بەشێک لەوردەبۆرژوازیەوە بە سەرجەم پێشداوەریەکانییەوە، بە بێ بزوتنی جەماوەری پرۆلیناری و نیوە پرۆلیناری لەبواری سیاسیەوە بەرامبەر بە یەخسیری ئاغایەتی، دەزگای رۆحانییەت، پاشایەتی و نەتەوەیی و هتد ناوشیارن، دەتوانرێت شیاوی پێشبینی بێت - ئەوەش بە مانای وازهێنان لە شۆڕشی کۆمەڵایەتیە، هێنانە بەرچاوی ئەوەیە کە سوپایەک لەشوێنێکی دیاریکراودا تەیار بووە دەڵێت: « ئێمە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

هەوادارانی ئیمپریالیزمین» و دواتر شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەبێت! تەنها رۆشنن بەرەو وەها بۆچوونێکی رواڵەتی و گاڵتەجاڕانەیە، کە دەتوانێت بە زمانێکی زبرەوە راپەڕینی ئێرلەندا بە «کودەتا» وەسف بکات. هەر کەس چاوەڕوانی رووداني شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی «پوخت» دەکات هەرگیز تەمەنی بە گوێرەی پێویست مەودا نادات ئەو شۆڕشە بە چاوی خۆی ببینێت. ئەو تەنها بە قسە شۆڕشگێڕەو هیچ شتێک لە شۆڕشگێڕێکی راستەقینە تێنەگەیشتووە.

شۆڕشی 1905ی روسیا شۆڕشێکی دیموکراتیکی بـۆرژوازیـی بوو پێکهاتەیەک بوو لەکۆمەڵێک ململانێ کە نێوان سەرجەم چینەکان، گروپەکان و توخمە ناڕازیەکانی جەماوەردا تێکهەڵدەچوو. لەنێوان ئەواندا جەماوەرێک هەبوون بە دواکەوتوانەترین پێشداوەریەوە کە بە بۆنەی تەمومژاوی ترین و سەرسوڕهێنەرترین ئامانجەکان خەباتیان دەکرد. تاقمگەلێک هەبوون کە پارەیان لەژاپۆن وەردەگرت، سەوداچیان و شەڕەنگێزانێک و کەسانی تری وەکو ئەوان بوونیان هەبوو. بزوتنەوە جەماوەریەکان لە بواری عەینییەوە تزاریسمیان خستە لەرزوە و رێگایان بۆ دیموکراسی خۆشکرد و هەر بەو هۆیەش بوو کە کرێکارانی وشیار سەرۆکایەتیان گرتەئەستۆ.

شۆڕشی سۆسیالیستی لەئەوروپا شتێکی تر نییە، جگە لەتەقینەوەی خەباتی جەماوەری ستەملێکرا و ناڕازی لەهەموو چین و توێژەکان. چەند توخمێکی وردە بۆرژواکان و کرێکارانی دواکەوتووش بەناچاری بەشداری تێدا دەکەن - بە بێ وەها بەشداری کردنێک، خەباتی جەماوەری مەحاڵە، هیچ شۆڕشکێک مومکین نییە - ئەوان بە هەمان ناچار بوون پێشداوەریەکان، نەرێنە دواکەوتوانەکان و کەموکوڕی و هەڵەکانیش لەگەڵ خۆیان دەبنە ناو بزوتنەوەکانەوە، بەڵام ئەوان لەبواری کۆنکرێتییەوە هێرش دەکەنە سەر سەرمایە و کرێکارانی پێشڕەو، ئەو پێشەوا وشیارەی شۆڕش کەئەو راستیە عەینییەی خەباتی جەماوەری پرژ و بڵاو، ناهەماهەنگ، رەنگاورەنگ و لەیەکەم نیگادا نایەکگرتوەی دەربڕیوە، دەتوانێت یەکگرتوو و هەماهەنگی بکات، دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت و بانکەکان کۆنترۆڵ بکات، خاوەن سەرمایەکان کە لەلایەن هەموانەوە نەفرەتیان لێدەکرێت(ئەگەرچی بیرو باوەڕ و مەبەستی جیاوازیشیان بێت) لەخاوەندارێتی دادەماڵرێن هەنگاوی

دیکتاتۆرانەی دیکە هەڵدەگرن کە لەکۆتاییدا روخاندنی سەرمایەداری و سەرکەوتنی سۆسیالیزمی لێدەکەوێتەوە. سۆسیالیزمێک کە دەستبەجێ، وەکو پرسێکی تەواو سروشتی، لەخڵت و خەوشەکانی وردە بۆرژوازی «پاک» دەبێتەوە.

ئێزە پۆڵەندیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە «سۆسیال دیمۆکراسی » دەبێت لەخەباتێک کە بۆرژوازی تازە پێگەیشتووی موستەعمەراتی لەدژی ئیمپریالیزمی ئەوروپا ئەنجامی دەداتـ، بە مەبەستی توندکردنەوەی قەیرانی شۆڕشگێڕانە لەئەوروپادا بەکاری بهێنێت»

ئایا روون نییە کە مافی ئەوەمان نییە لەم بـوارەدا کەمتر لەهەر بوارێکی تر ئەوروپا رووبەڕووی موستەعمەرەکان بکەینەوە؟ خەباتی نەتەوە ستەملێکراوەکان لەئەوروپا کە تا ئاستی هەستان و پێکدادانی سەرشەقام، پێشێلکردنی رێکوپێکی پۆلاین لە سوپا و جێگیرکردنی حکومەتی سەربازی دەچێت، بێ ئەندازە زیاتر لەهەستانێک لەموستەعمەرە دورەدەستەکان هەر چەند لەقەبارەیەکی بەرفراوانتردا، «قەیرانی شۆڕشگێڕانە لەئەوروپادا بوو». لەبەرامبەر هێزی یەکساندا، بایەخی سیاسی ئەو گورزەی کە لەرێگەی راپەڕینی ئێرلەندەوە لەبۆرژوازی ئیمپریالیستی بەریتانیا درا، سەد ئەوەندە زیاترە لەو گورزەی، کە لەوانەیە لەئاسیا یان ئەفریقا بوەشێنرێت.

بەمدوایانە، بڵاوکراوە شۆڤینییەکانی فەرەنسا هەشتایەمین ژمارەی کردنەوەی بڵاوکراوەی نایاسایی بەلژیکای ئازادیان راگەیاند: راستە کە بڵاوکراوە شۆڤینییەکانی فەرەنسا بە گشتی راستیەکان دەشارنەوە، بەڵام پێدەچێت ئەو هەواڵە راست بێت. لە کاتێکدا سۆسیالدیموکراتی شۆڤینی و کائۆتسکی ئەڵمانیا، لەم ماوەی دوو ساڵ جەنگی ئەمدوایانەدا، راگەیاندنی ئازاد دەستەبەر نەبووەو کۆیلە ئاسا کۆتوبەندی سانسۆری سەربازی قبوڵدەکات (تەنها لایەنە چەپ و رادیکاڵەکانن نامیلکە و بەیاننامەکانیان بە بێ تێپەڕین لەژێر مەکینەی سانسۆردا بەچاپ گەیاندوە، ئەوەش مایەی شانازی ئەوانە) نەتەوەیەکی ستەملێکراو و خاوەن فەرهەنگ و شارستانییەت لەرێگەی پێکهێنانی ئۆرگانێکی نارەزایی شۆڕشگێڕیدا وەڵامی ئاکارە سەرکوتکارانە سەربازیەکان بداتەوە! ئەوە دیالیکتیکی مێژووە کە نەتەوە بچووکەکان، سەرباری کەموکۆڕیەکانیان وەکو هۆکاری سەربەخۆ،

لەخەباتی دژە ئیمپریالیستیدا، رۆڵێک دەگێڕن،کە پێدەچێت ئەو هێزە بهێنێتە گۆڕەپانەکەوە کە توانانی پێشخستنی خەباتی دژە ئیمپریالیستی هەبێت، واتا: پڕۆلیناریای سۆسیالیست.

لەشەڕی ئێستادا، ناوەندە گشتیەکان بە وردی هەوڵدەدەن لەهەر بزوتنەوەیەکی نیشتمانی شۆڕشگێڕ کە لەئۆردوگا رکابەرەکاندا سەرهەڵدەدات بەکار بهێنن: ئەڵمانیاکان شۆڕشی ئێرلەندا، فەرەنسیەکان بزوتنەوەی چیکەکان و هتد ... یان بەکارهێنا.

ئەگەر لەگۆشە نیگای خۆیانەوە سەیری بکەین، بە تەواوەتی مافی خۆیانە. مامەڵەی جیدیمان بە جەنگێکی جیدی نەکردوە، ئەگەر بچووکترین لاوازی دوژمن و بچوکترین چانسی مومکینمان نەقۆستبێتەوە، بە تایبەتی کە توانای ئەوەمان نییە پێشبینی بکەین لەکامە ساتەوەختی دیاریکراودا و بە چ هێزێکی دیاریکراوەوە، لە کامە شوێن، ئەم یان ئەو کۆگای باروت دەتەقێتەوە.

ئێمە شۆڕشگێڕانێکی بێ نرخ دەبین،ئەگەر لەجەنگی رزگاری خوازانەی پڕۆلتاریادا بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم، نەزانین چۆن هەر بزوتنەوەیەکی جەماوەری بەکاربهێنین کە بە جۆرێک لەجۆرەکان دژی ئیمپریالیزمە، بە مەبەستی قوڵکرنەوەی قەیرانەکە. ئەگەر ئێمە لەلایەکەوە بە زمانی جۆراوجۆر بڵێین، و دوپاتیبکەینەوە کە دژی هەر جۆرە ستەمێکی نەتەوایەتین، بەڵام لەلایەکی دیکەوە راپەڕینی قارەمانترین و روناکبیرترین بەشی هەندێک لەچینەکانی نەتەوەیەکی بندەست لەدژی ستەمکاران بە کودەتا وەسفبکەین، لەوەها حاڵەتێکدا خۆمان لەگەمژەییەکی کەمتر لەکائۆتسکیەکان دەدەین.

رۆژ ڕەشی ئێرلەندیەکان لەوەدایە کە لەساتێکی نەگونجاودا راپەڕیون، واتا کاتێک کە راپەڕینی پڕۆلیناریای ئەورووپا هێشتا پڕبار نەبوو. کاپیتالیزم تا ئەو رادەیە رێک و پێک نەکراوە کە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی راپەڕین و هەستان، بتوانن بە بێ رووبەڕوو بوونەوەی کۆسپ و شکست، بە شێوەی بە ئاسانی و لەساتێکدا، پێکەوە تێکەڵ بن. بە پێچەوانەوەرێک هەر ئەم فرەچەشنییە لەکاتدا، لەشێوەکان و لەشوێنی ئەم راپەڕینانەدایە کە باشترین گەرەنتی گەشەپێدان و قوڵکردنەوەی بزوتنەوەی گشتی دەبن. جەماوەر تەنها لەرێگەی ئەزمونێکەوە

کە لەکاتی بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەکاندا بە شێوەی چاوەڕوان نەکراو، تاکلایەنە و پرژ و بڵاو و لەم روانگەیوە مەحکوم بە شکست بە دەستیانهێناوە، لێهاتوو و کارزان و راهێنراو بوون، هێزەکانیان کۆکردۆتەوە، سەرکردە راستەقینەکانیان واتا پرۆلتاریای سۆسیالیستیان ناسیوە و لەم رێگایەوە هێرشی گشتی رێکدەخەن، بەو جۆرەی کە مانگرتنە جیاجیاکان، خۆپیشاندانی شاربەشار یان سەرتاسەری، راپەڕینی سەربازەکان،راپەڕینی جوتیاران و هند هێرشی گشتی 1905یان رێکخست.

**ئەنجام**

بە پێچەوانەی ئەو حوکمە هەڵەیەی کە سۆسیال دیموکراتەکانی پۆڵەندا دەریانکردوە، خواستنی مافی نەتەوەکان لەدیاریکردنی چارەنوسی خۆیاند لەپڕوپاگەندەی حزبی ئێمەدا خاوەنی رۆڵێکی تا ئەو رادەیە گرنگە کە بۆ نمونە دروشمەکانی چەکدارکردنی خەڵک، جیابوونەوەی کڵێسا لەحکومەت، هەڵبژاردنی کارمەندەکان لەلایەن خەڵکەوە، چەند واتایەکی تر کە گەمژەکان بە» خەیاڵاوی» وەسفدەکەن. بە پێچەوانەوە، سەرهەڵدانەوەی بزوتنەوە نیشتمانییەکان – دوای ساڵی 1905 – بووە هۆی ئەوەی پڕۆپاگەندەکانی ئێمە بە شێوەی سروشتی گەشەبکاتەوە: نامیلکەو بابەتەکانی 1912 – 1913، و بڕیارنامەی 1913ی حزبمان کە پێناسەیەکی ورد و « دژە کائۆتسکی» (واتا بێ بەزەیی بەرامبەر بە»پێناسە» زارەکی) سەبارەت بە قوڵایی مەسەلەکە پێشکەش کرد.

موسەلەیەک کە هەر لەو سەردەمەدا ئاشکرا بوو کە سەرپۆش دانان لەسەری رێگەپێدراو نییە: هەڵپەرەستانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان، یۆرکۆڤیچی ئۆکرانیایی، لیبمان بۆندیستا و زمکۆسکی، ئەو خزمەتکارە روسیە ئەمەکدار بە پۆترۆسڤ و دەستوپێوەندەکانی، بە پشتیوانی لەهۆکارەکانی رۆزا لۆگزامبۆرگ لەدژی مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین هەڵوێستیان وەرگرت!

ئەوەی کە لەروانگەی سۆسیال دیموکراتیکی پۆڵەندیەوە تەنها گشتاندنێکی تیۆری هەڵە لەدۆخی تایبەتی بزوتنەوە لە پۆڵەندا دەهاتە بەرچاو،لەقەبارەیەکی گەورەتردا، نەک لە دۆخی وڵاتێکی بچووکدا، بەڵکو سەبارەت بە وڵاتێکی گەورە بە پێوانەی نێودەوڵەتی و لەتەنگانەی پۆڵەندا، بە کردەوە زۆر خێرا، وەکو

نوێنەری عەینی پاڵپشتێکی ئۆپۆرتۆنیستی لەئیمپریالیزمی گەورەی روسیا ئاشکرا بوو. مێژووی رەوتەکانی ئەندێشەی سیاسی (دەبێت لەگەڵ روانگە تایبەتیەکاندا جیابکرێتەوە) راستی و تەندروست بوونی بەرنامەکەی ئێمەی سەلماندوە.

ئێستا، سۆسیال ئیمپریالیستی سەلمێنراوی هاوشێوەی لینچ، بە ئاشکرا، بەو راشکاویەی کە پەیوەستبوونەکان بە رەتکراوە دەزانن لە دژی ئۆتۆنۆمی دەوەستنەوە، بەڵام کائۆتسکیستەکان ریاکارانە ئۆتۆنۆمی قبوڵدەکەن: ئەمەش هەر ئەو رێگایەیە کە لەوڵاتەکەمان روسیادا ترۆتسکی و مارتۆف درێژەیان پێدا. هەر دوکیان بە قسە لایەنگری خودموختاری، وەکو کائۆتسکی. بەڵام لەراستیدا؟ ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ترۆتسکی، ئەگەر ئێوە نووسراوەکانی: «نەتەوە و ئابوری» کە لە ناشەسلۆرۆدا چاپکراوە تاوتوی بکەن، هەڵگرتنەوەی هەمیشەیی ئەو دەدۆزنەوە: لە لایەک ئابوری دەبێتە هۆی ئاوێتە بوونی نەتەوەکان: لە لایەکی تر ستەمی نەتەوەیی تووشی دابڕانیان دەکات. دەرەنجام؟ ئەنجامی ئەم ریاکارییە بە بێ سزادان درێژە بە ژیانی خۆی دەدات، پڕوپاگەندە زیندوو نییە چونکە ئەوەی کە بنەڕەتی، سەرەکی و بۆ گەوهەر دەگەڕێتەوە، ئەوەی کە بە پراتیک کۆتایی دێنکۆنکرێت نییە واتا: چۆنییەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ گەلێک کە لە لایەن گەلەکەی منەوە ستەمی لێدەکرێتمارتۆف و سەرکردە بەڕێوەبەرەکان لە دەرەوەی وڵات پێیان باشتر بووە زۆر سادەو ساکار - چ بێهۆشیەکی بەجێ! - خەباتکاری هاوکار و هاوسەنگەری خۆی زمکۆفسکی لە دژی ئۆتۆنۆمی لە بیردەکات. مارتۆف راگەیاندنی ئاشکرای هەوادارانی گڤزدۆڤ «ناش گۆلۆس» لە هاودەنگی» لەگەڵ ئۆتۆنۆمیدا هەڵوێستی دەربڕیوە و هەوڵی داوە ئەو راستیە حاشاهەڵنەگرە بسەلمێنێت کە ئۆتۆنۆمی بە ناچار بە واتای بەشداری کردن لەجەنگی ئیمپریالیستیدا نییە، بەڵام ئەو لە چوونە سەر گەوهەری مەسەلە خۆی بواردوە - بەو جۆرەی کە لەبڵاوکراوە ئازادە ژێرزەمینییەکاندا خۆی دەبوێرێت - واتا ئەو بابەتی کە روسیا لە هەمان سەردەمی ئاشتیشدا وەکو ئیمپریالیزمی تووڕە، سەدە ناوەڕاستی، دواکەوتو لەبواری ئابوریەوە، سەربازی و بۆرۆکراتیک ژمارەی پێوانەیی سەبارەت بە ستەمی نەتەوایەتی شکاندوە. ئەو سۆسیال دیموکراتە روسیەی کە مافی نەتەوەکان لە ئاڕادەیەک هاوشێوەی پلیخانۆف، پۆترسۆڤ و هاوبەشەکانیان « بە



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

رەسمی دەناسێت»، واتا بە بێ خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی جیابوونەوە بۆ ئەو نەتەوانەی کە لەژێر ستەمی تزاریسمدان، بە کردەوە ئیمپریالیزمێک و خزمەتکارێکی تزاریسمە.

نیازپاکیە زەینییەکانی ترۆتسکی و مارتۆف چی دەوێت با ببێت، ئەوان لەبواری عەینییەوە، لەو هەڵوێستە لوتبەرزانەیەی خۆی لەئیمپریالیزمی روس پشتیوانی دەکات. سەردەمی ئیمپریالیزم سەرجەم زلهێزە «گەورەکان» بەرەوە ستەمکاری بە سەر زنجیرە نەتەوەکاندا بردوە و گەشە و هەڵدانی ئیمپریالیزم، بەناچاری، دابەشبەندیەکی هەرچی شەفافانەتر لە نێوان رەوتە جۆراوجۆرەکاندا کە لە سەر ئەم مەسەلەیە لەوانە لە ناوخۆی سۆسیالدیموکراسی نێونەتەوەییدا پەیدابووە پێکهێناوە.

**سەرچاوە:**

-کۆمەڵە بەرهەمەکان بەرگی 22 6 نیسانی 1916

## ماركسيزم لەنێوان لينين و گرامشيدا

**كريس والش**

**بۆ عەرەبی «چی رحمی»**

**لە عەرەبییەوە: محەمەد چیا**

ئایا گرامشی دڵسۆز بوو بۆ بیرۆکەکانی «لینین»؟ باشە دەبێت ئەو شتە تایبەت و جیاوازە چی بێت لەبیرۆکەکانی گرامشیدا؟ ئایا لینینزمی گرامشی ئەمڕۆ بۆ کۆمۆنیستەکان بەسودە؟ «کریس والش» لەم وتارەدا وەڵامی ئەم پرسیارانەو زیاتریش دەداتەوە.

میراتی « ئەنتۆنیو گرامشی» لەزۆرترینی ئەو مەسەلانەیە کە لە کەلتوری مارکسیدا جێی ناکۆکی و مشتومڕە. زۆر قوتابخانەی فیکری بانگەشەی ئینتمابوونی خۆیان بۆ بیرۆکەکانی « گرامشی» کردوە، هەندێک لەو قوتابخانانە مارکسی بوون و هەندێکی تریشیان لەدەرەوەی بوون. زۆر کەمیش زانستێک لەزانستە کۆمەڵایەتیەکان دەبینینەوە لەئەدەبیاتەکانیدا چەمکە سەرەکیە تایبەتیەکانی فیکری «گرامشی» تێهەڵکێش نەکردبێت. زۆرجاریش وا دەڕوانرێتە ئەم ئیتالیە وەک ئەوەی مارکسیەکی» قەبوڵکراو»بێت، هیچ کەسێکیش گوێی بەوە نەداوە، کە رەنگە ئەو بیرمەندێک و چالاکوانێکی سیاسی بێت کە لەرووی تایبەتمەندی و جیاوازیەوە، هیچی لە لینین کەمتر نەبێت. لەمێژووی مارکسیەتی خۆرئاوایشدا، رەنگە لەماوەی پەنجا ساڵی رابردودا مشتومڕی سەرەکی لەبارەی ئەوەوە بووبێت، کە ئایا سیاسەتەکانی « گرامشی» درێژکراوەی میرات و تیۆری لینینیزمە، یان لەو دەرچووەو ئەوی تێپەڕاندوە.

ئەرکی سەرەکی گرامشی لەوکاتەدا « پەڕاوەکانی زیندان»ی دەنوسی بریتی بوو لە دەستکردن بەدانانی ستراتیژیەتێکی شۆڕشگێڕی نوێ بۆ سۆشیالیستەکان لەسایەی سەرمایەداری خۆرئاوایی پێشکەوتوودا، کە رەوشەکان جیاوازیەکی جەوهەریان هەبوو لەوەی کە لەروسیای قەیسەریدا هەبوو. لای هەندێک کەسیش، تەنها ئاوێتەبوونێک لەگەڵ بابەتێکی وەک ئەمەدا، بەسە بۆ جیاکردنەوە لەنێوان بیرۆکە تیۆریەکانی هەریەک لە « لینین» و گرامشی»دا، بەڵام ئەم دەرئەنجامە

ئەواو سادەیە، چونکە هەر لەسەرەتای بیستەکانەوە هیچ کەسێک پێویستی بوونی بیرۆکەیەکی شۆڕشگێڕی جیاوازو تایبەت بەخۆرئاوای نەدەزانی، وەک ئەوە کە « لینین» دەیزانی.

لەحەفتاکاندا شەپۆلی تیۆرێکی نوێ بەدیارکەوت بەشێوەیەکی گەورە پشتی بە خوێندنەوەیەکی هەڵە بەست بۆ بیرۆکەکانی گرامشی لەناو حزبە کۆمەنیسنەکانی ئەوروپادا. ئەم هەمەجۆریە فراوانە لەگۆشە نیگاکاندا وای لێهات بەشێوەیەکی دەستەجەمعی بەناوی کۆمۆنیستیەتی ئەوروپییەوە ناسراو و لەدەوری ئەو بیرۆکەیە کۆبوونەوە، کە چەمکی «جەنگی شوێنەکان»ی گرامشی پێ لێنانێکە بۆ گرتنەبەری ڕێگەی چاکسازی لەسۆشیالیزمدا، پاشانیش حزبە کۆمۆنیستەکان کە پابەندبوون بەم تێڕوانینە نوێوەوە، وا سەیری کاری هەڵبژارنیان دەکرد بەوپێیەی ئەولەویەتێکی سیاسیە و، هێندی نەبرد وازیـان لە بڕێکی زۆر لە میراث و تیۆرەکانی لینین هێنا.

لەبەریتانیادا گۆڤاری « مارکسیەتی ئەمڕۆ» بەرگری لە کۆمۆنیستیەکی ئەوروپی کرد، کە سەرنوسەرەکانیان نوسەرانی وەک « مارتن جاک « و «ستیوارت هول» بوون، نمونەی ئەم جۆرە کەسانەش هێند هۆکاری پێویستیان هەبوو بەس بێت بۆ ئەوەی جیاکاری بکەن لەنێوان « گرامشی» و میراتی لینینیدا. ئەوان دەیانویست لەڕووی تیۆریەوەو بەوپەڕی ڕونیەوە جیاوازی بکەن لەنێوان خۆیان و لەنێوان « پەرستنی لینین» لەیەکێنی سۆڤیەتی ستالینیدا. ئەوان زۆر ڕەشبین بوون بەهۆی ئەو شکستە یەک لەدوای یەکانەی کە ڕووبەڕووی چەپی شۆڕشگێڕی دەبۆوەو، تێدەکۆشان بۆ داڕشتنی ستراتیژیەتێکی سۆشیالیستی نوێ، بتوانێت ڕزگاری بێت لە بنەما جێگیرە کۆنەکانی مارکسیەتی لینینی و ستالینیەتی شکستخواردوو، وەک «دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا». وایانزانی «گرامشی» پاساوی ئەوانە بۆ هەستان بەپێداچوونەوەیەکی ڕیشەیی لەوشێوەیە، هەروەک چۆن ئەوان بەئەنقەست بیرۆکەکانی ئەویان لە بیرۆکەکانی «لینین»دوور دەخستەوە، بەدڵنیاییەوە ئەوانە پیاوانێک بوون پاڵنەری سیاسی خۆیان هەبوو بۆ ئەوە، هەڵهێنجانە تایبەتیەکانیان بابەتیی، یان بێ لایەنانە نەبوو، هەروەها لەڕوی زانستیشەوە ورد نەبوو، بەڵکو بەپێی بەرنامە تایبەتیەکەیان داڕێژرابوون، لەپێناو

سەرلەنوێ ئاراستەکردنەوەو نوێکردنەوەی باڵی چەپی رادیکالیدا، لەکاتی قەیرانی قوڵی چەپدا.

لێرەدا پێویستە هەندێک خاڵی یەکلایکەرەوە روونبکرێنەوە، کە هەمیشە سەرەڕای گرنگیشیان فەرامۆشدەکرێن: یەکەم، چەمکی « هەژمون»کە بوەتە هاومانایەک بۆ بیرۆکەکانی گرامشی، لای ئەو بنەمایەکی نەبوو، بەڵکو لە لینینیەوە وەرگرتبوو،هەروەک چۆن بەفراوانی بەکاردەهێنرا لەلایەن گەورە تیۆرسینانی ئەنتەرناسیونالیزمی دووەم و سێیەمەوە وەک یەک. لەڕاستیدا «بەکارهێنانی ئەم چەمکە لەلایەن «گرامشی»ەوە بەشێوەی هەڵگێڕانەوە نەبوو، یان دژ بوەستێتەوە لەگەڵ ئەوەدا کە لەڕوسیادا بەکاردەهێنرا، بەڵکو ڕاستی مەسەلەکە ئەوە بوو کە بەردەوامی و پەرەسەندنێکی خودی چەمکەکە بوو، سەرەڕای ئەمەش بۆ چەند دەیەیەک ئەوەبڵاو بوو، کە چەمکی « هەژمون»ی گرامشی وا پێناسە دەکرا، ستراتیژیەتێکی جێگرەوەو بەدیلی چەمکی کۆنی «دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا» بێت، بەڵام ئەوە هەرگیز مەبەستی «گرامشی» نەبوو، لەواقیعدا هەردوو چەمکەکە، بەنسبەت عەقڵیەتی ئیتالیەوە تەواوکاری یەکتری بوون. لەواقیعدا، « پەڕاوەکانی زیندان»ی گرامشی هەوڵێک بوون بۆ بەردەوامیدان بە میتۆدی لینینی لەدوای مردنیەوە.

## لینین و خۆرئاوا

وەک پێشتر باسمان کرد لینین تەواو دڵنیابوو لەوەی کە خۆرئاوا پێویستی بە ستراتیژیەتێکی شۆڕشگێڕی جیاواز هەیە. لەساڵی 1921دا، بەتایبەتی بۆ کۆمۆنیستەکانی ڕوس ئەوەی رونکردەوە کەوا گرنگ و پێویستە ستراتیژیەتێکی تایبەت بە کرێکارە خۆرئاواییەکانی بوونی هەبێت، بەشێوەیەک بگونجێت لەگەڵ رەوش و بارودۆخە تایبەتیەکانیاندا. بەداخەوەش بوو بۆ ئەوەی کە ئەوەی لە پرۆگرامی کۆنگرەی سێیەمدا هاتووە، خەریکە بەنسبەت عەقڵیەتی غەیرە ڕوسیەوە مەفهوم نەبێت، وتی:

« کۆنگرەی سێیەم، لەساڵی 1921دا، بڕیارێکی وەرگرتوە لەبارەی پەیکەری رێکخستنی حزبە کۆمۆنیستەکان و شێوازەکانیان و ناوەڕۆکی چالاکیەکانیان. ئەوە

بڕیارێکی نایاب بوو، بەڵام زۆر ڕوسیانە بوو، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، هەموو ئـەوەی پەیوەست بەم بـڕیـارەوە پشتی بە سروشتی رەوشـەکـان و بارودۆخەکان بەستووە لەڕوسیادا. ئەوەش بەدیاریکراوی خاڵی جیاوازی بوو، بەڵام هەروەها خاڵی کەموکوڕیشی بوو. دەڵێم بڕیاردان لەسەری خەوش و کەموکوڕییە، چونکە دڵنیام لەوەی زەحمەت دەبێت غەیرە روسەکان بیخوێننەوە.. دووەم، هەتا ئەگەریش خوێندیانەوە، ئەوا ناتوانن لێی تێبگەن، چونکە ڕوسیەو لە لۆکاڵیەتدا چەقیوە، نەک تەنها لەبەرئەوەی بەزمانی ڕوسی نوسراوە- چونکە بەووردی بۆ هەموو زمانەکان وەرگێڕاوە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە بەرۆحیەتی روسیانە زۆر تێرو ئاودراوە. سێیەم هەتا ئەگەریش بەشێوەیەکی هەڵاوێردانە ئەوە ڕویداو یەکێکی غەیرە روسی توانی لێی تێبگات، ئەوا ناتوانێت لەسەر ئەزری واقیع پراکتیزەی بکات.

خاڵی بەهێزی ئەو بڕیارە بریتی بوو لە وردەکاریەکانی لەتایبەتمەندیەکانی و توانای تەرکیز خستنە سەر وردەکاریەکانی مەسەلە رێکخستنیەکان، بەڵام خاڵی لاوازی بریتی بوو لە هەڵاوێردەیی رەوشە کۆمەڵایەتیەکان و ئابوریەکانی ڕوسیا، پاشانیش نامۆیی بوونی تەواوی بەنسبەت کرێکاری خۆرئاواییەوە، لەهەموویشی خراپتر، هەتا دوای لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتمەندیش بۆ رەوش و باردۆخی ڕوسی کە دەکرێت یارمەتیدەر بێت لەتێگەیشتن لەڕۆڵی رێکخراوەی شۆڕشگێڕی و مومارەسەی کۆمۆنیستە روسەکان، دەڵێم ئەم مەعریفەیە، رەنگە ببێتە کۆت و ئاستەنگێک لەبەردەم شۆڕشگێڕی خۆرئاوایدا لەرەوشێکدا ئەگەر بەشێوەیەکی دۆگمایانە گیرایەبەرو جێبەجێکرا، بەتایبەتی کە شێوازی ئەوان بۆ شۆڕشی کرێکاری بەشێوەیەکی ڕیشەیی جیاوازە لەشێوازی بەلشەفیەکان، ئەمەش وای لە لینین کرد پۆزش بێنێتەوەو بڵێت: « ئێمە فێری چۆنیەتی پێشکەشکردنی شارەزاییە ڕوسیەکانمان نەبووین بۆ غەیرە ڕوسەکان» لەپێناو ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیەی ئەنجومەنی پێشوو، جەختیکردەوەو وتی: « پێویستە لەسەر ئێمەی ڕوس شێوازو ئامرازگەلێک بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی بنەماکانی ئەم بڕیارە بۆ غەیرە روسەکان ڕونبکەینەوە، ئەگەریش بەوە هەڵنەستین، ئەوا بەتەواوەتی مەحاڵە بتوانن پراکتیزە و مومارەسەی بکەن».



@kurdica

ئەرکی سەرەکی ئەنتەرناسیونالیستی کۆمۆنیستی لەم قۆناغەدا بریتی بوو لە « وەرگێڕانی» ئەزمونی روسی بۆ چەندین شێوەزاری ناوچەیی کەلەناو کرێکارە ئەوروپیەکاندا قسەی پێدەکرا، بەڵام دوو دەوڵەت نییە لەهەمان رەوشدا وەکویەک وابن، بەدیاریکراویش رەوشی ڕوسی تەواو دورو جیاواز بوو لەو ڕەوشانەی لەئەوروپادا دەگوزەرا لەسایەی سەرمایەدارییەکی زیاتر پێشکەوتوودا.

## جەنگی شوێنەکان و جەنگی مانۆڕەکان

یەکێکە لە مەزنترین بەشداریەکانی «گرامشی» لەکۆمۆنستیەتی شۆڕشگێڕیدا بریتیە لە داڕشتنەوەی بۆ ستراتیژیەتێکی دوولایەن ناسراوە لە جەنگی مانۆڕەکان و جەنگی شوێنەکان. پێشتر لەساڵی 1917 کاتێک لینین و بەلشەفیەکان جێبەجێیان کرد، وەک ستراتیژیەتێکی گونجاو داڕێژرا بۆ سۆشیالیستەکان لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا، کە هێشتا سەرمایەداری تێیاندا دواکەوتوو بوو. ئەویش شێوەیەک بوو لەشێوەکانی یاخیبوون بەسەر دەوڵەتدا، ئەویش کارێکی مومکینە تەنها چینی فەرمانڕەوا لەناو کۆمەڵگەدا پارێزگاری دەکات لەباڵادەستی بەسەر چینە شوێنکەوتوەکاندا بە بەکارهێنانی هێزی رەها، لەگەڵ قەبوڵکردنی جەماوەری زرۆ کەم یان هەر نەبوودا بۆ ئەم کۆنترۆڵە. لەم حاڵەتەدا، ئەو چینانەی کەشوێن کەوتوون رەتی دەکەنەوە چینی بورجوازی سەرکردایەتیان بکات، بەڵام ناچاری ملکەچی و گوێڕایەڵی دەکرێن بە بەکارهێنانی توندوتیژیەکی زیادەڕۆیانە لەرێگەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەوڵەتەوە، وەک « هێزی تایبەتی چەکدارەو زیندانەکان و هی تر، « وەک ئەوەی «لینین» لەکتێبەکەیدا « دەوڵەت و شۆڕش» رونیکردوەتەوە.

لەلایەکی ترەوە، جەنگی شوێنەکانی، بریتیە لە ستراتیژیەتێکی مەودا درێژ، پێویستی بەبڕێکی زیاتری ئارامی هەیە، چونکە ئەوە هێرشێک نییە بۆ سەر پێگەو پەناگەکانی دەسەڵات، بەڵکو ماوەیەکی درێژە لە بونیادنان و گەیشتن بەو سانەوەختەی کە تێیدا هاوپەیمانێتیە چینایەتیەکان پێشکەوتون و تێدەکۆشن بۆ سەرکردایەتیکردنی چینە شوێنکەوتەکان. «گرامشی» رەوشە جیاوازەکان، کە پێویستیان بەستراتیژیەتێکی تایبەت هەیە، هەر رەوشەیانی بەجیا شیکردۆتەوەو

راڤەی بۆ کردون:

«لەخۆرهەڵات» دەوڵەت هەموو شتێک بوو، کۆمەڵگەی مەدەنی سەرەتایی و خۆنەگرتووبوو، ئەمە لەکاتێکدا لەخۆرئاوا، پەیوەندیەکی دروست و بەهێز هەیە لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنیدا، لەو کاتانەشدا کە تێیدا دەوڵەت لاواز دەبوو، یان دەکەوت، یەکسەر پەیکەرێکی بەهێزی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدیار دەکەوت. دەوڵەت لەخۆرئاوادا شتێک نیە جگە لەقەڵایەکی پێشەوەیی کە لەپشتیەوە زنجیرەیەک لە قەڵای بەهێزو تۆکمە ڕیزی بەستووە. ڕونیشە، پێکهاتنی دەوڵەت لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاواز دەبێت، ئەمەش بەدیاریکراوی هۆکارە لەپشت پێویستیی دۆزینەوەیەکی نیشتمانی ووردەوە .

لەم بڕگەیەشدا «گرامشی» پێناسەی دەوڵەت دەکات بەو قەڵایەی کە دەوری کۆمەڵگەی مەدەنی گرتووەو دەیپارێزێت. لەشوێنی تریشدا پێچەوانەکەی دەخستەڕوو، واتە کۆمەڵگەی مەدەنیەت دەوڵـەت دەپارێزێت. لەکۆتایشدا ڕاستیەکی ڕەها نیە لەبارەی داڕشتنی پەیوەست بەدەوڵەتی سەرمایەداری پێشکەوتوەوە، چونکە وەک باسمان کرد» پێکهاتنی دەوڵەت لەوڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت»، بەڵام خاڵی سەرەکی کەپێویستە لەسەرمان تێبینی بکەین ئەوەیە، لەخۆرئاوا پەیوەندیەکی زیاتر کامڵ و پێگەیشتوو هەیە لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنیدا. دەوڵەت لەکۆمەڵگەی خۆرئاوایی سەرمایەداری پێشکەوتودا، گرەنتی بەردەوامی هەژموونی چینی سەرمایەداری دەکات، لەرێگەی ئامرازگەلێکی فەرمانڕەوایی زیاتر ئاڵۆزەوە لەو دەست بەسەردا گرتنە ستەمکاری و زۆرداریەی، کە وڵاتە خۆرهەڵاتیە دواکەوتوەکان پەنای بۆ دەبەن. لەوێ و بەکارابیەکی زۆرەوە ئاوێتەیەک لە زۆرلێکردن و رەزامەندی دەگیرێتەبەرو بڵاودەکرێتەوە. چەندێکیش وڵاتانی سەرمایەداری پێش بکەون، کەمتر و کەمتر پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی هێز، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕوو لەزیادبوو پشت بە بەدەستهێنانی رەزامەندی جەماوەری دەبەستن لەپێناو پاراستنی ئەو ڕەوشە قوچەکیەی کە هەیە.

ئەوەی گرنگیشە لەم خاڵەدا تێبینی بکەین لەهەموو رەوشەکاندا جەماوەر بەم سیاسەت و ئەم جۆرە رێکخستنە فریودراوە. ئایدۆلۆژیەتی چینی فەمانڕەوا بەئەنقەست کۆمەڵە پێداویستیەکی دیاریکراو بەئامانج دەگرێت، هەروەها

خواستەکان یان ئەو مەترسیانەی لەناو چینە شوێنکەوتەکانەوە بڵاوبوەتەوە. ئەو بەئامانج گرتنانە دیاریدەکرێن بەپێی مەسەلە گەلێکی جیاوازو لەقۆناغگەلێکی مێژوویی جیاوازدا، کە ڕەوشێکی دیاریکراوی هەبێت و بۆ هەر کۆمەڵگەیەکیش بەجیا. ئەوە دەکرێت هەر شتێک بێت وەک : گێڕانەوەی یاساو ڕژێم « ئاسایشی ناوخۆیی»، ئاسایشی نیشتمانی و، مەترسیەکان دەربـارەی قەبارەی دەزگای دەوڵەت، توڕەیی لەبڵاوبوونەوەی « ڕۆشنبیری سودو دەسکەوت»و داواکردنی دادپەروەریی. بۆ نمونە، بەرنامەی سیاسی «مارگریت تاتشەر» هەموو ئەم مەسەلانەی لەخۆگرتبوو. هەموو ئەم مەترسیانە لەلایەن تاتشەرو هاوپەیمانەکانیەوە وروژێنراو، لەبنچینەشەوە پشتیان بەڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەست لەوەی بەدڵسۆزیەکی زۆرەوە بازاڕی بۆ گەرمکردن و ڕەواجی پێدان، لەگەڵ تەرخانکردنی ماوەیەکی کورت بۆ ئۆپۆزسیۆن، یان لەوانەیە ئەو ماوە کورتەش تەرخان کرابێت.

کاتێک بیری چینی فەرمانڕەوا لەچێوەیەکی فراواندا قەبوڵکراو دەبێت بەڕادەیەک کە چینە چەوسێنراوەکان ئامادەن بەشداری تێدا بکەن، کاتێک ئەلتەرناتیڤەکان نامێننن یان ڕەنگە هەیشبن، بەڵام دەسەوسانە لەکەمەندکێشکردنی جەماوەردا، ئەوەش ئەو کاتەیە کە تێیدا بیری چینی فەرمانڕەوا، وەک ئەوەی «گرامشی» ناوی ناوە، دەبێتە مەسەلەکی لۆژیکی ڕاست و دروست. لەوکاتەدا وەرچەرخانی فیکری لەکۆمەڵگەدا زۆر سەقامگیر دەبێت، هەتا کارگێرشیە سیاسیەکانی دواتریش ناچار دەبێت بەردەوامی پێبدات و پشتیوانی لێ بکات، لەوکاتەدا پرۆژەی سیاسی زاڵ و هەژموندار دەبێت. ئەمەش بەدیاریکراوی ئەوە بوو کە بەدیهات لەرێگەی پرۆژەی ڕیشەیی تاتشەرەوە، هەتا حکومەتی حزبی کرێکارانی دوای تاتشەریش، بەتەواوی ئەو پرۆژەیەی لەئامێزگرت و، بەرەو لیبراڵیەتێکی نوێ پەرەی پێدا.

## دەوڵەتی کامڵ

لەدوانیەتی مارکسیی تەقلیدیدا بۆ دەوڵـەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، دەزگا ئایدۆلۆژیەکان وەک ڕاگەیاندن، قوتابخانەکان و، زانکۆکان و، خێزان، هتد بەدامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی دادەنرێن، «گرامشی» دەرکی بەوە کردبوو

لەکۆمەڵگەی سەرمایەداری پێشکەتوودا، نمونەی ئەم جۆرە وەسفە تەواو ورد نییە. کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت پێکەوە پەیوەست بوون پەیوەستبوونێکی توندوتۆڵ، بەشێوەیەک پێویستە پێکەوەو بەشێوەیەکی هاوکاتی بەرهەڵستیان بکرێت. ئەگەر توانای هەندێک کەسایەتیمان لەکۆمەڵگەدا لەبەرچاو گرت، لەبوونی کاریگەریان لەسەر دەوڵەت و پێچەوانەکەش بەپێچەوانەوە، ئیدی ئەگەر ئەوانە لەدەوڵەمەندەکان بن کە پارە دەبەخشنە ئەو حزبە سیاسیانەی ڕاوبۆچونیان هەیە لەسیاسەتی گشتی یان دروستکردنی بڕیارداو، ئیمپراتۆرەکانی ڕاگەیاندن بەتوانا زەبەلاحەکانیانەوە لەکاریگەری خستنە سەر جەماوەر، هەتا ئەوان ڕۆڵێکی یەکلاییکەرەوە دەبینن لە دیاریکردنی کەسی هەڵبژێراودا بۆ سەرۆکایەتی. بەوشێوەیە ڕوونە کە دەسەڵات لەکۆمەڵگەدا بەتەنها لەدەستی دەسەڵاتی سیاسیدا نییە.

ئەمەش هۆکارەی پشت داڕشتنی چەمکی « دەوڵەتی کامڵ» ە لەلایەن «گرامشی»یەوە. لەم داڕشتنەدا، دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بەدوو قەوارەی سەربەخۆو جیاواز دانانرێن، بەڵکو دوو ڕەگەزن یەکەم سستم پێکدەهێنن. ئەوە پەیوەندیەکی جەدەلیە لەنێوانیاندا، بەشێوەیەک کە توانای دەوڵەت لەسەر کردار هەمیشە پشت دەبەستێت بە هاوسەنگی هێزە چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها لەسەر ڕۆڵی لایەنە کاراکان لەناو کۆمەڵگەی مەدەنیدا.

خراپ تێگەیشتنێکی بڵاویش هەیە بۆ چەمکی جەنگی شوێنەکانی «گرامشی» وای لێ تێگەیشتوون کە جەنگی شوێنەکان بریتیە لە خەبات لەناو کۆمەڵگەی مەدەنیدا، کاتێکیش هەژموون دەکرێت، ئەوا دەوڵەت بێ بەرگری دەکەوێتە دەستی کرێکارانەوە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بەسەریدا بسەپێنن. کاتێکیش بەشێوەیەکی باش لە چەمکی « دەوڵەتی کامڵ» تێدەگەین، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ئەم ڕاڤەکردنە نادروستە.

دەوڵەتی کامڵ بریتیە لەهەموو شتێک، یەک یەکێتی، ئەو « دەوڵەتە» یە کە کۆمەڵگەی مەدەنیی و سیاسی وەک یەک لەخۆدەگرێت. بەشێوەیەک هەریەک لە دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنیی لەرێگەی پەیوەندیەکی هاوبەرپرسیاریەوە پشتی یەکدەگرن، بۆیە پێویستە لەسەر بزوتنەوەی کرێکاری شۆڕشگێڕی هێرش

بکاتە سەر هەردوکیان لەهەمان کاتدا، بۆیە پێویستە ستراتیژیەتی بەرەی یەکگرتوو هەمیشە ئامادە بێت. پێویستە لەسەر چەوساوەکان خۆیان ڕێک بخەنەوە بۆ ئەوەی سەرکردایەتی خەباتێکی هەڵکشاو و بەردەوام بکەن لەدژی دەوڵەت و چینی فەرمانڕەوا. ئەم شێوە ڕێکخستنیش پێویستە لەسەر شێوەی دامەزراوەی کرێکاری نوێ بێت و پێویستە لەسەر شۆڕشگێڕەکان هەموو هەوڵ و کۆششێکی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ بڵاوکردنەوەی کاری سیاسی لەناو ئەو شێوە ڕێکخستنیانەدا، لەگەڵ بەرزکردنەوەی هۆشیاری بەشێوەیەکی بەردەوام و، ڕێکخستنی خەبات لەڕێگەی کارلێکی جەدەلیەوە.

پێویستە ئەوە بزانین مومکین نییە لە چەمکی «هەژمونی» گرامشی تێبگەین بەبێ تێگەیشتن و ئاگابوون لەو توێژینەوە گرنگانەی لەماوەی ساڵانی زیندانیدا بەئەنجامی گەیاندون، بۆیە ئێمە ئەم هاوکێشەیە دەخەینەڕوو: « هەژموونی مەدەنی= جەنگی شوێنەکان = بەرەی یەکگرتوو». بەرەی یەکگرتوو بریتیە لەستراتیژیەتێک جێبەجێ دەکرێت لەپێناو یەکخستنی ڕیزەکانی ئەو چینانەی شوێنکەوتەن بۆ چوونە ناو جەنگێک لەدژی دەوڵەت، بەڵام هەژموونی مەدەنی (خاڵی لێوە دەرچوونە و، هەمیشە بەرەو هەژموونی سیاسی تەقەلا دەدات) ئەمە سەرکردایەتیکردنی چینە چەوساوەکانە لەچوارچێوەی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، بەڵام جەنگی شوێنەکان بریتیە لە» پێشکەوتنێکی بـەردەوام و لەدوای یەکە بەرەو هاوپەیمانیەتێکی چەوساوەکان بەسەرکردایەتی پرۆلیتاریا بۆ ملکەچپێکردنی هەژموونی زاڵ و باڵا دەست، کاتێکیش ئەوە مومکین دەبێت، مانۆرش دەکرێت بۆ چەساندنی دەسەڵات و دەستگرتن بەسەر دەزگاکانی دەوڵەتدا. هەموو بەشێکیش لەپێکهاتەکانی ئەم داڕشتە بنچینەییە بۆ یەکێتی هەموو ستراتیژیەتەکە.

ئەگەریش چاوپۆشی بکرێت لەهەریەک لەبەشەکانی ئەو هاوکێشەیە، ئەوا ستراتیژیەتە پێشکەشکراوەکە مەفهوم نابێت و، بەدڵنیایشەوە شیاوی جێبەجێکردن نابێت. دەکرێت دامەزراندنێک بۆ سەرکردایەتی « هەژمون» لەناو کۆمەڵگەی مەدەنیدا بکرێت، ئەویش تەنها کاتێک کە هەموو چینە چەوساوەکان پێکەوە « لەڕێگەی بەرەی یەکگرتووەوە» لەگەڵ پێشەوایەتی پرۆلیتاریادا هاوپەیمانیەتێک دابڕێژرێت و ئەم هاوپەیمانیەتیەش سەرکردایەتی خەبات دەکات لەدژی چینی



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

فەرمانڕەوا، لەهەموو بوارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سیاسیدا وەک یەک. من بڕواموایەو هەوڵیش دەدەم ئەوە بسەلمێنم لەرێگەی شیکارکردنێکی وردەوە بۆ دەقەکان، کە هەموو بەشێک لەپێکهاتەکانی ئەم هاوکێشەیە بەبڕێکی گەورە قەرزاری «لینین»ە.

**چەمکی هەژموون لای لینین « سەرکردایەتی»**

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد» گرامشی» تێگەیشتنی بۆ هەژموون لە « لینین»یەوە وەرگرتووە. پێویستیشە لەسەرمان لەیادمان بێت لەم قۆناغەدا چەمکی هەژموون لای «گرامشی» لەماوەی هەر شۆڕشێکی گریمانەکراودا، واتە بەسادەیی سەرکردایەتیکردنی چینە شوێنکەوتەکان و کۆکردنەوەیان پێکەوە لەیەکێتیەکی تێکۆشاندا لەرێگەی ستراتیژیەتی بەرەی یەکگرتووەوە؟ لەبەرئەوەی «لینین» زۆربەی جار ووشەی هەژمونی بەکارنەهێناوە، ئەوا ئەمە بەشێوازێکی هەڵە راڤەی بۆ کراوە وەک ئەوەی چەمکی هەژموون لەکارەکانیدا ئامادەگی نەبێت و بەدیار نەکەوێت. هەروەک «کریستین جلوکسمان» دەڵێت» زۆربەی ئەوانەی لەم بارەیەوە دەدوێن جەخت دەکەنەوە لە لادان و سەرپێچی « گرامشی» لە «لینین»ن بەسوکایەتیکردن بەپێگەی هەژموون لەکارەکانی «لینین»دا، لەسایەی بێدەنگیەکی نیمچە تەواودا لەلایەن ئەنترناسوینالیستی سێیەمەوە».

ئەمە لەکاتێکدا کارێکی زەحمەت نیە نمونەگەلێک بۆ چەمکی هەژموون لەنوسینەکانی «لینین»دا بدۆزینەوە پێش ساڵی 1917 بەماوەیەکی درێژ، با سەیرێکی ئەم چەند پەرەگرافە بکەین لەنامیلکەی « هەردوو پلانی سۆشیالیستی و دیموکراسیەت»، کەلەساڵی 1905دا نوسیویەتی:

«کاری باو و، رێکخراو و هەنوکەیی بۆ هەموو رێکخراوەکان و کۆمەڵەکان کە تایبەتن بەحزبمانەوە، هەروەها کارەکانی پروپاگەندە و هاندان و رێکخستن هەموویان ئاراستن بەرەو بەهێزکردن و فراوانکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ جەماوەردا.»

« بەکورتی، بۆ خۆلادان لەوەی خۆی بەدەست بەستراوی ببینێتەوە لەخەباتیدا لەدژی دیموکراسیەتی بورجوازی دژیەک، پێویستە لەسەر پرۆلیتاریا

چینێکی تێگەیشتوو هۆشیار و بەهێز بێت، بەڕادەیەک بەس بێت بۆ ئەوەی بتوانێت هانی جوتیاران بداث بـەرەو هۆشیاریەکی شۆڕشگێڕی، هەروەها هێرشەکەی ئاراستە بکات، بەو شێوەیە بە سەربەخۆیی لەسەر ڕێبازی ڕاستی دیموکراسیەتی پرۆلیتاریا دەڕوات).

لەبەراییەکانی ساڵی 1905، «لینین» دەرکی بەوە کرد، کە هاوپەیمانێتی چینایەتی پێویستە لەنێو چینە شوێنکەوتوەکاندا بێت، بەئامانجی چوونە ناوەوە بۆ خەباتێکی شۆڕشگێڕی کارا. ئەمەش ڕاستە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەدا کە تێیاندا پرۆلیتاریا چینی زۆرینە نین. سەرەڕای ئەوەش بۆ بەرپاکردنی هاوپەیمانێتی ئەم چەوساوانە، پێویستە پرۆلیتاریا متمانەو لایەنگری چینەکانی تر بەدەستبێنێت، کە هاوپەیمانێتیەکەیان پێکهێناوەو، سەرکردایەتیان بکات چالاکی شۆڕشگێڕیان پێ ڕابسپێرێت( تەواو وەک لە داڕشتنەکانی گرامشیدا هەیە.)

لەم حاڵەتەدا «لینین» بەرەی یەکگرتووی پێناسە کردوە بەوەی تاکتیکێکی گونجاوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، لەبری ئەوەی ستراتیژیەتێک بێت، بۆیە دەکرێت بەئاسانی بوترێت ئەوە تەواو گونجاو بوو بۆ روسیای لەساڵی 1905دا، بەڵام بەتەواوی گونجاو نەبوو بۆ رەوشی کاری «گرامشی» لەئیتالیادا. لەگەڵ ئەوەشدا لەکۆتایدا بەرەی یەکگرتوو بۆ رۆڵێکی زیاتر جاویدانی دامەزرا لەفیکری لینیندا، لەماوەی کەمێک دواتردا، بەدیاریکراوی لەگەڵ سەرەتای ئەنتەرناسیونالیستی سێیەمدا، بەرەی یەکگرتوو بەوە پێناسە دەکرا،کە ستراتیژیەتێکی گونجاو بێت بۆ سەردەمەکە، لەبری ئەوەی تەنها مانۆڕێکی دیاریکراو بێت بەتەنها. دواتریش لەکاتی باسکردنی تیۆرو مومارەسەدا لای «لینین» و بایەخی لای «گرامشی» دەگەڕێمەوە سەر ئەم خاڵە.

تیۆری گشتی بۆ شۆڕشی پرۆلیتاریای «لینین» بەروونی لە ئۆکتۆبەری 1971دا جەختی لێکرایەوە. دوای شۆڕشیش، چەمکی هەژمون- سەرکردایەتیکردنی چینە چەوساوەکان- لەنوسینەکانی «لینین»دا زۆر دووبارە دەبۆوە، هەروەک چۆن شێوەیەکی زیاتر پەرەسەندوی بەخۆوەبینی. لەساڵی 1918دا لەکتێبی « دەوڵەت و شۆڕش»دا هاتووە:

«بەتەنها پرۆلیتاریا- بەپێی ئـەو رۆڵـە ئابوریەی پێیهەڵدەستێت

لەبەرهەمهێنانی گەورەدا دەتوانێت سەرکردایەتیکردنی هەموو زەحمەتکێشان و ماف خوراوان بکات، ئەوانەی کە بورجوازیەت بەهەموو شێوەیەک دەیان چەوسێنێتەوەو دەیانهاڕێت، بەشێوەیەک کەمتر نیە- ئەگەر زیاتر نەبێت- لەوەی بە پرۆلیتاریای دەکات، بەڵام ئەوان بەتەنها خۆیان ناتوانن خەباتێکی سەربەخۆ بکەن لەپێناو رزگاربوونیاندا» .

چینێکی تر نیە بێجگە لەچینی کرێکار کەئامادەکرابێت لەرێگەی شوێن و پێگەکەیەوە لە ریتمی بەرهەمهێناندا بۆ ئەوەی بەم رۆلە هەستێت. هیچ چینێکی تری رێکخراو نیە لەرێگەی کارەوە نمونەی ئەم کۆبونەوە گەورانە و ئەو رەوشە کۆمەڵایەتیانە بێت. چینێی تر نیە کارامەیی و لێهاتوویی پێویستی هەبێت بۆ بەردەوامیدان بە بەرهەمهێنان و، چەسپاندنی بنەماکانی سۆشیالیستی نوێ لەگەڵ ئەگەریی روخاندن و دەرپەڕاندنی بورجوازیەت.

## دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا (هەژمون)

لەم قۆناغەدا، دوای دابڕکردنی شۆڕشگێڕەکانی چینی سەرمایەداری، چەمکی «هەژموون»ی «لینین» بەتەنیشت مانا هەمەگیریەکەیەوە لایەنێکی تر بەدەست دێنێت کە زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیە کەلەنوسینەکانی «گرامشی»دا دەیبینینەوە؟ ئێستا ئێمە دەبینین هەژموون گرنگە، نەک تەنها لەپێناو سەرکردایەتیکردنی چینە چەوساوەکاندا لەپرۆسەی دەرپەڕاندنی بورجوازیەتدا، بەڵکو پێویست و بنچینەییە بۆ پرۆلیتاریا لەپێناو پاراستنی کۆنترۆڵە چینایەتیەکەیدا و کوژاندنەوەی» بەرهەڵستی نائومێدانەی بورجوزایەتدا». ئەم ماوەیە کە تێیدا پرۆلیتاریا بە وەزیفەی چینی فەرمانڕەوا هەڵدەستێت بەهیچ شێوەیەک مانای بەجێگەیاندن یان تەواوبوونی شۆڕشی کرێکاری ناگەیەنێت، بەڵکو بەوپەڕی سادەییەوە، ئەمە ماوەی گواستنەوەیە بۆ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، بەڵکو شۆڕشی کرێکاری تەنها کاتێک کۆتایی پێ دێت کەوا چینایەتیەکان لەناو کۆمەڵگەدا بەتەواوی نامێنن.

ئێستا ڕوندەبێتەوە، کە ئەو جیاوازیەی بەشێوەیەکی شێواندنی لەلایەن کۆمۆنیزمی ئەوروپی و ریفۆرم خوازەکانەوە لەهەموو رەنگ و جۆرەکان

هێنراوەتە ئاراو، بۆ چەمکی «گرامشی» بۆ هەژمون و تێگەیشتنی «لینین» بۆ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بۆ هەمووان ئاشکرایە کە ئەوە بەتەواوی وورد نیە. مەسەلەکە بەسادەییەوە ئەوەیە کە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بریتیە لە»هێزێکی سەرکوتکردنی تایبەت» کەبەهۆیەوە پرۆلیتاریا دەتوانێت سەرکوتی بورجوزایەت بکات.

لەنوسینەکانی هەریەک لە « لینین» و «گرامشی»دا سەرکردایەتیکردنی پرۆلیتاریا بۆ هاوپەیمانێتی شۆڕشگێڕی چینە چەوساوەکان مەسەلەیەکی زەروری و پێویستە پێش و لەکاتی و لەدوای لادان و دەرپەڕاندنی بورجوازیەتەوە. ئەو سەرکردایەتیەی چینی کرێکار هاورێک و هاوەڵ بوون لەگەڵ هەژموونی چینی کرێکاردا، لەماوەی دوای یاخیبووندا لەگەڵ سەرکوتکردنی چینی سەرمایەداری دابڕاو و هێزە شۆڕشگێڕیە دژەکان کەرەنگە خۆی کۆبکاتەوە لەهەوڵێکی نائومێدانەدا بۆ دەستخستنەوەی باڵادەستیە لەدەستچووەکەی. لە پەڕوای یەکەمدا لە»پەڕاوەکانی زیندان»دا «گرامشی» دەڵێت: « چینی کرێکار بەدوو شێوە هەژموندار دەبێت واتە « سەرکردە» و»زاڵ « دەبێت. ئەو پێشەوایەتی چینە هاوپەیمانەکان دەکات، هەروەک چۆن زاڵیشە بەسەر چینە نەیارەکاندا، بۆیە دەکرێت چینی کرێکار ( بەڵکو پێویستە) «سەرکردایەتی بکات» هەتا پێش ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست و، کاتێکیش دەسەڵات دەگرێتە دەست دەبێتە زاڵ و هەژموندار، لەهەمانکاتیشدا «سەرکردایەتیکردن» بەردەوامی دەبێت .

بە بەراوردکردنی ئەمە لەگەڵ ئەوەی لینین پوختی کردوەتەوە لەبارەی پێداویستیە ستراتیژیەکان بۆ پرۆسەی شۆڕشگێڕی کەلەساڵی 1918دا نوسیویەتی:

« بەڵام ئەرکی سەرەکی کە لەسەر پرۆلیتاریاو جوتیاران و هەژاران، پێویستە لەهەموو شۆڕشێکی سۆشیالیستیدا پشتیوانی لێ بکەن و، پاشانیش لەشۆرشی سۆشیالیستیدا کەلە روسیا دەستمان پێکرد لە 25 ئۆکتۆبەری 1917، ئەوەیە، بەپێچەوانەوە، کارێکی ئیجابیە، یان بونیادنانیە، ئەویش رێکخستنی تۆڕێکی تەواو ئاڵۆزو وردە لەپەیوەندیە رێکخستنیە نوێیەکان، کە بەرهەمهێنان و دابەشکردنی بەرهەمە پێویستەکان دەگرێتەوە بۆ دەیان ملیۆن لەخەڵک، بەرهەمهێنانی و دابەشکردنی بەپێی پلان و بەرنامە. شۆڕشێکی لەم شێوەیە

ناکرێت بەسەرکەوتوویی بەدی بێت تەنها ئەو کاتە نەبێت کە زۆرینەی دانیشتوان و بەپلەی یەکەم زۆرینەی کرێکاران، هەستان بەکارێکی ئەفرێنەرانەی مێژوویی سەربەخۆ، سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستیش مسۆگەر نابێت تەنها ئەو کاتە نەبێت پرۆلیتاریاو جوتیاران و هەژاران تواناو لێهاتوویی و دڵسۆزی فیکری و هۆشیاری پێویستیان لەدەرونیاندا بینیەوە.»

« خستن و روخاندنی بوجوازیەت لەدایک بوونی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی نوێ راناگەیەنێت، بەڵکو تەنها قۆناغێکی گواستنەوەیە لەدیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها کاتێک کامڵ دەبێت چینایەتی لەناو کۆمەڵگەدا لەناوبرابێت، پاشانیش دەوڵەت، کە ئامانجی بوونی برینیە لەسەرکوتکردنی چینە شوێنکەوتەکان بۆ گرەنتیکردن و بەردەوامی سەروەریی و هەژمون. شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها کامڵ دەبێت کاتێک کە نمونەیەکی تەواو نوێ و بێ هاوتا بۆ دەوڵەت دێتە بوونەوە، ئەویش: دەوڵەتی کرێکارانە .

سەرەڕای ئەو زمانەش کە هەرەیەک لە «لینین» و «گرامشی» بەکاریان هێناوە جیاوازە، بەڵام ئەوە ڕوونە کە هەردووکیان وەسف و پێناسەی هەمان مومارەسەی رێکخستنی شۆڕشگێڕیان کردووە. بەهەمانشێوەش نائامادەگی وشەی « هەژموون» لەنوسینەکانی «لینین»دا مانای فەرامۆشکردنی چەمکەکە ناگەیەنێت، بەهەمان شێوەیەش دەگمەنی بەکارهێنانی دەستەواژەی « دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا» لە « پەڕاوەکانی زیندان» گرامشیدا ئاماژەیەک نییە لەسەر نائامادەگی ئەم دەستەواژەیە لە بیرۆکەکانیدا.

## دوا راسپاردەی «لینین»

ئەو بابەتانەی کە زۆر گرنگن لەنوسینەکانی «گرامشی»دا : هەژموون، جەنگی شوێنەکان، بەرەی یەکگرتوو، وەک پێشتر بینیمان هەموویانی راستەوخۆ لە «لینین»ەوە وەرگرتووە. لەکتێبی ژیاننامەی گرامشی، « الستیر دیفیدسۆن» ئەم تێبینیە هاتووە: « لینینیزم لەخاڵی کۆتایی هاتنیدا بەشێوەیەکی توندوتۆڵ بە سەرەتاکانی گرامشیەوە پەیوەست دەبێتەوە «.

پەڕاوەکانی زیندانی گرامشی، لەدوای مردنیەوە بەرپرسیارێتی بڵاوکردنەوەی



کوردیکا @kurdica

تیۆری لینینیزمی لەئەستۆ گرت. «گرامشی» بەنوسینەکانی « پەڕاوەکانی زیندان» هەوڵی دا بیرۆکە ستراتیژییە کۆتاییەکانی لینین رونبکاتەوە، لەو ماوەیەدا کە لینینزم شێوێنرابوو، کەلێنی تێ کەوتبوو، تێیدا ململانێکان بەشێوەیەکی دڕندانە ئاویان سەندبوو لەبارەی کەلتوری راستەقینەی لینینەوە، ئەگەر ئەوەش هەمیشە بەشێوەیەکی ئاشکرا نەبووبێت، ئەوا لەناو کۆمۆنیستیەتی نێودەوڵەتیدا (کومنترن) بەلانی کەمەوە. «گرامشی بیرۆکەکانی خۆی داڕشت لەهەمان ئەو کاتەدا کە کومنترن پابەندبوو بەستراتیژیەتی گەمژانەی ماوەی سێیەمەوە، واتە وازهێنان لەبەرەی یەکگرتوو. لەساڵەکانی کۆتایی «لینین»دا، دەرکی بەوە کرد کە بەرەی یەکگرتوو تەنها مانۆڕێکی ڕاگوزەر نییە، بەڵکو لەواقیعدا تاکە ستراتیژیەتێکی گونجاوە بۆ ئەم قۆناغە. «گرامشی» هەڵوێستی کەمینەی وەرگـرت بەهۆی وەفاداریەوە بۆ ئەم دەرئەنجامە لینینیە. « پیتەر تۆماس» نوسیویەتی:

« خەباتکردن لەپێناو « هەژمونی مەدەنی و سیاسیدا» هەوڵی بونیادنانی دەزگا پرۆلیتاریە هەژمونداره‌کان، هەوڵی «گرامشی» بوو، بۆ ئەوەی دڵسۆز بمێنێتەوە بۆ ویست و راسپاردەی کۆتایی لینین و، بۆ بڵاوکردنەوەی پێشکەوتنی جۆری پەرەسەندو لەچەمکی هەژمون، بەپێی رەوش و بارودۆخە خۆرئاواییەکان. بەدوور لەوەی ئاراستەکارێکی لادەر بێت لەئەتروحەی کلاسیکیەکە بۆ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، ئەوا تیۆری «گرامشی» لەبارەی هەژموونی پرۆلیتاریا خۆی دەخاتەڕوو بەوپێەی « تەواکارێکی» پێویستە بۆ تیۆری «لینین». جەنگی شوێنەکان ئێستا تەنها « تاکە ستراتیژیەتێکی مومکین نیە لەخۆرئاوادا»، وەک جێبەجێکردنێک بۆ سیاسەتی بەرەی یەکگرتوو کەلەسەر سیاسەتێکی چینایەتی بونیادنراوە، بەڵکو بۆتە بەردی گۆشە هیچ سیاسەتێکی شۆڕشگێڕی کە خواستی بەرهەمهێنانی سیاسی هەبێت، ناتوانێت دەستبەرداری ببێت» لەجۆرێکی تەواو جیاواز» لەئاستی نێونەتەوەیی.

لەژێر رۆشنایی بەڵگەکاندا، ناکرێت هیچ گومانێک هەبێت لەبارەی ئەوەی کە ئایا «گرامشی» لینینیە یان نا. لینینیەتی ئەو زیاتر دەوڵەمەندترو زیاتر کاریگەر بوو لەهەموو ئەلتەرناتیڤەکانی تر کە هاوچەرخەکانی خستیانەڕوو. کەلێن و ناکۆکیەکی گەورەیان خستە نێوان گرامشی و میراتی لینینیەوە، بەشێوەیەک کۆمۆنیزمی ئەوروپی، نەک تەنها وێنەیەکی ناووردی مێژوویان خستەڕوو لەبارەی

گرامشی و تیۆرەکەیەوە، بەڵکو بەهەموو هەلپەرستیەکەوە وێنەیەکی ناتەواو بوو. ئەرکی ئێمە ئەوەیە میراتی گرامشی رزگار بکەین لەو مامەڵە خراپەی لەسەر ئاستی سیاسی و هەروەها لەسەر ئاستی هەموو لقە کۆمەلایەتیەکانی تر لەگەڵیدا کراوە.


**سەرچاوەکان :**

1-(لینین: پێنج ساڵ لەشۆڕشی ڕوسی و ئاسۆکانی شۆڕشی جیهانی: ڕاپۆرتی کۆنگرەی چوارەمی ئەنتەرناسیونالیستی کۆمۆنیستی. دوایین جەنگی لینین: 1922-23 لا 111.

2-(ئەنتۆنیۆ گرامشی، پەڕاوەکانی زیندان، بەرگی سێیەم، لا 169.)

3-(کریستین جلوکسمان- جرامشی والدولە- لا 174).

4- «لینین: ڕێبازی سۆشیالیستی دیموکراسی لەشۆڕشی دیموکراسیدا، هەڵبژاردەکان- بەشی یەکەم.)

5- ( لینین: الدوة والثوره، المختارات- المجلد الثانی، الجزء الاول، ص 398).

6- . ( انتونیو جرامشی، کراسات السجن، المجلد الاول ص 136.)

7- ( لینین: المهام العشرة المباشرة امام السلطه السوفیتیة، مختارات لینین- الجزء الثالث، ص 94و95).

8- «( لینین: الدولة والثورة، المختارات- المجلد الثانی، الجزء الاول، ص 429.

9- « الستیر دیفیدسون، جرامشی و لینین: 1917-1922، السجل الاشتراکی، 1974، ص 146).

10- (پیتەر تۆماس، فلسفه الهیمنه والمارکسیه، ص 239.

**سەرچاوە:**

- مرکز الدراسات الاشتراکیة- مصر،www. e-socialists. net

## نامەیەکی (لینین) بۆ (ماکسیم گۆرگی)

لە عەرەبییەوە: کارزان محەمەد

ئەدەبیاتی نامەنوسین و گفتوگۆ لە ڕێگای پەیامی نوسراوەوە، لە مێژە لەنێو سیاسەتمەداران و ئەدیبان و نوسەرانی بەناوبانگدا بۆتە شێوازێکی گرنگی گۆڕینەوەی بیروبۆچوون و دیدگاکان.

ئەم نامەیەی (لینین) کە گوزارشت لە بۆچوونی تیۆرسێنێکی ناسراوی بیری مارکسیزم و سیاسەتمەدارێکی گەورەی ئیمپراتۆرییەتی ڕوسیا دەکات، بۆ ئەدیبێکی ناوداری وەک (ماکسیم گۆرگی) ناردوە، کە ئەمیش یەکێک بووە لە پەیڕەوکارانی ئەو تیۆرە. لە کوردستانیش کەم خوێنەرمان هەیە دوای خوێندنەوەی ڕۆمانی (دایک)ی ئەم نوسەرە مەزنە، ئاشنای شێوازی ژیان و سیستمی ئەو تیۆرە نەبێ، کە رۆژگارێ مژدەی بەهەشتی لەسەر زەوی بە خەڵک دەدا بەبێ ئەوەی دەرگای جەهەنەمی ڕووداوەکانی جیهانیان بۆ دابخات!.

وەرگێڕی کوردی

***

**ئەلێکسی ماکسیمیچی خۆشەویست**

سەردانی (تۆنکۆف) م کرد، تەنانەت بەرلە دیدارەکەی ئەو و وەرگرتنی نامەکەی تۆ، لە کۆمیتەی ناوەندی حزبدا بڕیارماندا بوو (کامنۆف) و (بوخارین) ڕابسپێرین بەدواداچوون بۆ بارودۆخی ڕووناکبیرانی بۆرژوای لایەنگرانی کادت بکات، کە دەستگیر کرا بوون، تا ئەو شوێنەی لە توانایدا بێ ئازادیان بکات، چونکە بەلای ئێمەوە ڕۆشنە کە لەم ڕووەوە کۆمەڵێ هەڵە ڕوویانداوە.

ئاشکرایە بەگشتی زۆرینەی دەستگیرکراوەکان کەسانی (کادت) و لایەنگرەکانیانن، ئەمەش کارێکی دروست و پێویست بوو.

کاتێ بۆچوونە توندوتیژەکەتم دەربارەی ئەم مەسەلەیە خوێندەوە، ئەو گوتەیەی تۆم وەبیرهاتەوە کە لە گفتوگۆکانمان (لە لەندەن و کاپری و دوای ئەو دیدارانەش) ئەنجامیان دابوو، تیایدا وتت:» ئێمەی هونەرمەندان کەسانێکی نابەرپرسیارین«.

ڕاستە! تۆ ئەم دەستەواژە توڕەیە دەربارەی چ شتێ دێنیتە سەرزمان؟

دەربارەی چەند دەستەیەک، یاخود چەند سەد کەسێ لە خانەدانەکانی (کادت) یاخود هەوادارانی (کادت) کە چەند رۆژێ خرانە زیندانەوە بۆ ئەوەی ڕێگە لە کۆمەڵێک پیلانیان بگرین وەک پیلانی گەمارۆدانی (کراسنایا گۆرکا) کە گیانی دەیان هەزار کرێکار و جوتیاری خستبووە بەردەم هەڕەشەوە؟.

بەڕاستی کارەساتە! چ نادادپەروەرییەکی مەزنە! چەند رۆژێ یاخود تەنانەت چەند هەفتەیەک زیندانیکردنی ڕووناکبیران لەبەر خاتری ئەوەی ڕێگە لە کوشتاری دەیان هەزار جوتیار و کرێکار بگرین!.

### هونەرمەندان کەسانێکی نابەرپرسیارن

کارێکی هەڵەیە کە هێزی رووناکبیرانی خەڵک تێکەڵ بە هێزی ڕووناکبیرە بۆرژواکان بکەین.

لە هێزی رووناکبیرانی بۆرژوا، کۆرۆلنکۆ بە نمونە دەهێنینەوە. لەم دوادواییەدا بەشێک لە کتێبی (جەنگ، نیشتیمان، مرۆڤایەتی)ی ئەوم خوێندەوە کە لە مانگی ئابی (1917ز)دا نوسیویەتی، بەڵام چ بەرهەمێکی حیلەبازانەیە! بەرگرییەکی پڕ لە شەرم لە جەنگی ئیمپریالیستی بە دەستەواژەیەکی شیرین و فریودەرانە دەکات!. مرۆڤێکی هەرزەی حەرامزادە کە نۆکەری ئەڵقە لە گوێی دەمارگیرییە بۆرژوازییەکانە!. ناوبراو لەپێناو ئەو حەزرەتانەدا، کوشتنی (10) دە ملیۆن کەس لە جەنگێکی ئیمپریالیستیانەدا، لە ڕوانگەی ئەوەوە کارێکی ئاساییە.

لەهەمانکاتدا کۆمەڵێک دەستەواژەی شیرینیشی دژ بە جەنگ بەکارهێناوە، بەڵام مەرگی سەدان هەزار کەس لە جەنگێکدا لەپێناو مافە ڕەواکاندا دژ بە خاوەن زەوی و سەرمایەداران، ئۆباڵەکەی دەخاتە ئەستۆی کرێکاران و جوتیاران و ئەشک و ئاهوناڵەی شێتانەیان بۆ دەکات.

کەواتە بەم جۆرە ئەگەر ئەو (نوسەرانە) چەند هەفتەیەکیش لە زینداندا بەسەر ببەن، هیچ جۆرە زیانێکیان پێناگات، بەتایبەتی ئەم کارەمان ڕێگە لە پیلانەکانی هاوشێوەی (پیلانی کراسنایا گۆرکا) و مەرگی دەیان هەزار کەس دەگرێت.

ئێمە کە ئەم پیلانانەی (کادتەکان) و لایەنگرەکانمان ئاشکرا کردن، دەمانزانی

پرۆفیسۆرەکان یارمەتی زۆرینەی پیلانگێڕانیان دەدا... بەڵێ... ئەمە هەقیقەتە.

هێزە ڕووناکبیرەکانی کرێکاران و جوتیاران لە گەشەسەندندان، لە ڕەوتی خەباتەکەیاندا دەگەنە دەسەڵات تا بۆرژوازیی و بەکرێگیراوەکانیان و بنەمای ڕووناکبیریی سەرمایە لەناوببەن. هەمان ئەو کەسانەی کە تۆ پێتوایە تەنها مێشکی بیرکردنەوەی میللەتن، لە ڕاستیدا نەک تەنها مێشکی بیرکردنەوە نین، بەڵکو ئێمە لە هەمبەر ئەو هێزە ڕووناکبیریانەی دەیانەوێ زانست لەگەڵ خۆیان ببەنە نێو جەماوەرەوە ( بەمەرجێ وەک نۆکەرانی سەرمایەداران کار نەکەن) موچەیەکی زیاد لە ئەندازەی ئاساییان دەدەینێ، ئەمەش هەقیقەتە.

من چوومەتە نێو ڕۆح و ئاکارتەوە و دەتوانم بە باشی لە هەموو لایەنەکانت بگەم (چونکە ئەو پرسیارانەی دەیخەیتەڕوو، لەو ڕێگەیەوە دەتوانم بە تەواوەتی بیروباوەڕەکانت بخوێنمەوە).

لە گفتوگۆکانمان لە کاپری و دوای ئەویش، چەندین جار بە تۆم گوتووە:» ڕێگە دەدەی خراپترین ئەندامی کۆڕی ڕووناکبیرە بۆرژواکان لە دەورت کۆببنەوە، سەری تەسلیم بوون لە هەمبەر لادان و سەرپێچییەکانیان دابنەوێنی. گوێ لە پرتەوبۆڵەی سەدان ڕووناکبیر بگری لە ماوەی دەستگیرکردنیان لەم چەند هەفتەیەی رابردودا، بەڵام سەدای چین و توێژەکان، سەدای ملیۆنەها کرێکار و جوتیار نابیستی و گوێ لە هاوار وناڵەکانیان ناگری کە لەلایەن پیلانگێڕانی (دەنیکین، کولچاک، لیانۆزۆف، رۆدزیانکۆ، کراسنایا گۆرکا و سەرجەم کادتەکانیتر) هەڕەشەیان لێ دەکرێت؟.

بەتەواوەتی تێدەگەم و باشیش دەزانم کە بەم شێوازە بیرکردنەوەوە، مرۆڤ تەنها دەتوانێ ئەم جۆرە دێڕانە بنوسێت:(سورپێستەکان بەئەندازەی سپی پێستەکان دوژمنی خەڵکن) یاخود بنوسن (تێکۆشەرانی ڕێگای لەناوبردنی سەرمایەداران و خاوەن زەوییەکان، بەهەمان ئەندازەی خاوەن زەوی و سەرمایەکان دوژمنی میللەتن)، بەڵکو دەتوانن چەندە بڕواتان بە میهرەبانی ئاسمان، یاخود باوکتان هەبێت، هەمان بیروباوەڕیشتان سەبارەت بە (تزار)یش هەبێت!.

تێدەگەم و باشیش لێی تێگەیشتووم.

بەڕاستی ئەگەر خۆت لە ژینگەی ڕووناکبیرانی بۆرژوازی نەهێنییە دەرەوە،



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

خۆت دەخەیە ژێر گڵەوە.

لە ناخی دڵمەوە هیوادارم هەرچی زووتر دەست بەم کارەت بکەی.

هیوای وەدیهاتنی ئاواتەکانت بۆ دەخوازم.

**لینین**

**15ی ئەیلولی 1919ز**

**تێبینی**: خاڵێکی زۆر سەرنجڕاکێش ئەو ساتە بوو کە چەند مانگێک دوای ئەم مێژووە، ماکسیم گۆرکی لە وتارێکدا ستایشی لینینی کرد و ئەوی بە (چاکەخوازترین مرۆڤ) ناوبرد کە (جیهان تا ئەمڕۆ بەخۆیەوە دیویەتی) و نوسیبووی:»لینین، کەسایەتییەکی ڕاستەقینەیە کە وردە وردە بۆتە بوونەوەرێکی ئەفسانەیی».

لینینیش کە دوژمنی تاکپەرستی بوو، دوای بینینی ئەم نوسینە کە وەک سەروتار لە ژمارە (12)ی گۆڤاری (ئینتەرناسیۆنال کۆمۆنیست) بە چاپ گەیەندرا، زۆر توڕە بوو، هەربۆیەشە ئەم پێشنیازەی ڕادەستی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی کرد:پێشنیاز دەکەم بۆ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی تا ئیمزای ئەم داخوازییەم بکەن:

مەکتەبی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی حیزب، بڵاوکردنەوەی وتارەکەی ماکسیم گۆرگی لە ژمارە (12)ی گۆڤاری (ئینتەرناسیۆنال کۆمۆنیست) و بەتایبەت سەروتارەکەی بەکارێکی نابەجێ دەزانێت، ئەم وتارانە نەک تەنها هەڵگری هیچ پەیامێکی کۆمۆنیزم نییە، بەڵکو خاوەنی کۆمەڵێک خاڵی دژە کۆمۆنیزمیشە. بەهیچ شێوەیەک لە ئایندەدا نابێ ئەو چەشنە وتارانە لە گۆڤاری (ئینتەرناسیۆنال کۆمۆنیست) بڵاوبکرێنەوە.

**لینین**

**(31ی ئەمموزی 1920ز)**

**تێبینی**: ئەم پێشنیازە جگە لە (لینین) هەریەکە لە (ستالین، ترۆتسکی، کرستینسکی و کالنین)یش ئیمزایان لەسەر کردووە.

**سەرچاوە:** مجموعە اثار لنین، جلد 44، ص 283–284.

## ئاین لە روانگەی «لینینەوە»

لە فارسیەوە: مەجید مارابی

ئاین ئلیاکی خەڵکە. ئەم وتە حەکیمانەی مارکس، بڕبڕەی پشتی تێکڕای جیهانبینی مارکسیزم سەبارەت بە ئاین پێکدەهێنێت. مارکسیزم، تەواوی ئاینیەکان و کلێسەکان و دامودەزگا ئاینیەکان بە بەردەوامی وەکوو ئۆرگانە دواکەوتوانەکانی بۆرژوازی – کە دەیەوێت پشتیوانی لە چەوسانەوە بکات و چینی کرێکاری پێ چەواشە بکات لێکدەدانەوە.

تەنها خەباتی چینایەتی جەماوەری کرێکاران – کە بەربڵاوترین توێژی پڕۆلیناریا بە شێوەیەکی هەمەلایەنە بەرەو پراتیکی شۆڕشگێڕانە و وشیارانەی کۆمەڵایەتی دەبات، دەتوانێت جەماوەری زوڵملێکراو و چەوساوە بە شێوەیەکی راستەقینە لە داوی ئاین رزگار بکات.

ئەنگڵس ئایدیای بە رواڵەت شۆڕشگێڕانەی دورینگ – سەبارەت بە قەدەغە کردنی ئاین لە کۆمەڵگەی سوسیالیستیدا بە توندی ئیدانە دەکات. لە روانگەی ئەنگڵسەوە راگەیاندنی وەها جەنگێک لە دژی ئاین بە واتای « لە بیسمارکیش بیسمارکتر بوونە».(بیسمارک یەکەم راوێژکاری حکومەتی ئەڵمانیایە بەکارهێنانی ئەم رەستەیە لە لایەن ئەنگڵسەوە بە مانای توندڕەوی کردنە لە سەر باوەڕێک)

ئەنگڵس داوا لە پارتی کرێکاران دەکات کە ئەو پارتە پێویستە تێبگات کە پشودرێژانە هەوڵی رێکخستن و وشیارکردنەوەی پڕۆلیناریا بدات و پێیوایە ئەو شێوازەش بە شێنەیی ئاین لە ناو دەبات.

سۆسیال دیموکراسی، ئاین لە بەرامبەر دەوڵەتدا بە پرسێکی تاکەکەسی لەقەڵەمدەدات، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لەبەرامبەر خۆی و مارکسیزم و پارتی کرێکاراندا ( ئاین بە پرسێکی تاکەکەسی لەقەڵم نادرێت).

خەبات لە دژی ئاین نابێت بە پڕوپاگەندەی دەرهەست (ئەبستراکیت)-ئایدۆلیژیەوە بەرتەسک بکرێتەوە بەڵکو پێویستە لەگەڵ پراتیکی دیاری کراوی بزوتنەوەیەکی چینایەتی کە ئامانجەکەی لەناوبردنی ریشەکانی ئاینە لێکهەڵپێکردێت.

ئەمڕۆ قوڵترین ریشەکانی ئاین لە ستەمی کۆمەڵایەتی بە سەر جەماوەری

زەحمەتکێش و لاوازیەکانی ئەوان لەبەرامبەر هێزە هاوسار پچڕاوەکانی سەرمایەدا شاراوەتەوە کە هەر سەعات و هەر رۆژ گرفت و بەڵایەکی زۆر خراپتر و بەئازارتر و کوێرەوەریەکی زۆر نامرۆڤانەتر لە هەر رووداوێکی نائاسایی تر وەکوو جەنگ و بومەلەرزە و هتد بەسەر مرۆڤە زەحمەتکێشە ئاساییەکاندا دەسەپێنێت.

« خواوەندەکان بە هۆی ترسەوە دروستبوون»، ترس لە دەسەڵاتی هاوسارپچڕاوی سەرمایە، هاوسار پچڕاو لەبەر ئەوەی کە کردەوەکانی لەلایەن جەماوەری خەڵکەوە پێشبینی ناکرێت و لە هەر هەنگاوێکی ژیاندا هەڕەشەی، بەرەو هەرەسهێنانی لەناکاو و چاوەڕوان نەکراو و هەڵکەوت و سواڵکردن و فەحشا و مەرگ بە هۆی برسیەتیەوە، لە پڕۆلتاریا و خاوەن موڵکە بچووکەکان دەکات و بەراستیش وەها دەکات.

تا کاتێک کە جەماوەری هاڕدراو بە هۆی کاری زۆرەملێی سەرمایەداریەوە، وابەستە بە دەسەڵاتە هاوسارپچڕاوە و روخێنەرەکانی سەرمایەداری بن، تا کاتێک ئەم جەماوەرە خۆیان فێری ئەوە نەبووبێتن کە یەکگرتوو و رێکخراوبن و بە پلانەوە ریشەی ئەم دەسەڵاتەی سەرمایە بە شێوەیەکی وشیارانە لە هەموو شێوازەکانیدا، لەناو ببەن، تا ئەو کاتە هیچ جۆرە ناملیکەیەکی وشیاریدەرانە ناتوانێت ئەو جەماوەرە لەچنگ ئاین رزگار بکات.

بانگەشەی ئائیستی(بێ ئاین) سۆسیال دیمۆکراسی، پێویستە ملکەچی ئەرکە سەرەکیەکەی بێت: واتا پەرەپێدانی خەباتی چینایەتی جەماوەری چەوساوە لە دژی چەوسێنەران.

بانگەشەی تیۆری ئائیست واتا لەناوبردنی باوەڕە ئاینیەکانی توێژە دیارەکانی پڕۆلیتاریا، لە سەرکەوتنی ڕێرەو و دۆخی خەباتی چینایەتی ئەو توێژانە، بە مانای بیرکردنەوەیەکی نادیالکتیکانەیە، بە مانای گۆڕینیەتی لە سنوورێکی رێژەیی و شایانی گۆڕانەوە بۆ سنوورێکی رەها، بە مانای لێکدابڕانی زۆرە ملێیانەی شتێکە کە لەراستیەکی زیندودا، بە شێوەیەکی جیایی هەڵنەگر پەیوەستن بە یەکترەوە. بۆ نمونە: دەیهێنینە بەرچاو کە پڕۆلیتاریای ناوچەیەکی دیاریکراو و بەشێکی پیشەسازی دیاریکراو لێکدادەبڕێن و بە چینێکی پێشکەوتوو لەسۆسیال دیموکراتە وشیارەکان کە لە ناغەوە ئائیستن(دژە ئاینن) – و

توێژێکی کرێکارانی دواکەوتوو کە هێشتا لەگوندەکاندا دەژین و بڕوایان بە خوا هەیە و سەردانی کڵێسا دەکەن و لە ژێرکاریگەری راستەوخۆی زانایانی ئاینی ناوچەکەدان، یەکێتیەکی کرێکاری مەسیحیان دامەزراندبێت. دیسان پێمانوابێت کە خەباتی ئابوری، لەو ناوچەیەدا مانگرتنێکی لێکەوتۆتەوە، لەوەها حاڵەتێکدا، تاکی مارکسیست ئەرکی سەرشانیەتی بزوتنەوە مانگرتوەکە بە گرنگتر لە هەموو شتێک بزانێت. لێبڕاوانە لەدژی دابڕانی ریزەکانی کرێکاران لەو خەباتەدا بوەستێتەوە لەدژی جیابوونەوە خەبات بکات. لەوەها دۆخێکدا پڕوپاگەندەی ئاتئیستی دەتوانێت بە تەواوەتی زیانبەخش و بێ کەڵک بێت، نەک لەگۆشەنیگای تێبینیە کورتبینانەکانی پەیوەندیدار لەگەڵ زاڵکردنی کەشی ترس لەناو توێژە دواکەوتووەکاندا، سەبارەت بە دۆڕاندنی هەڵبژاردن و هتد، بەڵکو لەگۆشە نیگای پێشکەوتنی راستەقینەی خەباتی چینایەتی کە لەهەڵسوکەوتی کۆمەڵگەی مۆدێڕنی سەرمایەداری سەد ئەوەندە، باشتر لە پڕوپاگەندەی رەهای ئاتئیستی، تاکی بڕوابوو بە مەسیحیەت بەرەو سوسیال دیموکراسی رادەکێشێت. خەباتکارێکی بواری بانگەشەی ئاتئیستی، لەوەها بارودۆخێکدا تەنها رێگە خۆشکەر دەبێت بۆ قەشە و زانان ئاینیەکان کە باشترین هیوایەتیان ئەوەیە کرێکاران لەبری ئەوەی کە سەبارەت بە بەشداری کردن لە مانگرتنێکدا رێکەوتن بکەن، لەسەر بڕوابوون بە خواوەند لەیەکتردابڕێن.

تاکێکی ئانارشیست کە ئامۆژکاری جەنگ لەدژی خواوەند بە هەر نرخێک دەکات، لەراستیدا یارمەتیدەری قەشەکان و بۆرژوازی بووە(هەر بەوجۆرەی کە ئەنارشیستەکان لەراستیدا بە بەردەوامی یارمەتیدەری بۆرژوازی بوون).

هەر مارکسیستێک دەبێت ماتریالیست واتا دژی ئاین بێت، بەڵام ماتریالیستێکی دیالکتیک، خەباتی لەدژی ئاین دەرهەست «ئەبستراکت» و بە پێی بانگەشەیەکی دەرهەست و تەواو تیۆری کە بە بەردەوامی یەکسان بێت ئەنجام نادات، بەڵکو بە شێوەی دیاریکراو لەسەر بنەمای خەباتی چینایەتی – و بەوجۆرەی کە لەدنیای راستەقینەدا روودەدات و جەماوەر باشتر و زیاتر

ئامۆژگاری دەکەن - ئەنجام بدات.

مارکسیستێک دەبێ بتوانێت دۆخێکی دیاریکراو لەبەرچاو بگرێت و بە بەردەوامی سنوورەکانی ئەنارشیزم و ئوپۆرتۆنیزم بناسێت ( ئەو سنوورەش، ڕێژەیی، بزوێنەر و گۆڕان هەڵگرە).

**سەرچاوە:**

-کتێبخانەی مارکسیستەکان لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

## ئەخلاق و مرۆڤ لە روانگەی (لینین)ەوە

لە فارسییەوە: ناسر حەقپەرەست

**کورتە باسێک سەبارەت بە کتێبی ئەخلاق و مرۆڤ لە روانگەی ڤلادیمێر ئیلیچ لینین لە نوسینی ئۆلگا ناتانۆڤانا کرونۆڤا**

کتێبەکەی ئۆلگا ناتانۆڤانا کرونۆڤا_ ئەندامی باڵای ئەنستیتۆی فەلسەفەی فەرهەنگستانی یەکێتی سۆڤیەت_ تایبەتە بە شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی بابەتە ئەخلاقییەکان. نوسەر هەمو هەوڵی خۆی داوە، تا وەڵامی گرنگترین بابەتەکانی پەیوەندیدار بە رێوشوێنە ئەخڵاقییەکان بداتەوە: تایبەتمەندی ئەخلاق وەک واتایەکی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی لایەنی چینایەتیی و مرۆییەکان لەودا، رۆڵی ئەخلاق لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لە چالاکی تاک بەجیا و.....هتد.

ئەم کتێبە بەتایبەت بەلایەنی تاوتوێکردنی رەخنەگرانەی کۆمەڵناسی و ئەخلاقی بۆرژوازیی، گرنگییەکی زۆری هەیە. لەم کتێبەدا ئەوە دەخرێتە روو کە چلۆن لە لایەکی کۆمەڵی سەرمایەداریی، گەندەڵی ئەخلاقی ( دزی، لەشفرۆشی و دوورِوویی...) بڵاو دەکرێنەوە و لەلایەکی تریش، تیۆری دارِێژەرانی سەرمایەداریی، کۆمەڵی لێوانلێو لە گەندەڵی خۆیان بە نموونەی کۆمەڵگایەک پێناسە دەکەن، کە گوایە لە «ئازادیی» و «مافی مرۆڤ» بەرگریی دەکات. لە ئاکامدا بیروڕای خەڵکی زۆرلێکراو و ساکار لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو شۆرشانەی کە ئاڵا هەڵگری ئەخلاقی راستەقینەن، دوور دەخەنەوە.

لەو کتێبەدا باس لەوە دەکرێت،کە گشت هەوڵەکانی سەرمایەداری جیهانیی بۆ ئەوەیە، کە لەو رێوشوێنە ئەخلاقیانەی کە بە سێی نەریت جێی پەسەندی جەماوەری خەڵکە، بۆ بەکۆیلە هێشتنەوەیان کەڵک وەرگرێت و بە درێژکردنەوەیان بەر بە راپەرینەکانیان دژ بە بێعەداڵەتی و گەندەڵی زاڵ بەسەر

دونیای سەرمایەداریدا بگرێت.

لەو کتێبەدا باس لە لایەنێک لە راهێنانی تیۆریی لینین دەکرێت، کە هەندێجار بدرێنە بەرباس و تاوتوێکردن_ لەبابەت شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی رێوشوێنە ئەخلاقییەکان لە لایەن ڤلادیمێر ئیلیچ لینین، بەهۆی هۆگریی بە جێگیر کردن و گەشەپێدانی هاوئاهەنگی گشت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سۆشیالیستییەکان، بەهۆی پێویستی رابەرێکی زانستی بە پەروەردەی کۆمۆنیستی و لەئاکامدا بەهۆی تایبەتمەندییەکانی خەباتی ئایدۆلۆژیک لە سەردەمی نوێ، پێویستیی ئەو تاوتوێکردنە بە چەشنێکی جیدی بنەمایی دەبێنەوە.

بەهۆی ئەو گرنگییەی کە میراتی لینین لە زەمینەی ئەخلاق دا بۆ چارەسەری مەسەلە بەرچاوەکانی سەردەمی ئێمە هەیەتی، وە بۆ تێگەیشتن لە رەوتە چەندلایەنە و ئاڵۆزکاوەکانی ژیانی ئەخلاقی ئەمرۆ، تاوتوێکردنی بە شێوەی گشتی و وەک کۆمەڵەیەک لە ئەندێشەکانی پەیوەندیدار بە یەکەوە، هەروەها تاوتوێکردنی تایبەتمەندییەکانی هەڵسوکەوتی لینین لەگەڵ ئەخلاق، وەک لایەنێکی دیاریکراو لە ژیانی کۆمەڵایەتی، دەبێنە خاوەن گرنگی.

نوسراوگەلێک لە لینین دەستدەکەوێت، کە راستەوخۆ لە ئەخلاق دەدوێت. ئەوانە برینین لە: «دۆستانی گەل کێن و چۆن دژ بە سۆشیال دیموکراتەکان خەبات دەکەن؟» وتارەکەی لە کۆنگرەی سێیەمی « یەکێتی کۆمۆنیستی لاوانی روسیا»، بابەتگەلێکی لە یەکەمینساڵەکانی پاش شۆرش ( «داهێنانی گەورە»، «چۆن کێبرکێکە رێکخەین؟»، «لە نابودی سیستمی کۆنەوە بەرەو داهێنانی نوێ»...)

نوسەری ئەم کتێبە لەو بڕوایەدایە کە بۆ شرۆڤەکردنی میراتی لینین لەبابەت رێوشوێنە ئەخلاقییەکان، ناکرێ خۆمان بە هێندێک لە بەرهەمە دیاریکراوەکانیەوە بەرتەسک بکەینەوە کە راستەوخۆ پرژاونەتە سەر بابەتە ئەخلاقییەکان و ژیانی ئەخلاقیی کۆمەڵ.

لە نزیک بە گشت بابەتەکاندا ئەو مەسەلەیە، زەمینەیەکی سەربەخۆ بۆ تاوتوێکردنی لینین نەبووە، بەڵکو وەک لایەنێکی پێویست لە مەسەلە کۆمەڵایەتیی، سیاسی و ئایدۆلۆژیکیەکان گەڵاڵە کراوە. ئەخلاق لە کردەوەی راستەقینەیداو وەک هۆیەک لە پراکتیکی کۆمەڵایەتی، جێگای سەنجی سەرەکی لینین بووە.

لەو وەڵامە گشت لایەنانەی بۆ چارەسەری جۆراوجۆرترین مەسەلە پراکتیکی و تیۆرییەکان داوێتییەوە، ناکرێت روانگە ئەخلاقییەکانی ئەو لەبەرچاو نەگرین.

ئەوە لە تایبەتمەندییەکانی لینینە کە بەر لە هەر شتێک لە روانگەی بۆچوونی گشتیی رەوتی مێژووییەوە، ئەخلاق تاوتوێ دەکات. تیۆریی گشتی کۆمەڵناسی مارکسیزم_ لینینیزم (ماتریالیزمی مێژوویی)، کلیلی شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی ئەو دیاردانەی کە پەیوەندی بە بواری ئەخلاقەوە هەیە، بەدەستەوە دەدات. ئەوە سروشتییە کە تێگەیشتن لە مێتۆدۆلۆژی لینین، بەبێ لەبەرچاو نەگرتنی بەشی ئەو لە گەشەپێدانی مارکسیزم، بەتایبەت ماتریالیزمی مێژوویی، مومکین نییە. ئەو شتانەی لینین لەبابەت پێکهاتی چینە کۆمەڵایەتییەکان، خەباتی چینایەتی، رۆڵی هۆکاری زەینی لە مێژوو، تیۆری شۆرشی کلتوری و ... هتد، باسی لێکردوون، دەکرێ جێی سەرنجی ئێمە بن.

لینین وێرای شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی ئەخلاق، بەتایبەت هۆگری خۆی بە دوو زەمینەی پەیوەندیدار بە یەک دەردەبڕێت. یەک لەوان بریتییە لە هۆشیاریی ئەخلاقی، وەک بەشێکی چالاکی رەوتی مێژووی و وەک لایەنی هۆکاری زەینی. سەرنجدان بە رۆڵی ئەخلاق لە کۆمەڵدا لە لایەن لینین، لە شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی یاسامەندیی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی هەر دەورەیەکدا بە روونی بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئەو سەرنج پێدانە تایبەتن لەو نوسراوانەی لینیندا زەق دەبنەوە، کە تایبەتن بە تاوتوێکردنی دەورگەلێک لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، کە لەواندا رۆڵی هۆکاری زەینی بەرچاوە.

زەمینەی دووهەم لە شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی بواری ئەخلاق بەلای لینینەوە، بریتییە لە تاوتوێکردنی «هەستی» ئەخلاق لە کۆمەڵدا، واتە رەوتی شکڵگرتن، جێگیربوون و گەشەکردنی ئەخلاق وەک ژینگەیەکی تەواون جیدین لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. ئەم زەمینەیە، بەتایبەت لەو نوسراوانەدا کە پرژاوەتە سەر شرۆڤەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی ئاڵوگۆری شۆڕشگێرانەی سەرمایەداری بەرەو سۆشیالیزم و یاسامەندییەکانی پەیوەندییدار بە شکڵگرتنی پراکتیکی ئەخلاقی کۆمەڵی نوێ، جێگەو شوێنێکی بەرچاوی بۆ تەرخان کراوە.

هێڵی سەرەکی مێتۆدۆلۆژی لینینی لەوەدایە کە تایبەتمەندی ئاڵۆز،

چەندلایەنە و ناکۆکی ئەخلاق بە هەژمار بێنێت. لینین دژ بە هەر چەشنە ساکار تێفکرین و شێواندنی بابەتەکان بوو: هەر ئەو راستەهێڵەی ئەو وەک تیۆری دارێژ و سیاسەتمەدارێک، لە بۆچوونەکانی ئەو لەبابەت ئەخلاقیش بە روونی بەرچاو دەکەوێت.

کاتێ کە لە داتاکانی لینیندا گەرەکمانە شوێنی رۆڵی ئەخلاق لە بزوتنی کۆمەڵ و بەتایبەت ژیانی ئەخلاقیی کۆمەڵ، هەڵسەنگێنین، ناتوانین ئەو روانگە لینینییە لەبەرچاو نەگرین، کە پێویستە توێژینەوە و رانانی ئەخلاق و رێوشوێنە ئەخلاقییەکان لە پەیوەندییەکی تەواو لەگەڵ چالاکی و کردەوەی مرۆڤدا بە ئەنجام بگەیەنین. ئەم بنەمایە هەنوکەش لە ئەدەبیاتی ئێمەدا بەرادەی پێویست شرۆڤە و شیکردنەوەی بۆ نەکراوە، لەحاڵێکدا هەم بۆ تاوتوێکردن لە زەمینەی ماتریالیزمی مێژوویی و هەمیش بۆ باسکردنی ژینگەی ئەخلاقی، گرنگییەکی یەکجار جیدی هەیە. خوێندنەوەو تاوتوێکردنی مەسەلەی کەسایەتی (شەخسیەت)__ کە یەکێک لە رێگا سەرەکییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵناسی مارکسیستی_لینینیستییە__ تەنیا کاتێک کە لەگەڵ تیۆریی ئەخلاق بە چەشنێکی یەکپارچە و لە پەیوەندییەکی تەواو لەگەڵ ئەودا، لەبەرچاو بگیرێت، دەتوانێت دەستەبەر بکرێت: ناکرێ بەبێ سەنجدان بە فەزای (کەش) ئەخلاقی، ژیانی مرۆڤ و چالاکییەکانی درک بکەیت. لە لایەکی تریشەوە ئەخلاق بەبێ مرۆڤ وەها بێمانا و ناڕوونە کە وەک « راهێنەری بێ فێرکاری»لێ دێت. تەنیا بە لەبەرچاوگرتنی رۆڵی ئەکتیڤی مرۆڤ__ وەک بابەتی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی_، دەکرێ بە گشت ئالۆزییەکانییەوە رێگە بەرینە ناو فەزای ئەخلاقی. لە سۆنگەی هەر ئەو رۆڵەی مرۆڤەوەیە کە دەتوانین لە دەسکەوتەکانی مارکسیزم_لینینیزم لە زەمینەکانی پەیوەندیدار بە بەهاکان، بەرهەمە مەعنەوییەکان، کلتور، شکڵگرتن و جێگیربوونی هۆشیاری تاکەکەسی، بۆ شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی ئەخلاق بەهرەمەند بین. وێرای ئەوەش لەو رێگەیەدا مەسەلەگەلێکی نوێ بدۆزینەوە کە بەنۆبەی خۆیان پێویستیان بە تاوتوێکردنێکی زیاتر هەبێت.

لە ئاکامدا بردنە سەرەوەی فەزای ئەخلاقی تا «ئاستی مرۆڤ» رێڕەوێکی زانستیی دەکاتەوە، تا نەکرێ پێشنیارگەلێکی مەنتیقی و ورد لە بابەت پەروەردەی

کۆمۆنیستی، دەستەبەر بێت. ئاوتوێ کردنی میراتی لینین لەو بارەیەوە بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ ئەندێشەی نەیارانی ئێمەش دا کە لینینیزم بە «پشت گوێ خستنی مرۆڤ» تۆمەتبار دەکەن، پێویستە.

گومان لەوەدا نییە هەنوکە پێویستە گەلێک هەوڵ بدرێت تا بکرێ بە چەشنێکی قوڵ و گشت لایەنە، رێگەر ببرێنە ناو ئاقیگەی ئەندێشەی لینینی. ئەو مەسەلەیە تەنیا بە هێزی بەکۆمەڵی ژمارەیەکی زۆر لە توێژەرەوان دەکرێت لە پانتایی تەواوی خۆیدا چارە بکرێت.

***سەرچاوە:**

-کتاب (اخلاق و انسان از دیدگاه لنین)، نویسندە/ اولگا ئاتانوونا کروتووا، مترجم/ پرویز شهریاری، انتشارات فردوس



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

## لینین و مەسەلەی ژن

لە فارسییەوە : رایان عوسمان

ئـەم دەقــەی خـــوارەوە بەشێکە لـە(( یـادەوەریـیـەکـانـم لـە بـارەی لینینەوە،گفتوگۆیەک لەبارەی مەسەلەی ژنان )) لە نوسینی کلارا زتکین . ئەمەش لەسەر بنەمای وتووێژێکەوە کە لەپایزی 1920 لە نێوان لینین و کلارا زتکین ەوە ئەنجامدرابوو،بەدەستـ هاتـ. ئەم نوسینەمان لە رووی دەقی « ئازادی ژنان– هەندێ لە نوسینەکانی لینین» لە بڵاوکراوەکانی ئەنتەرناسیۆنال بە پۆختەکردنەوە وەرگرتوەتەوە.

«هەروەها بۆمان گرنگە کە خواستەکانی ژنان بخەینەبەر باس .ئەمە لانی کەم نە پرۆژەیەکە،و نەبەرنامەیەکی چاکسازیشە بە مانای « سۆسیال دیموکراتـ « و «ئەنتەرناسیۆنال» .ئەم کارە بەڵگەی ئەوە نیە کە گوایا ئێمە بەو چەشنە بیردەکەینەوە کە بۆرژوایی ودەوڵەتەکەی بۆ هەمیشە و تەنانەتـ ماوەیەکی درێژیش دەمێننەوە.ئەمە هەوڵێک نیە بۆ ئەکتیڤکردنی جڤاتی ژنان لەگەڵ ریفۆرمەکان دا و لادانیان لە شەقامی کێبڕکێی شۆڕشکردن. بەم جۆرە نیە. ئەم کارە بە هیچ شێوەیەک مافێکی ریفۆرمیستی نیە. خواستەکانی ئێمە زنجیرەیەک ئەنجامگیری مەیدانییە لە بەدواداچوونی پێویستیەکانی ژنانی لاواز و بێبەش لەسیستەمی بۆرژوازی، و دژی ئەو ناپەسەندیانەی کە لەم سیستەمەدا دەبێ لە ئەستۆیان بگرێ. بە دەرخستنی ئەمانە ئێمە نیشانی ئەدەین، کە لەبابەتـ پێویستی ژنان و ستەم لەسەریان هۆشیارین. لە پێگەی باڵای پیاوان بە ئاگاین و بەرامبەر هەموو ئەمانە توڕەین بەڵێ توڕەین و خوازیاری لەناوبردنی هەر چەشنە ستەمێکین کە دەکرێتەسەر هەر ژنی کرێکار، خێزانی کرێکار،ژنی جوتیار، یان خێزانی پیاوێکی ئاسایی و تەنانەتـ هەندێ جار ئەو ستەمەش کە دەکرێتە سەر ژنانی چینە دەوڵەمەندەکان . ئەو ماف وهەنگاوە کۆمەڵایەتیانەی کە ئێمە لە کۆمەڵگەی بـۆرژوازیـدا بۆ ژنـان دەمانەوێتـ، بەڵگەی ئەوەیە بـەرژوەنـدی و پێگەیان لەبەرچاودەگرین، هەڵبەتـ نەک لە رۆڵی ریفۆرمیستە شێوێنەرەکانی زەین دا،نا

بە هیچ شێوەیەک، بەڵکو لە رۆڵی ئەو شۆڕشگێرانەی کە ژنان بۆ بەشداریکردنێکی هاوتا و یەکسان لە بیناکردنی ئابووری و سەرخانی ئایدۆلۆژی بانگهێشت ئەکەن» . بە لینینم وت کە منیش هەمان تێگەیشتن و باوەرم هەیە، بەڵام بێگۆمان. لەلایەن خاوەن بیرە ترسنۆک و نادڵنیاکانەوە دژایەتی دەکرێت ئەم بیرکردنەوەیە وەک هەل قۆستنەوە (ئەپۆرتۆنیسم )ێکی گومانکراو رەتدەکەنەوە. دەبێ ئەو خاڵەش لەبەرچاو بگرین کە ئەو خواستانەی کە هەنووکە بۆ ژنان لەبەرچاویان دەگرین، لەوانەیە خراپ لێیان بڕوانرێت و نادروست وەسف بکرێن. لینین بە سەرسورمان و برێک نا رەحەتیەوە وتی» یانی چی» ئەو مەترسیە لەبارەی هەر شتێکە کە دەیلێین، یان دەیکەین بوونی هەیە.ئەگەر رێگە بە خۆمان بدەین کە ترس لەم مەسەلەیە لە ئەنجامدانی کارە باش ودروستەکانەوە دەمانخاتە دواوە، پێویستە برۆینەوە ماڵەوە.نابێت ئێمە دوو دڵ بین ،بەهیچ شێوەیەک نابێت دوودڵ بین. گەر وانەبێت لە بوونی باڵای خۆمان دەچینە دەرەوە. لەبارەی ئێمەوە تەنیا ئەوەی کە چیمان بوێت مەبەست نیە، بەڵکو چۆن بمانەوێت جێگەی بایەخە.من لەو باوەرەدام کە تا ئاستێک ئەمەم روونکردوەتەوە. نابێت ئێمە لە بانگەشەکانی خۆماندا بۆ ژنـان، بێ دروسـت کەین، نا، بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرج، پێویستە هەندێ کات بۆ ئەم خواستانە و هەندێ کاتیش بۆ خواستەکانی تر بجەنگێین و دەبێت هەمیشە هەموو ئەمانە لە لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی پرۆلیتاریا تەبا بن.»هەموو ناکۆکییەکی لەم جۆرە ئێمە لەگەڵ دارودەستەی بۆرژوایی بەڕێز و نۆکەرانی ریفۆرمیست کە بەهەمان ئەندازە بەڕێزن، دەرگیر دەکات.ئەم کارە ئەم دەستەیەی دواوە ناچار دەکات، کە یان لەژێر سەرکردایەتی ئێمەدا بجەنگێت – کە ئەوان نایانەوێت – یان دەمامکی خۆیان فرێ بدەن. ئەم جەنگەیە کە ئێمە لەوان جیا ئەکاتەوەو رووی کۆمۆنیستی ئێمە نیشان دەدات. بەم شێوەیە متمانەی چینی ژنان بەلای ئێمەدا رادەکێشرێ، چینێک کە خۆی وەک بەرهەمهێنراو و لە ژێر کاریگەری پیاواندا دەبینێتەوە، ئەو چینەی کە لە ژێر دەسەڵاتی خاوەن کار وکۆمەڵگەی بۆرژوایی، تانوپۆ وەک ئێکشکاو و کۆیلە سەیری خۆی دەکات. ژنانی کرێکار کە سەرجەم خیانەتیان لێکراوەو پەراوێزخراون، ئێدەگەن کە پێویستە بە شێوەی دەستەجەمعی هاوڕێ لەگەڵ ئێمە بجەنگێن. ئایا

پێویستە بە ئاشکرا ئەمە دەربخەم، یان ئێوە رابسپێرم بە ئاشکرا کردنی ئەوەی کە رووبەرووبوونەوە بۆ بەدەستهێنانی مافی ژنان، دەبێت هاوڕێ لەگەڵ ئامانجە سەرەکییەکانماندا ئەبا بێنەوە. یانی بە بەدەستهێنانی دەسەلاٹ و بەرقەراربوونی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لە ئێستادا، ئەمە بەشێکە لە ئەلف وبێی ئێمە وهەربەهەمان شێوەش دەمێنێتەوە. ئەمە روونـە، بەشێوەیەکی رەها روونـە، بەڵام جڤاتە فراوانەکانی ژنانی کرێکار– ئەگەر ئێمە تەنیا لە رووی ئەم خواستەوە پێداگری بکەین– بەشەوقەوە سەرنجیان بەرەو بەدەستگرتنی هێزی دەوڵەت راناکێشرێت، تەنانەت ئەگەر ئەم خواستەشیان بە بڵندگۆ و زوڕنا جار بدەین و گوێی گەردوونی پێ کەڕ بکەین. نا هەزار جاریش نا! .پێویستە ئێمە لە جیهانبینی ژناندا، ئەم خواستانە لەرووی سیاسیەوە بە ئازار و پێویستی وهیواکانی ژنانی کرێکارەوە پەیوەست بکەینەوە.هەموویان پێویستە بزانن کە دیکتاتۆربوونی پرۆلیتاریا چ مانایەکی بۆ ئەوان هەیە : یەکسانی تەواوی ماف لەگەڵ پیاوان، هەم لەرووی یاسایی وهەم لەرووی کاریشەوە، لەخێزان، دەوڵەت و کۆمەڵگەدا، کە ئەمانە بە مانای گەرەنتی تیاچوونی هێزی بۆرژواییە». من وتم روسیای سۆڤیەت ئەوە دەسەلمێنێت. کە مۆدێلێکی گەورەی ئێمە دەبێت.» لینین درێژەی پێدا:» روسیا خواستەکانی ژنان لە ئاستێکی نوێتردا پێشنیار دەکاتەوە. لەژێر چاودێری پرۆلیتاریادا، ئەم خواستانە چیتر جێگەی مشت ومڕ و شەرکردنی نێوان پرۆلیتاریا وبۆرژوایی نین. ئەم داواکاریانە دوای پراکتیزە بوونیان هۆو پێناوێک دەبن کە لە بیناکردنی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی دا سودیان لێوەردەگیرێت. ئەمە بۆ ژنانی ئەودیو سنورەکانی سۆڤیەت، گرنگی وەرگرتنی دەسەلاٹ لەلایەن پرۆلیتاریاوە دەنوێنێت. دەبێت بەشێوەیەکی لێهاتوانە جیاوازی پێگەی کۆمەڵایەتیان لێرە و لەوێ دەربخەین وبە پاڵپشتی کردنیان بۆ شەڕی چینایەتی شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریا، سەرنجیان رابکێشین.رێکخستنی بزوتنەوەی ژنان لەسەر بنەمای دەرککردنی روونی بنچینە و پایەیەکی رێکخستنی بەهێز، مەسەلەیەکی بنەرەتییە بۆ حیزبی کۆمۆنیست و سەرکەوتنیان. بەشە سەرەکیەکانی (دەوڵەت) ی ئێمە هەنووکە توانای تێگەیشتنی ئەم مەسەلەیان نیە. ئەوان لە بابەت دروستکردنی بزوتنەوەیەکی ژنانەی زەحمەتکێش لەژێر چاودێریەکی کۆمۆنیستانەدا، بە ئارام گرتن و چاوەروانی

راهاتوون، ئەوان ئێناگەن کە گەشەو سەرپەرشتی کردنی بزوتنەوەیەکی لەم چەشنە بەشێکی گرنگی چالاکیەکانی حیزبە، نیوەی تەواوی گشت چالاکیەکانی حیزب پێکدەهێنێت. ئەوەی کە هەندێکات پێویست بوون وگرنگی دامەزراندنی بزوتنەوەیەکی کۆمۆنیستی ئامانجدار، بەهێز و فروان بە رەسمی دەناسێنن، زیاتر رەهەندێکی نەریتی ئەفلاتونییان هەیە، تا سەرقاڵبوونی خەمخۆرانە و ئەرکی حیزبی». «ئەم دامەزراوانە بانگەشەو چالاکی لە نێوان ژنان و وەزیفەی بە شۆڕشگێرکردنیان وەک ئەرکێکی زۆر بایەخدار و وەزیفەیەک بە تەنیا بۆ ژنانی کۆمۆنیست دەزانن. و ئەگەر ئەم کارە بەشێوەی باش ناچێتە پێشەوە، تەنیا ژنانی کۆمۆنیست بەوە دەزانن کە سەرزەنشتیان بکەن. ئەمە هەڵەیە، لەبنەڕەتیشدا هەڵە! ئەمە جیاکردنەوەیەکی شەرمنانەیە. ئەمە یەکسانکردنەوەیەکی ئاوەژووە. بنچینەی مامەڵەکردنی نادروستانەی هەموو بەشەکانمان چییە؟ (من لەبارەی روسیای سۆڤیەتەوە قسە ناکەم ) . لەدەرەنجامی کۆتاییدا ئەمە بێبایەخکردنی ژنان و دەسکەوتەکانیانە. دروست هەر ئەمەیە. بەداخەوە هێشتا لەبارەی وەسفی زۆرێک لە هاورێکانمانەوە دەتوانرێت بوترێ کە، کۆمۆنیست لەکەداربکە تا وەک نەزانێک دەرکەوێ« بۆ دڵنیابوون پێویستە هاوشێوەی بیرکردنەوەی ئەوان خاڵە گرنگەکان لەبارەی بیرکردنەوە لە ژنانەوە لەکەدار بکەین. بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە چ شتێک ئەوەندی ئەو دیمەنە دووبارەیەی رۆژانە، شایەتە کە خەڵک بە خەیاڵی ئاسودەوە خەریکی تەماشاکردنی ئەو ژنانەن، کە کاری قورس و بەردەوامی ماڵەوە، توانا و کاتیان دەکوژێت، ماندویان دەکات، رۆحیان پەژموردەو زەینیان خاودەکاتەوە، دڵیان لاواز و ئیرادەیان سستدەکات. پێویست بە وتن نیە کە مەبەستی من لەو خانمە بۆرژوایانە نیە کە سەرجەم کاری ماڵەوە و چاودێریکردنی منداڵەکانیان دەخەنە سەرشانی خزمەتکارەکان. باسی من لەبارەی زۆربەی ئەو ژنانەوەیە کە خێزانی کرێکارانیش دەگرێتەوە. تەنانەت ئەگەر رۆژیان لە کارگەدا بەسەربردبێ و کرێش وەربگرن». « برێکی کەم لە پیاوان، تەنانەت لە ناو پرۆلیتاریاشدا هەن کە بەیارمەتی خێزانەکانیان لەم ((کارە ژنانە)) یە دا لەبیری کەمکردنەوەی باری رەنج و نیگەرانیەکانیان دابن، یان بیانەوێ بەتەواوی لەم زەحمەتە رزگاریان بکەن.نەخێر،ئەمە جیاوازی «ئیمتیاز و پێگەی مێرد» ە،

مێردێک که بەشوێن ئارامی وئاسودەییەوە. ژن لە ژیانی خێزانی خۆی دا رۆژانە لەگەڵ هەزاران کاری ناچیزە دا قوربانی ئەدا.مافی مێژینەی مێرد و کەسو کاری بەسەر ژنەوە تا هەنووکەش بێ پێداچوونەوە ماوەتەوە. بەشێوەی بەرچاو کۆیلەش لە سەردار تۆڵە دەکاتەوە . ئەم تۆڵەکردنەوەیە شێوەی نەبینراویشی هەیە... من لە ژیانی کرێکاران بە ئاگام. ئەم ئاگاییە تەنیا بەهۆی کتێبەکانەوە نیە، چالاکی کۆمۆنیستی ئێمە لە نێوان چینی ژنان و کاری سیاسیمان بەشێوەیەکی گشتی پەروەردەکردنی پیاوانیش بە رێژەیەکی باش دەگرێتەوە. ئێمە دەبێت دیدگای کۆیلانە لەناو حیزب و لە چینەکانیش ریشەکێش بکەین. ئەمە یەکێکە لە وەزیفە سیاسیەکانمان. ئەم وەزیفەیە بەشێوەیەک خێراو پێویستە بە پێکهێنانی دەزگایەک لە هاوڕێیانی پیاو وژن کە لەرووی تیۆری و کردەییەوە باش پەروەردە کرابن و کاری حیزبی لە نێوان ژنانی کرێکار بەرەوپێشەوە بەرن لینین بەو پرسیارەی من لەبارەی هەلومەرجی پێشووی روسیای سۆڤیەتەوە بەم شێوەیە وەڵامیدایەوە:» حکومەتی دیکیاتۆری پرۆلیتاریا - و بەهاورێیەتی حیزبی کۆمۆنیست ویەکیەتیە کرێکارییەکان- هەمو هەوڵێک دەخەنە گەر بۆ ئەوەی بەسەر دیدگا کۆنەخوازەکانی ژنان و پیاوان سەربکەون و رۆحیەتە دواکەوتوو و ناکۆمۆنیستییەکان ریشەکێش بکەن. پێویست بە ئاماژە پێدان ناکات، کە ژنان وپیاوان لە هەمبەر یاسادا یەکسانن. ئێمە لەهەموو بوارەکاندا بە روونی ئەم خواستە راستگۆیانەیە بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەم یەکسانی یە هەستپێدەکەین. ئێمە بەگرنگییەوە لە بەشداری ژنان لە چالاکی ئابووری و بەڕێوبەرێتی و یاسادانان و دەوڵەت دەروانین. هەموو بوارەکان و دام ودەزگا فێرکارییەکان بەرەو رووی ژنان کراوەیە. ئابتوانن لە رووی پسپۆریی و کۆمەڵایەتییەوە باشتر پەروەردە بکرێن. ئێمە خەریکی بیناکردنەوەی چێشتخانەکان و شوێنی خواردن و جل شتنی خێزانەکان و، شوێنە نۆژەنکراوە گشتییەکان داین. هەنووکە شوێنی پەروەردەی منالان، دایەنگاکان و خانەی منالان و دەزگا پەروەردەییە جۆراوجۆرەکان بنیاد دەنێین. بە دەربرینێک دەمانەوێت دڵسۆزانە بەرنامەکانی خۆمان دادەرێژین، تاوەکو وەزیفەی ماڵداری و پەروەردە لە ئەستۆی خێزانەوە بچێتە دەرەوە و ببێتە ئەرکی کۆمەڵگە. بەم شێوەیەیە کە ژن لە پێوەندە کۆنەکانی کۆیلەیی و تەواوی ئەو وابەستەبوونانەی



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

کە بۆ مێردەکەی هەیەتی،دەچێتە دەرەوە. دەتوانێ توانا و مەیلەکانی خۆی بەتەواوی لە کۆمەڵگەدا گەشەپێبداتْ. منداڵان سەبارەتْ بە ژینگەی خێزانی، هۆوپێناوی باشتریان بۆ گەشەکردن دەبێتْ. ئێمە پێشکەوتووترین یاسای کارمان تایبەتْ بە ژنان لە جیهان هەیەو ئەم یاسایە لەلایەن نوێنەرە رەسمیەکانی رێکخراوە کرێکارییەکانەوە جێبەجێ دەکرێن. ئیستا لە هەوڵی دروستکردنی شوێنی لەدایک بوون و خانەی دایکان- منداڵان و سەنتەری تەندروستی دایکان و، کۆرسی فێرکاری لەبارەی چاودێری لە منداڵان و هاوشێوەی ئەمانەداین. ئێمە بۆ یارمەتیدانی ژنانی بێکار و نەدار هەوڵێکمان لەبەردەمدایە»بەتەواوی ئەوە دەزانین کە هەموو ئەمانە لەچاو پێویستی ژنانی کرێکار، هێشتا زۆر کەمن، و بۆ ئازادبوونی راستەقینەی ئەوان زۆری ماوە. لەگەڵ ئەمەشدا، سەبارەتْ بەو هەلومەرجەی کە لە روسیای تزاری و لە ژێر دەستی سەرمایەداری دا هەبوو، هەنگاوی گەورە هەڵگیراوە. زیاد لەوەش، بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی کە هێشتا دەسەڵاتی سەرمایەداری لەئارادیە،پێشکەوتنی گەورە بەرچاو دەکەوێ.ئەمە سەرتاییەکی باشە بە ئاراستەیەکی دروستْ و ئێمە بە بەردەوامی و بەتەواوی تواناوە گەشەی پێئەدەین. ئێوەش لەمە دڵنیا دەکەمەوە، چونکە هەموو رۆژێک روونتر دەبێتەوە کە بێ بەشداری ملیۆنەها ژن،دەرفەتی پێشکەوتنمان لەبەردەمدا نیە.بیری لێبکەنە،ئەمە بۆ ئەو وڵاتەی کە 80% ی دانیشتوانەکەی جوتیارن، چ مانایەکی هەیە. کشتوکاڵی جوتیاری بچوک، هاورێیەکە لەگەڵ خێزانداری تاکی و فرمانبەرداری ژنان. لەم بارەیەوە ئێوە لە ئێمە باشتر دەبن، ئەگەر پرۆلیتاریاکەتان لەوە تێبگاتْ کە لە رووی مێژووییەوە سەردەمی بەدەستهێنانی دەسەڵاتْ بۆ شۆڕشکردن هاتوەتە پێش. لەگەڵ ئەوەش دا، بەهەموو کێشەکانەوە، بە نائومیدیەوە هەنگاو هەڵناگرین. بە گەورەبوونی کێشەکان ئەنگیزەکانیشمان گەورە دەبن، هەروەها پێویستی زانستی، بە دۆزینەوەی رێگای نوێ بۆ ئازادبوونی بزوتنەوەی ژنان ناچارمان دەکاتْ. مەبەستم هاوبەندی هاوڕێیانەی کۆمۆنیستییە و نەک هاوبەندی بۆرژوایی کە ریفۆرمیستەکان ئاراستەی دەکەن، ئەوانەی کە گوڕی شۆڕشگێرانەی خۆیان وەک بۆنی سرکە بە ئاسانی لەدەستْ داوە.هاوبەندی شۆڕشگێرانە پێویستە هاورێ بێتْ لەگەڵ داهێنانە کەسیەکاندا. تا ئەم داهێنانانە

بنە چالاکی کۆمەڵ و ئاوێنەی بن. لەژێر سێبەری دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا، ئازادی ژنان لە رێگەی باش بوونی کۆمۆنیسمەوە، لە گوندەکانیش پێشدەکەوێ. لەم رووەوە لە میکانیزەکردنی پیشەسازی و کشت وکاڵ چاوەروانیەکی زۆرم هەیە. ئەمە پێشنیارێکی گرنگە! کێشەکانی ئەم رێگایە گەورەن، بە شێوەیەکی سەیر گەورە. بۆ سەرکەوتن بەسەر گرفتەکاندا پێویستە هێزە دەسەڵاتدارە شاراوەکان لە چینەکانی ژنان دا رەها بن، پێویستە ئەوان رابهێنرێن . دەبێت ملیۆنەها ژن لەم کارەدا بەشداری بکەن» .

لە دەخولەکی کۆتایی دا، کەسێک دو سێ جار لەدەرگایدا، بەڵام لینین درێژەی بە قسەکردنەکەی دا .دواتر کە ویستی دەرگاکە بکاتەوە هاواریکرد « واهاتم « ! دواتر بە پێکەنینەوە روویکردە من و بەم شێوەیە وتی:

« دەزانی کلارا، دەمەوێ لەم راستیە کە لەگەڵ ژنێک وتووێژم کرد،سود وەربگرم و زیاد قسەکردنی ژنانە وەک بیانوویەکی درەنگ کردن دەربخەم. هەرچەند ئەمجارە پیاو بوو کە زیاتر قسەی دەکرد نەک ژن. بەگشتی پێویستە بوترێ کە تۆ گوێگرێکی تەواو باش بووی، رەنگە ئەمە بوو کە منی هاندا ئەم هەمووە قسەیە بکەم «. لینین بەم سوعبەتکردنە لە لەبەرکردنی پاڵتۆکەم دا یارمەتی دام. « پێویستە تۆ لەم جلانە گەرمتر لەبەر بکەی، مۆسکۆ شتۆتگارت نیە. پێویستت بە چاودێریکردن دەبێت،سەرمات نەبێ .خوات لەگەڵ». و توند دەستی گوشیم.

**سەرچاوە:**

http://www. sarbedaran. org/rim/jbf/j24zanlenin. htm

## لینین، ئەو سەرکردەیەی نیوەی جیهانی گۆڕی و نەخشەکەی بەرەنگی سوور کێشایەوە

ئا/ لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود

لینین بە یەکێک لەسەرکردە سیاسی و بیریارە شۆڕشگێڕەکانی سەدەی بیست دادەنرێت و ئەندازیاری سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917ی رووسیایە، هەروەها لینین یەکەم سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت بوو دوای سەرکەوتنی شۆڕشی سوور.

### لینین کێیە؟

لینین ناوی تەواوی بریتییە لە ( ڤلادیمێر ئیلیچ ئولیانۆف )، لە ناوچەی ( سمبیرسک) لە خێزانێکی خوێندەوار لە 1870/4/22 لە دایک بووە. قۆناغەکانی خوێندن بە سەرکەوتووی دەبڕێت تا دەگاتە زانکۆ و دەست دەکات بە خوێندنی یاسا. لە ماوەی خوێندنی لە زانکۆ گۆڕانکاری رادیکاڵی بەسەر بیرکردنەوەیدا دێت و دەبێتە هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی و هاوکات زۆرکاریگەر دەبێت بە برا گەورەکەی ( ئەلێکساندەر) کە ئەندامی یەکێک لە گرووپە شۆڕشگێڕەکان دەبێت.

بەهۆی بیروڕا سیاسیەکانییەوە لە زانکۆ دوور دەخرێتەوە، بەڵام لە ساڵی 1891دەتوانێت وەک خوێندکارێکی دەرەکی بەشی یاسا تەواو بکات. پاش تەواوکردنی یاسا دەچێتە شاری سانت پترسبێرگ و لەوی خۆی تەرخاندەکات بۆ کاروباری شۆڕشگێڕانە و دەبێتە کەسێکی دیار. وەک زۆربەی هاوڕێکانی دەگیرێت و نەفی دەکرێت بۆ سیبیریا، لەوێ لەگەڵ (نادیچدا کروبسکایا- Nadezhda Krupskaya) ئاشنایەتی پەیدا دەکات و سەرئەنجام دەبنە هاوسەری یەکتری.

دوای تەواوبوونی ماوەی نەفیەکەی لە سیبیریا، بەشێکی زۆر لە ژیانی لە ئەورووپای خۆرئاوا بەسەر دەبات و بە تەواوەتی تێکەڵی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی جیهانی دەبێت و دەبێتە رابەری گرووپی بەلشەفییەکان لە پارتی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی رووسیا.

ساڵی 1917 ئەو کاتەی رووسیا بەهۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوە تەواو

ماندوو بوو بوو، لەو کاتەدا رووسیا زۆر پێویستی بە گۆڕان دەبێت، هەر بۆیە لینین دەگەڕێتەوە بۆ رووسیا و دەستدەکات بە کارکردن دژی حکومەتی کاتی ئەوکاتەی رووسیا. سەرئەنجام نارەزایەتی و پلانی شیوعییەکان بەسەرکردایەتی لینین سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت بەسەر دەسەڵاتی قەیسەردا . شۆڕش و گۆڕانکاریەکانی ئەوکاتەی رووسیا بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ناسراوە.

ئەوەی جیگەی داخە شۆڕشی ئۆکتۆبەر شەڕی ناوخۆی بەدوادا هات و جەنگ و برسێتی لە رووسیادا بڵاوبوەوە، لەو نێوەندەدا بەلشەفییەکان توانیان سەرکەوتن بەسەر نەیارەکانیاندا مسۆگەر بکەن و زۆر بێڕەحمانە لە ناویان ببەن و سەرئەنجام بەلشەفییەکان بە تەواوەتی دەسەڵاتی رووسیایان کۆنترۆڵ کرد.

ساڵی 1918 لینین لە هەوڵێکی تیرۆرکردن رزگاری دەبێت، بەڵام هەوڵەکە بووە هۆی بریندار کردنی و ئەو رووداوە نامردنیشی کاریگەری لەسەر تەندروستی دەبێت. لە دوا ساڵەکانی کۆتایی ژیانیدا لینین ترسی ئەوەی هەبوو سۆڤیەت بەرەو بیرۆکراسیەتی لەرادەبەدەر هەنگاوبنێت و هاوکات نیگەرانیش بوو لە فراوان بوون و گەشەکردنی دەسەڵاتەکانی (جۆزیف ستالین)ی جێگرەوەی. لینین لە رۆژی 1924/1/21 کۆچی دوای دەکات و لەوکاتەوە تەرمەکەی لە یەکێک لە مۆزەخانەکانی گۆڕەپانی سوور پارێزراوە.

### هەنگاوە کاریگەرەکانی لینین لە ماوەی دەسەڵاتداریدا

لەگەڵ ئەوەشدا کە لینین سەرکردەیەکی دڵرەق و تاکڕەو بووە، بەڵام لە هەمانکاتدا کەسێکی کرداری (پراکتیکی) بوو هەر لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و وەرگرتنی دەسەڵات کۆمەڵێک هەنگاوی هاویشت کە دەکرێت وەک هەنگاوی سەرکەوتوو سەیربکرێن لە کەسایەتی رابەرایەتی لینین. ئەو هەنگاوانەش بریتین لە:

### کشانەوە لە جەنگی جیهانی یەکەم:

دەست بەجێ لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵات لە روسیا، لینین فەرمان دەکات بۆ کشانەوەی رووسیا لەبەرەی خۆرهەڵات و راگرتنی هەمووجۆرە هەڵوێستێکی

دوژمنکارانە لەلایەن رووسیاوە. تا ئەو کاتە رووسیا بەرابەرایەتی قەیسەر بەردەوام لە دۆڕاندابوو، هەروەها نزیکە 8 ملیۆن سەربازی رووسیش ژیانی خۆیان لەدەستدابوو و بوو، بوونە قوربانی سیاسەتە چەوتەکانی قەیسەر، ئەمە سەرەڕای بەفیڕۆچوونی داهاتەکانی ئەو وڵاتە لەو پێناوەدا.

بەهۆی رێککەوتن لەگەڵ ئەڵمانیا، لینین بڕیاریدا هەندێک ناوچەی دەوڵەمەندی رووسیا بداتە ئەڵمانیا و پاشەکشە بکات لە بەرەی خۆرهەڵاتی جەنگی جیهانی یەکەم. راستە لەم رێککەوتنەدا رووسیا هەندێک ناوچەی لەدەستدا، بەڵام لینین توانی کۆتایی بهێنێت بە لەناوچوونی زیاتری سەرچاوە مرۆییەکانی ئەو وڵاتە کە هاوڵاتیانی رووسیا گیرۆدەی بوو بوون.

**کۆتایی هێنان بە سیستەمی دەرەبەگایەتی:**

دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە رووسیا لینین فەرمانیدا سیستەمی دەرەبەگایەتی هەڵبوەشێنرێتەوە و رایگەیاند چیتر ئەو سیستەمە گونجاو نیە بۆ رووسیا. لە بەرامبەردا دەوڵەت دەستیگرت بەسەر خاک و کرێکاراندا. ئەم هەنگاوەی لینین بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کرێکار و جوتیار رزگاریان ببێت لە دانی باج و خەراج بە دەرەبەگەکان و داهاتێکی زیاتریان دەستدەکەوت بۆ خۆیان و خێزانەکانیان.

**سیاسەتی نوێی ئابووری:**

لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لە رووسیا، لینین سیاسەتێکی ئابوری راگەیاند بەناوی « جەنگی کۆمۆنیزم» لەم سیاسەتەدا لینین سەرجەم ماڵ و موڵکی تایبەتی خۆماڵی کرد و کردنی بە موڵکی دەوڵەت. ئەم سیاسەتە بووە هۆی ئەوەی ملیۆنان هاوڵاتی سۆڤیەت زەرەرمەندبن بۆیە لینین بڕیاریدا سیاسەتێکی نوێی ئابوری پەیڕەو بکات بەناوی ( سیاسەتی نوێی ئابووری). ئەم سیاسەتە دەرئەنجامی ئەو فشارە کۆمەڵایەتیانە بوو کە بەهۆی سیاسەتی خۆماڵیکردنەوەکەوە هاووڵاتیانی زەرەر مەند کرد بوو. لەو سیاسەتە نوێیەدا بوار بەهاووڵاتیان درا ببنە خاوەنی موڵک و بازرگانی تایبەت، بەڵام به شێوەیەکی سنوردار.



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

**پەرورەدە:**

لە کۆمەڵگەی سۆڤیەتدا بەرابەرایەتی لینین، پــەروەردە لەسەرجەم ئاستەکاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان گەشەی کرد. پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر ملیۆنان هاووڵاتی و جووتیاری رووسی تەواوی ژیانیان بەسەر دەبرد بەبێ ئەوەی بتوانن بخوێننەوە و بنوسن، بەڵام لەسەردەمی لینیندا دەوڵەت هاووڵاتیانی ناچارکرد، بەتاییەتی منداڵان، بەشێوەیەکە ئیلزامی بخوێنن و بنەما سەرە کییەکانی پەروەردە و خوێندن وەربگرن.

**لینین و بۆچوونی دەربارەی ئاین**

بۆچوونی لینین دەربارەی ئاین بۆچوونێکی ئیجابی نەبووە. ئەوپێیوایە ئاین جۆرێکە لەو فشارە دەروونیانەی کە کاریگەری لەسەر چینی غەدرلێکراوان هەیە لە پێناو کارکردن بۆ ئەوانی دی. لینین دەنووسێت: لاوازی چینی دەستەمۆکراو لە ململانێکانیدا لەگەڵ ستەمکاران، بەحەتمی دەبێتە هۆی دروست بوونی ئەو بیروباوەڕەی کە ژیانێکی باشتر لەدوای مردن هەیە، هەروەک چۆن مرۆڤی سەرەتایی لاوازبووە بەرامبەر سروشت و باوەڕی هێناوە بە خوداکان و شەیتانەکان و موعجیزەکان.

هەروەها لینین دەنووسێت: ئاین خەڵکی فێری تەسلم بوون و ئارام گرتن دەکات لەم دنیایەدا بەمەبەستی بەدەستهێنانی باشتر لە ئاسمانەوە... ئاین هۆشبەری گەلانە، جۆرێکە لەشەرابی روحی، کە قەناعەت بە کۆیلەکانی سەرمایەداری دەکات، قوربانی بدەن بە مرۆڤایەتی و هیواکانیان لە پێناو بوونێکی باشتر.

**کەسایەتی لینین**

بەدەر لەو وەسفە سیاسیانەی دەربارەی لینین نووسراون و بەکەسێکی توندو تاکرەو باسیان کردووە، بەڵام لەسەر ئاستی کەسایەتی و شەخسی بەباشی باسی لینین کراوە. زۆربەی ئەوانەی لەگەڵی ژیاون، یاخود لەبەرهەرهۆکارێک بوویێت ئەویان ناسیووە، لینین بەکەسێکی سادە و بێ فیز وەسفدەکەن.

(بیرتراد رەسێڵ– Bertrand Russell ) یەکێک لەوانەی چەندین گفتوگۆی لەگەڵ لینین ئەنجامداوە نووسیویەتی: لینین کەسێکی دۆستانە و سادە بووە، هیچ

جۆرە لەخۆبای بوونێکی نەبووە. ئەگەر کەسێک ئەوەی نەناسیایە، ئەوا هەرگیز بڕوای نەدەکرد کە ئەو چ کەسێکی خاوەن دەسەڵات و پلەوپایەیە لەو وڵاتەدا. هەرگیز کەسی ئاوا سادەم لە ژیانمدا نەبینیوە.

لینین حەزی لە منداڵ و پشیلە و سواربوونی پاسکیل و وێنەگرتن هەبووە، هەروەها حەزی لە خلیسکانێی سەر سەهۆڵ و سەرکەوتن بەسەر چیاکان و راوکردن هەبووە. تەواوی ژیانی لینین لە کتێبی ( یادگارییەکانی لینین – Memories of Lenin ) کە لە لایەن خێزانەکەیەوە نوسراوە بە درێژی باسکراوە.

**سەرچاوەکان:**

1–http://www.bbc.co.uk/history/historic_figures/lenin_vladimir.shtml

2–http://www.ehow.com/info_8587465_positive–effects–lenins–leadership

3–http://en.wikipedia.org/wiki/Vladimir_Lenin

4–لینین، الحقیقة والاسطورة. د.الحسینی الحسینی معدی.دار الکتاب العربي: 2010

## لینین ..شۆڕش و رابەرایەتیکردن

عادل کەریم

لەعەرەبیەوە: هێمن مەحمود

(ڤلادیمێر ئالیینش ئۆلیانۆف) ناسراو بە (لینین) و کە بەروسی بە ( Владимир Ильич Ульянов) ناوەبرێت لە 22ی ئەپریلی 1870 لەدایکبووەو لە 21 یەنایەری ساڵی 1924 دا مردووە.

شۆڕشگێڕێکی رووسی بووە، سەرکردەی حزبی بەلشەفی و شۆڕشی بەلشەفی بووە، دژ بە ئیمپراتۆرییەتی روسی لەسەردەمی دەسەڵاتی قەیسەرەکاندا و دامەزرێنەری مەزهەبی سیاسی لینینییە.

لینین بەیەکەم سەرۆکی یەکێـتی سۆڤیەتی پێشوو دادەنرێت، هەر ئەویش دروشمی (زەوی، نان و ئاشتی ) بەرزکردەوە.

لینین لەشاری (سیمبریک)ی روسی کە ئێستا بە (ئۆلیافۆنسک) دەناسرێت لەدایکبووە، باوکی لەکەرتی گشتیدا کاریدەکرد و بـڕوای بە بڵاوبونەوەی دیموکراسی هەبوو لە ئیمپراتۆرییەتی روسیدا.

باپیرەی لینین پێشوتر لە ئاینی جولەکە وازی هێنابوو، ئاینی مەسیحی قبوڵکردبوو، هەربۆیە لینین لەزانکۆ دەستیکرد بەخوێندنی وانەی لاتینی و یۆنانی .لە مایۆی 1887 برایەکی لینین بەهۆی بەشداریکردن لەهەوڵی کوشتنی (ئالیکسەندەر)ی قەیسەری سێهەم، لەسێدارە درا.

مردنی براکەی کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر بۆچونەکانی لینین بە ئاراستەی توندرەوی، هەرئەمەش وەهای لێکرد دەستگیربکرێت و لەزانکۆ دوربخرێـنەوە، ئەویش بەهۆی بەشداریکردنی لەخۆپیشاندانە خوێندکارییەکاندا.

لینین بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەستی کرد بە خوێندن و لە ساڵی 1891 بڕوانامەی پارێزەری بەدەستهێنا.

## ژیانی شۆڕشگێڕانە

لەبری کاری پارێزەری کە مۆڵەتی یاسایی بۆ وەرگرتبوو و ڕێگەیان پێدەدا، لینین روویکردە کاری شۆڕشگێڕانەو لەشاری (سانت پیترسبرگ) دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لە مارکسییەت.

لە 7 دیسەمبەری 1895 بۆ ماوەی ساڵێک دەستگیردەکرێت و بۆ (سیبیریا) دوردەخرێنەوە.

لینین لە یۆلیۆی 1898 (نادیزدا کرۆبسکایا)ی ژنە سۆسیالستی هێنا. لە ئەپریلی 1899 لینین کتێبی (گەشەی سەرمایەداری لە روسیا) بڵاوکردەوە.

لەگەڵ کۆتایهاتنی ماوەی دروخستنەوەکەشی لە سیبیریا لە ساڵی 1900، لینین بە روسیا و بە ئەوروپادا گەشتی کرد و کاری لە دەرکردنی رۆژنامەی( ئیسکرا)ی سۆسیالستی و ئەو کتێبانەدا کرد، کە تایبەتبون بە بواری شۆڕشگێڕی.

پێشوتریش لینین ئەندامێکی چالاکی حزبی کاری ئیشتراکی کۆمەڵایەتی بوو، لەساڵی 1903 بوو بەسەرۆکی حزبی بەلشەفی، و لەساڵی 1906 بوو بەسەرۆکی حزبی کاری ئیشتیراکی کۆمەڵایەتی.

لەساڵی 1907 بەهۆی بارودۆخی ئەمنی خۆیەوە لە وڵاتی (فینلەندا) نیشتەجێ بوو، بەڵام ئەمە کاری نەکردە سەر بەردەوامی کۆبوونەوە ئیشتراکیەکانی لە تەواوی ئەوروپا و بانگەوازکردن بۆ فیکری ئیشتراکی.

دوای روخانی (نیقۆلای دووهەمی) قەیسەری رووسیا، لە 16ی ئەپرێلی 1917 جارێکی دیکە لینین گەڕایەوە روسیاو رۆژنامەی (پراڤدا)ی دەرکرد، کە بۆچونە سیاسییەکانی خۆی تیادا بڵاودەکردەوە دەربارەی چۆنێتی ئیدارەدانی روسیا.

لەدوای شکستی شۆڕشی کرێکاری لە یۆلۆی هەمان ساڵدا، بەناچاری جارێکی دیکە ئاوارەی وڵاتی (فینلەندا)بوویەوە، تاوەکو لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا گەڕایەوەو سەرکردایەتی شۆڕشی کرد لە دژی حکومەتە کاتییەکەی (کیرینسکی). رابەڕ

لینین رووبەرووی مەترسی داگیرکاری ئەڵمانیی بویەوە، هەربۆیە چاری نەبوو جگە لەوەی کە ژەهرەکە بخوات و رازی ببێت بە ئاشتەوایی لەگەڵ

ئەڵمانەکاندا، بەڵام دانوسنکارانی رووس بەگوێی( لینین) یان نەکرد و روسیا روبەرێکی زۆری زەوییەکانی روسیای رۆژئاوایان لەدەستدا.

له 30ئۆگسنۆسی 1918، دوای تەواوبوونی لە یەکێک لەکۆبوونەوەکان و ئەو کاتەی دەیویست سواری ئۆتۆمبیلەکەی بێت، (ڤانیا کابلین) بانگیکرد و کاتێک لینین لای کردەوەو سەیریکرد، ڤانیا سێ فیشەکی پێوەنا، کە فیشەکێکیان بەر شانەکانی و فیشەکێکی دیکەی بەر سییەکانی کەوت.

لەترسی ئـەوەی نـەوەک لەرێگا بۆی دانیشتبن، لینین نەرۆشت بۆ نەخۆشخانە، بەڵکو سوربوو لەسەر ئەوەی کە لەماڵەوە چارەسەری بکەن، پزیشکەکانیش لەبەر سەختی شوێنی فیشەکەکان نەیانتوانی دەریانبهێنن، بەڵام دواتر چاک بوویەوە.

بەڵام بڕوا وەهایە هۆکاری تێکچونی تەندروستی لینین لەدواتردا و توشبونی بە جەڵدەی دڵ بەهۆی مانەوەی فیشەکەکانی 30 ئۆگۆستۆسە.

یەکەمین هەوڵی لینینیش بۆ ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیشتیراکی لەرێگای داگیرکردنی پۆلەنداوە بوو، لەکاتێکا لەرابوردودا پۆڵەندە ئۆکرانیای داگیرکردبوو.

لینین لەخەیاڵیدا هەوڵیدەدا بەهاوکاری سوپای سور و بەداگیرکردنی پۆڵەندا لە ساڵی 1920 شۆڕشەکەی هەناردەی ئەوروپای رۆژئاوا بکات، بەتایبەتی بۆ فەرەنسا و ئەڵمانیا، بەڵام بەهۆی شکستهێنانی لە هەناردنە دەرەوەی شۆڕشەکەیدا بۆ ئەوروپای رۆژئاوا، لینین لە مارسی 1921جەختی لەسەر چاکسازی ناوخۆیی کردەوە، ئەویش بە هاندانی کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی بچوک، بەڵام شۆڕشی کەشتیەوانان لە هەمانمانگدا رێگای لە ئاواتەکانی لینین گرت لە چاکسازی ئابووری ناوخۆیدا.

ئەوەی دەبێت وەبیربهێنینەوە ئەوەیە کە هەوڵدانی تیرۆرکردنەکەو گرفتەکانی ئیدارەدانی دەوڵەت، تەندروستی (لینین)یان تێکدا و لە مایۆی 1922 دا نیوەی جەستەی لەکارکەوت و بەشدارییە سیاسییەکانی کەمکردەوە.

بەهاتنی مانگی دیسەمبەری هەمان ساڵ، جارێکی دیکە جەڵتە لە (لینین) ی دا و ئیدارەی سیاسی بڕیاری دا کە سەرۆک وەدیار نەکەوێت.

لە مارسی 1923 بۆ جاری سێهەم جەڵتە لێیدا و لەسەر جێگا خستی و



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

لەتوانای قسەکردنی کرد. لە24ی یەنایەری 1924 بۆ جاری چوارەم جەڵـتە لە (لینین)ی دا و بەتەواوی پەکی خست.

لەنێو 27 پزیشک لەو پزیشانەی کە سەرپەرشتی چارەسەری (لینین)یان کردبوو، تەنها 8 پزیشکیان ئیمزایان لەسەر راپۆرتی پزیشکی دادوەری کردبوو، کە تیایدا هاتبوو هۆکاری مردنەکەی بەهۆی جەڵتەی خوێنەوە بووە، بەڵام لەدوای روخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە دەرکەوت کە مردنی راستەقینەی لینین، مردنێکی لەسەرخۆ و بە ئازاربووەو بەهۆکاری نەخۆشی (زەهرییە)وە بووە.

**سەرچاوە/**

http://adilcom.maktoobblog.com/292980/%D985%%D986-%
%D987%%D988-%%D984%%D98%A%D986%%D98%A%D986-%
%D89%F/

## دوو نامەی ڤلادیمیر لینین بۆ ئیناسا ئارمان سەبارەت بە»خۆشەویستی ئازاد»

لەعەرەبیەوە :سەلاح سەعید ئەمین

(ئینیس ئارمان) – ی خانمە تێکۆشەری هاوچەرخی فەرەنسا، لەسەرەتایی ساڵی 1915 دا پرۆژەیەک لەچوارچێوەی نامیلکەیەکدا دەخاتە بەردەم لینین،وەک تیانوسێک بۆ ئافرەتەکارکەرەکان و پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو،ئەم نامیلکەیە دەنێرێت بۆ لینین و ئەویش بەدوو نامە وەڵامیدەداتەوە:

نامەی یەکەم: 15 کانونی دووەم 1915

هاوڕێی خۆشەویستم

هیوام وایە زیاتر لەبارەی نامیلکەکەتەوە زانیاری بنێریت،ئەگەرنا زۆر شت بەنادیاریکراوی دەمێنێتەوە،من ئێستا دەمەوێت بۆچونی خۆمت سەبارەت بەهەندێ خاڵی دیاریکراو بۆ دەرببرم،من ئامۆژگاریت دەکەم بەسڕینەوەی بڕگەی سێهەم» داواکاری ئافرەتان بۆخۆشەویستی ئازاد»ئەوە خواستێکی پرۆلیناری نییە، بەڵکو بۆرجوازییانەیە!

مەبەستان چیە لەوە؟ دەبێت ئەوە چ تێگەیشتنێک بدات بەدەستەوە؟

–1 ئازادبوون لە»حساب»ژماردنە مادییەکان( دارایی) لەخۆشەوستیدا؟

–2 ئازادبوون لەخواستە داراییەکان؟

–3ئازادبوون لەبۆچونە ئاینیە پێشوەختەکان؟

–4ئازادبوون لەوازهێنانە»النواهی»باوکسالاریەکان؟

–5ئازادبوون لەبۆچونە پێشتوەختەکانی کۆمەڵگە؟

–6ئازادبوون لەژینگە ریسواکان ( جوتیاری،بۆرجوازی بچوک، رۆشنبیری بۆرجوازییەت )؟

-7ئازادبوون لەکۆسپەکانی یاساو دادگاکان؟
-8ئازادبوون لەخستنەوەی منالٚ؟
-9ئازادبوون لەدەرهاویشنەکانی خۆشەویستی جدیانە؟
-10رێگەدان بە کاری سێکسی؟ هتد

بێگومان من هەندێ خالٚم ژمارد ( نەک هەموویان ) تۆ بەدڵنیاییەوە مەبەستت خالٚی (8 )بۆ( 10) نیە، بەڵکو مەبەستت خاڵەکانی ( 1) بۆ (7) یان نزیک لەو خالٚانەیە.

وەلێ سەبارەت بەخاڵەکانی 1 بۆ 7 پێویستە رشتەیەکی تر دیاری بکرێت، چونکە خۆشەویستی ئازاد گوزارشتێکی ورد نیە بۆ ئەم بایەخپێدانانە.

هــەوادارو خوێنەری نامیلکەکە بەحەتمی لـەبـارەی «خۆشەویستی ئازاد»ەوە شتێک لەخاڵەکانی( 8 ) بۆ (10) تێدەگەن،تەنانەت تۆ ئەگەر ئەوەشت نەوێت، چونکە ئەو چینانەی کەزۆر چەنەبازی دەکەن و ئاژاوەیان هەیە و دیارن لەکۆمەڵگەدا لە»خۆشەویستی ئازاد» لەخاڵەکانی( 8 ) بۆ (10) تێدەگەن، لەبەر ئەوە ئەم خواستە پرۆلیتاری نیەو بۆرجوازییە،بەلٚام سەبارەت بەپرۆلیتاریا گرنگترین خالٚ برێتین لە خالٚی (1 ) و( 2 ) پاشان ( 3 ) بۆ ( 7 )، بەلٚام بەتەنها ئەوە خۆشەویستی ئازاد نیە.....

بەهاورێیانە دەستەکانت دەگوشم

نامەی دووەم:( 24) کانونی دووەم ( 1915)

هاورێی خۆشەویستم

ئەوەی پەیوەندی هەیە بەنامیلکەکەتەوە، هەستدەکەم کە خواستی «خۆشەویستی ئازاد» ورد نییە و وادەردەکەوێت بەچاوپۆشی لەخواست و ویستت لەبارودۆخی ئێستای کۆمەڵگەدا وەک خواستێکی بۆرجوازییە نەک پرۆلیتاری.

تۆ هاودەنگ نیت!

باشە باجارێکی تر مەسەلەکە بپشکنینەوە.

وەک ئارەزوی خۆم لەدیاریکردندا دە تەئویلی مومکینم کرد و تێبینیمکرد کە تەئویلەکانی ( 1 ) بۆ (7 ) بە بۆچونی من نمونەیین بۆ ئەو ئافرەتانی کاردەکەن و تەئویلەکانی ( 8 ) بۆ ( 10) نمونەیین بۆ ئەوانەی بۆرجوازیین،جائەگەر تۆ

ئەمانە رەتدەکەینەوە، پێویستە ئەمانەی خوارەوە بسەلمێنیت:
-1 ئەم تەئویلانە تەئویلی هەڵەن ( ئەو کات پێویستە بگۆڕدرێن بەهی تر یان هەڵەکان وەڵام بدرێنەوە)
-2یان کەموکورتیان هەیە ( ئەو کات پێویستە کامڵبکرێن )
-3یان دابەشنابن بۆ تەئویلاتی پرۆلیتاری و بۆرجوازی.
تۆ شتێکی لەم جۆرەت نەکردوەو لەخاڵەکانی ( 1 ) بۆ ( 7) نارازی نیت،کەواتە ئێوە بەگشتی دانبەوەدا دەنێن کەراستن؟ ئەوەی کە نوسیوتانە لەبارەی داوێنپیسی ئافرەتە کارکەرەکان و شوێنکەوتەکانیانەوە، مەحاڵە بەتەواوی شتێک بڵێن لەگەڵ خاڵەکانی( 1 ) بۆ ( 7 ) بگونجێن، هەرگیز لەمەدا جیازیمان نییە وەک چۆن ئێوە ناتانەوێت بڵێن ئەوە تەئویلێکی پرۆلیتارییە،خاڵەکانی ( 8 ) بۆ ( 10 ) دەمێنێتەوە.
تۆ بەتەواوی لێیان تێنەگەیشتویت،دەڵێن: من تێناگەم چۆن دەکرێت ببنە یەک؟ خۆشەویستی ئازاد؟لەگەڵ خاڵی 10 دا دەردەکەوێت من کردومن بەیەک و تۆش ئامادەیت بۆ روخاندنی من....
ئەمە چۆن دەبێت؟
تۆ بەوازهێنانی تەواوت لەتێڕوانینی بابەتی و چینایەتیەوە دەگوازیتەوە بۆ « هێرش» بۆ سەرمن،من تۆمەتباردەکەیت بەوەی خۆشەویستی ئازادم لەگەڵ خاڵەکانی ( 8) بۆ (10) کردوەتە یەک... ئەمە جوانە... بەراستی جوانە...
« تەنانەت هەوای تێپەڕو پەیوەندی راگوزەر « زیاتر شاعیرێتی یان تێدایە و پاکترن لە «ماچێک بێ خۆشەویستی» نێوان دوو هاوسەر .
ئایا ئەمە نەیاربونێکی لۆژیکیانەیە؟ماچێکی رووتی بێ خۆشەویستی، کە دوو هاوسەر دەیگۆڕنەوە نەرینێکی پیسە؟
باشە، بەچی گوزارشت لەنەیاربوونت دەکەیت؟
لەرووی لۆژیکەوە ماچێکی رووتی بێ خۆشەویستی ( هەرچەند تێپەریش بێت ) نەسازە بەماچێک کەخۆشەویستی لەگەڵ بێت و دوو هاوسەر دەیگۆڕنەوە.
بەراستی نامۆییە!
من نامەوێت بچمە وتوێژەوە، دەمتوانی ئەم نامەیە نەنوسم، بەڵام من

دەمەوێت نامیلکەیەکی باش بێت، ئایا تۆ هاورێیەکی فەرەنسی سۆشیالیستت نیە؟ خاڵەکانی(1 ) بۆ (10) بۆ وەربگێرە لەگەڵ سەرنجەکانت لەسەر خۆشەوستی» راگوزەر» هتد.

دەستت دەگوشم

ئومێدەوارم ئازاری سەرت باش ببێت و زوو چاک ببیتەوە.

الحوار المتمدن - ژمارە 3577 - -15 12 - 2011



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica